


ئەرشاک سافراستیان

# کوردستان و کوردەکان

وەرگێرانی : خالید هەرکی



لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی ئەدەبی نما
زنجیرەی ( 93 )

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی چاپی کتێب
ئیسماعیل کوردە، رێبین رەسوڵ

ناوی کتێبەکە بەعەرەبی: الکردو الکردستان

ناوی کتێب بەکوردی: کوردستانی کوردەکان
نووسەر: ئەرشاک سافرستیان
وەرگێرانی لەعەرەبیەوە: خالد هەرکی
ژانر: مێژوو
دیزایین: نما
بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: **500**
چاپ: چاپخانەی شەهاب
چاپی یەکەم: کوردستان/ هەولێر **2010**

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

**پێشکەشە بە :**

شارەکەم، سەربەن (مەسیف سەلاحەدین) بە رۆلە رەسەنەکانیەوە،
ئەو شارەی لێی هاتومەتە دونیاو چاوم لێی بۆتەوە.



## پێشەکی

کورد و ئەرمەن دوو نەتەوەی دێرین ورەسەنی دراوسێن، دیارە کاتێک دوو ماڵ دەبن بە دراوسێی یەکتر، دەبن بە خاوەنی خاڵی هاوبەش وکێشەی هاوبەشی یەکتر، گەلێک جار بەرژەوەندیەکانی دەرو دراوسێ و ناحەزان بە تێک چوونی پەیوەندیەکانیان بە نارەوا سودمەند دەبن، بۆیە کاتێک دەبینین ئەمە لە سەر ئاستی دراوسێیەتی ماڵ رودەدا کەسانی بێ ویژدان ودور لە رەوشتی مرۆڤایەتی لە پێناو تێکدانی پەیوەندیەکانیان ئاژاوەو دوبەرەکی دەنێنەوە یا تۆمەت وناو و ناتۆرە بە یەکتر هەڵدەبەستن. بەڵام لە کۆتاییدا ئەم پیلان وتەلەکەبازیە ئاشکرا دەبن وکەسی پیلانگێر وئاژاوەچیش رسوا دەبێ.

لەم روانگەیەوە سەیری گەلی کوردو ئەرمەن دەکەین کە بەر لە 5 هەزار ساڵێک ئەوکاتەی ئەرمەنەکان لە ناوچەی بەلکانەوە بەرەو چیاکانی ئەرارات وزاگرۆس کۆچیان کردوە، دراوسێکانی ئەوسایان کە باو و باپیرانی گەلی کوردی ئێستا بون ئەوکات بە گوتی یا کاشو و دواتریش بە میدی ناو دەبردران ئەمان ئەو کات لەو ناوچانە دەژیان وخاوەنی خاک ودەسەڵاتی خۆیان بون ئیتر لەوساوە بون بە دراوسێی یەکتر، بەڵام دواتر بەرژەوەندیەکان وایان سەپاند کە کورد نەبێتە خاوەن دەسەڵات و قەوارەی سیاسی وخاکەکەشی بکەوێتە مەترسیەوە، دراوسێکانیشیان بینە خاوەنی دەوڵەت وخاکی سەربەخۆی خۆیان، هۆکاری ئەم جیاوازیە ئەوەندە کەم نین بتوانین لەم چەند دێرەی پێشەکیی ئەم پەرتوکەدا بخەینە روو، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەدانە بەوتەپکەو و پیلانانەی کە بۆ تێکدانی برایەتی ودۆستایەتیی کوردو ئەرمەن دانراون بۆئەوەی بیان کەن بە دوژمن ودەست بخەنە هەناوی یەکترەوە، لەم پێناوەدا چەندین ئۆپەراسیۆنی درندانە دژی کورد و ئەرمەن ئەنجام دراون وتاوانەکانیشیان خراونەتە پاڵ لایەنی دووەم ، کارە کۆکوژیەکان کە تورکەکان بەسەر ئەرمەن یاندا هێنا ، ئەوسا مەبەستیان بوو کوردی لێی بەرپرسیارکەن بەڵام بۆیان نەچوە سەر، چەندین هەوڵی نەزۆکی تر لەم شێوەیە دران خۆشبەختانە سەرکردەو چینی رۆشەنبیری کورد وئەرمەن توانیی پیلانەکان ئاشکرا بکەن ودۆستایەتی و تەبایی هەردوو گەلەکەش بپارێزن.

بۆیە بە پێویستم زانی ئەم پەرتوکە وەرگێرمە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی خوێنەری کورد ئەوانەی لە خوێندنەوەو نوسینی عەرەبی بێبەشن لەم زانیاریانە دور نەبن کە تیشک دەخاتە سەر دۆستایەتی وبرایەتی ئەم دوو گەلە رەسەنە و پیلانگێرانیش شەرمەزار ورسوا دەکا، وێرای شارەزابون لە دیرۆکی هەردوو گەلی دۆست و دراوسێ و رسوا کردنی هەوڵی رژێم ونەتەوە پەرستەکانی کە بە هەزارەها ساڵ دوای ئەوان هاتن ناوچەکانیان لێ داگیر کردن وهەوڵی وەدەرنانی یەکجارەکی یا سرینەوەی مۆرکی نەتەوایەتیان دان. ئومێد دەخوازم خوێنەری ئازیز بە خوێندنەوەی ئەم پەرتوکە هەست بکا شتێ هاتۆتە ناو هەگبەی



زانیاریەکانی سەبارەت بە دیرۆکی گەلەکەی وهەندێک روداوی پەیوەست بە کوردو ئەرمەنەوە .

لایەنێکی تری ئەرێنیی ئەم پەرتوکە ئەوەیە کە نوسەری ئەم پەرتوکە کورد نیە ! وێرای هەندێک لە کێماسی لە زانیاری لەسەر ناوچە لاوەکیەکانی کوردستان وروداوەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانم بە شاکارەکانی نوسەرانی نا کورد دابنێم ئەوانەی بە کێشەو پرسی کوردەوە خەریک وماندون ،لە کاتێکا خۆیان کورد نین، نمونەی ئەم جۆرە نوسەرانە لە نێو نەتەوەی عەرەبیش بە تاک و تۆک بەدی دەکرێن وئەم دیاردەیە لە نێویاندا سەری هەڵداوە. بۆیە لێرە و لەم بۆنەیەدا بە پێویستی دەزانم بە ناوی خوێنەرو خەم خۆرانی کێشەی کوردەوە سوپاسی نوسەرو هاو بۆچونەکانی بکەم، بۆ ئەو هەوڵ و کۆششەی داویەتی بۆ سەلماندنی راستیەکان و شەرمەزار کردنی ناحەز وداگیرکارانی خاکی میلەتان وهاوکارەکانیان، ئەوانەی بە دڵۆپێک نەوت نابینا دەبن .

خالید هەرکی

2009/11/16

## بەشی یەکەم

## روداوە مێژووییەکانی گەلێکی رەسەن

## 1

### دەتوانین روبەڕوی جیهان ببینەوە !

سوارچاکە هاندراوەکان ئومێدیان وابو نەزانن ترس و تێکشکان چیە، ئومێدەکانیان بەو شێوەیە هانی دابون کە بە خێرایی و بە راکردنەوە لە چیاکان بەسەر کەون و روی چەکەکانیان بە ئەسپایی لە دوژمن بکەن تا تێکیان بشکێنن، ئەوان زۆربە زانایی دەجەنگین تەنانەت ئەوکاتەی لە ژێر پای وڵاخەکانیش خلیسکیان دەبرد، لە نێو کەلێنی قاچەکانیاندا تەقەیان دەکرد، پشتیان بە خواو بە پیاوەکانییان بەستبوو، ئا بەم شێوەیە دەڵێن دەتوانین روبەروی جیهان بینەوە، هیچ نەتەوەیەکیش نیە بۆماوەیەکی دور بەرەنگاریمان بکات .

ئەوەبو کە مستۆی ئەحمەداغا شانازیی پێوە دەکرد، مستۆ ئەحمەد ئاغا یەکێک بو لە سەرکردەی یەکیەتیی هۆزە کوردەکان لە ناوچەی بۆتان، ئەو ناوچەیە کەوتۆتە سەر لێژایی باکوری رۆژهەڵاتی چیای جودی، چیای جودیش یەکێکە لە چیا بەفرینەکانی کوردستان و دەکەوێتە باکوری شاری موسل لە عێراق.

مستۆ ئاغا ( وەکو خۆیان ناوی دەبەن ) لە ئابی 1910 داوای دواخستنی سەفەری لێکردم و لە رەشماڵەکەی خۆی داوەتی کردم، ، مەبەستی ئەوە بوو تا ئەو شەڕە ببینم کە مەزندەی دەکرد لەنێوان ئەوان وهۆزێکی تری دراوسێیاندا لە شەرناخ رو بدا، ئەو مەزندەی وابوئەم شەڕە بەیانی واتە رۆژی دواتر رودەدات ( وا دیارە نیاز بوە مەزندە نەبوە ...وەرگێڕ)، ئا بەم شێوەیە ناکۆکی و دوژمنداریێتی لە نێوانیان دوبارە دەبێتەوە پاش ئەوەی ماوەیەک بو نێوانیان ئارام ببوەوە بەلام ئەوان دەڵێن : خوێن بە خوێن دەڕوا ئەگەر لە تۆڵەی خوێن،



خوێن نەرژێ ئەوا ئابڕو و سەروەریی هۆزە زۆرلێکراوەکە دەڕوات، بۆیە ئابڕوو سەروەری تەنها بە خوێن دەگەڕێتەوە.

لە ساڵی 1910 ئەوکات هەمو عێراق لەنێویشیاندا چیای جودی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابو، بەر لەو بەرواره لەتورکیا حزبی (تورکیای فەتات ) دەسەڵاتی گرتبوە دەست و سوڵتان عبدولحمیدی دووەمیان روخاند کە خاوەنی ناوبانگێکی خەراپ بوو، لەماوەی حوکمی سوڵتان عبدالحمید دا کە 30 ساڵی خایاند سەرۆک هۆزەکوردەکانی لەخۆ نزیک کردبووەوە، مەدالیای سەربازی و تایبەتیی پێ بەخشیبون .

بۆیە ئەوکاتەی لە 1908 سوڵتان عبدالحمیدی دووەمیان روخاند سەرۆک هۆزە کوردەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو و لە حکومەتە تازەکە نارەحەت بوون کە حزبی (تورکیای فەتات ) دایمەزراندبوو، زۆر بە ئاشکرا نارەزایی خۆیان دەردەبڕی، ئەوەبو مستۆ ئاغاش لە چیا سەختەکاندا خۆی حەشار دابو و بە پیاوە دلسۆزەکانی خۆی قایم کردبو و بە چاوێکی سوکەوە سەیری حکومەتەکەی حزبی (تورکیای فەتات)ی دەکرد ناوی لە پیاوەکانی نابو گەندەل و بێ باوەڕو گومڕا (ملحد)، بڕوای وابو ئەمان کارەسات بەسەر وڵاتدا دەێنن، لە هەموو کاتێکیشدا پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ شەڕێک دژی هۆزە رکابەرەکەی لە شەرناخ بەرپا بکا .

رۆژی دواتر بەیانی زوو لەگەڵ مستۆ ئاغا سواری وڵاخەکانمان بوین تا بچین لە سەرئەو گردە جێ بگرین کە دەڕوانێتە ئەو دەشتاییەی بڕیارە شەڕەکەی لێ روبدا، ئێمە شوێنەکەمان دورە شەڕبوو، برا بچوکەکەی مستۆ ئاغا وەکو پاسەوان وهاوڕێ لەگەڵیدا بوو لەگەڵ دەستەیەکی پاسەوانی 10 کەسی کە هەمویان پڕ چەکو وریا و گورج وگۆڵ بوون، سەرۆکی پاسەوانەکانیشی کوڕە گەورەکەی بوو، پیاوێکی لێوەشاوەو لێهاتو بوو، لە تەقەکردنا زۆر نیشان شکێن بوو لە تەمەنی چل ساڵیدا بوو، پاسەوانەکانی هەمویان لە دەوروبەری ئەو تەمەنەدا بوون، ئەوان بەر لە ئێمە گەیشتبونە ئەو شوێنەو بە راکردن و گۆرانی ووتنەوە شوێنەکانی خۆیان دەگرت .

دوژمن بەدیار نەکەوت، ماوەی دوو کاتژمێرێک دوا کەوتبون، ئەم دوو کاتژمێرە بەس بوو بۆئەوەی مستۆ ئاغاو پیاوەکانی جنێوی ترسنۆکی بە دوژمنەکانیان بدەن و بە ژنیان بشوبهێنن، ئەو کاتەی لە گێڕانەوەی نیوەی قسەکانمان دابوین کە هاوڕێکەم رای خۆی سەبارەت بە دوژمنەکانی بۆ دەگێرامەوە، لە روی بەرامبەرمانەوە هەستمان بە دەنگە دەنگی چەکەکان کرد، بەهۆی دوربینەکانمانەوە توانیمان پیاوەکان ببینین کە لە روی شەرناخەوە لە چیاکان دەهاتنە خوار روەو ئێمەوە دەمان بینین کە 6 میلێک لە ئێمەوە دور بون تیشکی خۆر لە شمشێرەکانیانی دەداو بەرەو ئێمە بەدەم تەقەوە دەهاتن، ئەمەش ئاگادار کردنەوەیەک بو بۆ دوژمنەکانیان کە ئەوان هاتن وبەرێوەن، یاسای زارەکیی خێلەکی رێگە بە هێرش بەر نادات لە کتو پڕەوە هێرش بەرێت ئەگەر ئەم شەرە بۆ سپی کردنەوەی ئابرو بێت .

مستۆ ئاغا براکەی نارده مەیدانی جەنگ پاش ئەوەی چەند ئامۆژگاریەکی پێدان وئومێدی سەرکەوتنیشی بۆ کورەکەی خواست کە سەرپەرشتی وفەرمانرەوایەتی جەنگەکەی دەکرد، سەری بۆ خوارەوە دانەواند هەندێک وتەی بە عەرەبیی لە ژێر لێوان دەهاتنەدەر وادیار بوو لە خوا دەپارایەوە ،

ئیتر شەڕ دەستی پێکرد، بەڵام بەهۆی تەپو تۆزی جەنگاوەرەکان و دوکەڵی چەکەکانیانەوە نەمان توانی ئەوەندە بە باشی شەڕەکە ببینین، تەنها گوێم لە دەنگی تەقەکان دەبو کە وەکو هەورە تریشقە دەنگیان دەهات، دەنگی سمی وڵاخەکانمان دەبیست کە زۆر بەتوندی دەهاتن ودەچون، کەمتر لە کاتژمێرێک دەنگی تەقە کەم بوەوەو دواتر بێدەنگ بوو وردە وردە شەرەکە وەستا .

کاتێک گەڕاینەوە بینیم مستۆ ئاغا زۆر بەسامی وەستاوەو تۆزو ئارەق گیانی داپۆشیوە پیاوەکانی بە تورەیی و سامەوە وەستابون، بەڕاستی ئەم کوردانە زۆر بە رشتی دەجەنگن، مستۆ ئاغا زۆر شانازیی بە پیاوەکنی خۆیەوە دەکرد، ئەوکات بۆم دەرکەوت کە مستۆ ئاغا نا هەقی نەبوو بڵێ :



( پەنا بەخوا و بەم جۆرە پیاوانە دەتوانین جیهان تێک بشکێنین، هیچ نەتەوەیەکیش نیە بۆ ماوەیەکی دور روبەڕومان بێتەوە ).

***

## 2

### (رۆمەکان) دەبێ کۆچ کەن

لە ماوەی نزیکەی 40 ساڵ دەبێ کە نازناوی (رۆمی ) لە کوردستان بەوکەسە دەوترێ کە داگیرکەرە یا بەو کەسەی لە ناوچەکانی بسفۆر و ئاسیای بچوکەوە هاتبێ، بە شێوەیەکی گشتی سنوری رۆمەکان لە رۆژئاوای سامسۆنەوە دەست پێدەکات تا هێلی سێواس – کیلیکیا، کە تورک و رۆم و بێزەنتیەکان بەبێ جیاوازی دەیان ووت رۆمی .

دیارە زاراوەی (رۆمی) زاراوەیەکی بێزار ونامۆ بوە، ماناکەی هاوتا بوە لەگەڵ زاراوەی بێ بڕواو گومڕاو هەمو زاراوە سوک و رسواکاندا. تا ئێستاش ئەم زاراوەیە لە نێو هۆزە کوردەکان ئەوانەی هێشتا دەستی شارستانیان پێ نەگەیشتوە باوە، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر لە نێو عەرەبەکانی باکورو ئەرمەن و رۆژئاوای ئێران .هەندێک روداو ئەوە دەسەلمێنن کە ئەمە لە نێو هۆزە کوردەکانی کۆندا بونی هەبوە ئەمەش لە میانەی هەندێک ئەزمونی تایبەتیەوە دەتوانین بسەلمێنین کە لێرەدا نمونەیەکیان دێنین :

بەشار چەتۆ ئاغا کە جەنگاوەرێکە خاوەنی دڵی شێری چیایە، ئەم سەرکردەیە لە رێزدارترین پێنج سەرکردەکانی یەکیەتی هۆزەکوردەکان بوو، لەکاتەکانی تەنگانەدا لەتوانایدا بوو سێ هەزار سوار بۆ جەنگ ئامادە بکا، بەشار ئاغا لە ناوچەکانی مالباتیدا نیشتەجێ ببو کە دەکەوتە لێوار چیا شاخاویەکەی تۆرۆس، ئەو ناوچەیە نەدەکەوتە سەر رێگاوبانی هەرێمەکە بۆیە گەمارۆدانی ئاسان نەبوو .

بەشار چەتۆ ئاغا لە ناوچەکە لە نێو هۆزەکانی عێراق و ئێراندا بە داستانەکانیەوە ناسرابو، پیاوێکی ئازاو بەجەرگ بوو، سەرەڕای ئەمەش ئاژەڵدارێکی مەزن وبەناوبانگ بوو، هەموو ساڵێک بازرگانە عەرەبەکان لە حەلەب و دیمەشقەوە سەردانی ناوچە ساردوایەکانی کوردستان وئەرمینیایان دەکرد بەدوای کڕینی مەڕو ماڵاتەوە بوون لەم سەردان وهاتنەی ئەواندا سەرکردەی هۆزە کوردەکان سود و قازانجی باشیان لێیان دەکرد کە بەرهەمەکەی بە زێڕ بەراورد دەکرا .

بەشار ئاغا سەرانەی نەدەدایە ڕۆمە داگیرکارە مشەخۆرەکان، واتە حکومەتی تورکی ئەو بەرگریی لە دەشتایی وچیاکان دەکرد کە بۆ پاوانی مەڕو مالاتی ناوچەکەی سودی لێوەردەگرتن، پیاوەکانی دەغلو دانیان لە و زەویانەی ئەو دەچاند کە بە جێماوی (میرات ) بۆی مابووەوە .

بەشار ئاغا بروای بە هیچ یاسایەک نەبووو نەدەچوە ژێر باڵی هیچ یاسایەک تەنها یاسای هۆزەکەی نەبێ، بۆیە خۆی پابەندی یاسای باجدانی نەدەکرد کە (ڕۆم)ە گومراکان بەسەریاندا سەپاندبوو ،جگە لەمەش هاوکاری سوپاکەشی نەدەکرد، تەنها دۆست و هاوەڵی هەژار و نەداران بو ئەمە جگەلەوەی کە هەندێک جار پیاوەکانی سەرەو لێژ دەبونەوە سەردەشتاییەکان وڕێگریان لەو کاروانانە دەکرد کە هاتو چۆی نێوان سوریاو عێراق و کوردستان وئەرمینیایان دەکرد و روتیان دەکردنەوە و بارەکانیان بە تاڵان لێ دەبردن .

دوای شۆڕشی تورکە گەنجەکان ( حزبی تورکیای فەتات ) لە ساڵی 1908 کە پێشتر باسمان لێیەوە کرد، حکومەتی تورکی هەڵسا بە ئۆپەراسیۆنێکی سەرتاسەری دژی ئەو کوردانەی کە هەواداری سوڵتان عبدالحمیدی دووەم بوون، ئەوانەی لە بیست سالەکانی دواییدا ناوه ناوه یاخی دەبوون .

لە کۆشکی دادوەرانی تورکدا، لە دیاربەکرد وبتلیس زیاتر لە 100 یاداشت دژی بەشارچەتۆ ئاغا و چوار منداڵەکەی هەبون، بەڵام دەسەڵات لەو



ئاستەدا نەبو بتوانێ بەدوایاندا بنێرێ یا پەلبەستیان بکا، ئەگەر یەکێک لە ئەفسەر یا بەکرێگرتەکانیان زاتی ئەوەی بکردبایە لە ماڵەکەی نزی بێتەوە ئەوا بە زیندویی نەدەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام لە سەپتەمبەری 1908 دەسەڵاتی تورکی بە شێوەیەک لە شێوەکان توانیی یەکێک لە کورەکانی و نەوەیەکی لە یەکێک لە دۆڵەکانی دیاربەکر بخاتە تەپکەوە و لە یەکێک لە زیندانەکانی شاردا زیندانیان بکەن .

بەشار چەتۆ ئاغا لە تەمەنی شەست ساڵیدا بوو، پیاوێکی زیرەک وبە جولەو پڕ لە چالاکی بوو وەکو هەڵۆکانی سەر چیا وابوو، ئەوکاتەی بە هەواڵی گرتنی کورو نەوەکەی زانی کە بە فێڵ کەوتونەتە تەپکەی تورکەوە زۆر تورەو هەراسان بوو، بە نهێنی نامەی بۆ دۆستە ناتورکەکانی نارد لە موسڵ ودیار بەکرو بدلیس، ناوچەکەی خۆی سەر بە بدلیس بوو، لە نامەکەیدا وێرای دەربرینی نارەزایی وبێزاریی لە تەلەکەبازە داگیرکارەکان هەرەشەی تۆلە کردنەوەی کردبوو.

بەشار چەتۆئاغا ئەمەی بە بیر هێنابونەوە کە لە میانەی جەنگی تورکی- کوردی لە سیەکانی سەدەی رابردودا سوپای تورک بە چەکی قورسەوە مالباتی ئەوی تۆپباران کردوەو هەموی لێ خاپور کردون لەمیانەی زیانەکاندا باپیرەی کوژراوە، دەڵێ سوپای تورک هیچ کاتێک لە بڕینی دەستو گوێچکەی بێگوناهان نەدە سلەمیەوە .

ئەوکات دوو ڕێگا هەبون کە خەلکی بەکاریان دەهێنا بۆ هاتوچۆ لە سوریاوە بۆ دۆڵی ناوەراستی دیجلە، لە دیاربەکرەوە بۆ سەروچاوەکانی روباری سەرو، لە شارەکانی بدلیس وسیرتیشەوە، بەشاری چەتۆ ئاغا و پیاوەکانی توانیان کۆنترۆلی ئەم دوو ڕێگایەی نێوان دیاربەکر وبدلیس بکەن، دیارە ئەمەش گەلێک جار توانیویانە بە ئاسانی ئەنجامی بدەن .

لەو ڕۆژانەدا کە دۆخەکە بە هەلگیرسانی شۆڕشەوە ئالۆز ببو حکومەتی تورکیا سوربو لەسەر ئەوەی ئەفسەری پایە بەرز دەست نیشان بکا چونکە مەترسیی لە هەرێمەکان هەبو لەوەی لێی هەلگەڕێنەوەو یاخی بن، بەتایبەتیش

هەرێمە کانی دور لە پایتەخت، بۆیە دەبینین لە سەرەتاکانی ساڵی 1909 گەنجێکی تورک کە ماوەی چەند ساڵێکی لە پاریس خوێند بوو، کردی بە حاکمی بدلیس .

دوای ئەوەی حاکم لە شوێنەکەی سەقامگیر دەبێ ئیتر بەدوای هاوسەرەکەیدا دەنێرێ لەگەل هەندێک لە کەلوپەلی ناومالّ، ئەویش لە دەریای سپیی ناوەراستەوە بەرێگەی سوریاوە دەگاتە کوردستان ولە دیار بەکر دەوەستێ چونکە رێگاکە ئارام نەبوو دیارە بەشاری چەتۆ ئاغا بە بەردەوامی بەشی لە رێگری وتاڵانکردنی کاروانەکاندا هەبوە .

بەهەرحال بەشاری چەتۆ ئاغا بە سەختی وناخۆشی سەفەرەکەی خێزانی والیی زانی، بۆیە بریاری دا کە مەزنترین سوکایەتی بە داگیرکەران بکا، لە دەرفەتێکی باشدا ئازا ترین پیاوەکانی خۆی ناردنە سەر رێگای کاروانی خێزانی والی، هەرچەندە کە والی خۆی هەستی بە خەتەرناکی ئەو رێگایەی دەکرد بۆیە ئەویش وەکو ئامادە باشیەک 15 لە ئەفسەرانی دەنێرێ بۆ یاوەری کردنی کاروانەکەی خێزانی کە لە دیاربەکرەوە بۆ بدلیس دێن .

لە یەکەم هەفتەی مانگی سەپتەمبەری 1909 دەنگۆی ئەوە لە هەرێمی رۆژهەڵات بلاو بوەوە کە رێگرە کوردەکان رێگەیان بە کاروانەکەی خانمی والی گرتوەو دەستگیریان کردوەو لەگەڵ خۆیاندا بردویانەتە شاخ، دواتر هەواڵەکە پشتراست کرایەوە کە بردویانەتە دوری 40 میل لە باکوری رۆژئاوای دیاربەکر. دەڵێ بە رۆژی روناک لە کاتی پەرینەوەیان لە روبارەکە پیاوەکانی بەشاری چەتۆ ئاغا توانیویانە دەست بگرن بەسەر کاروانەکەی خێزانی والی داو ئەفسەرەکانیش هەمویان چەک کەن بێ ئەوەی تاقە فیشەکێک بتەقێندرێ، دوای چەککردنیان ئەفسەرەکان ئازاد دەکەن وکاروانەکەش بە پێشەخۆیان دەدەن بەرەو چیاکان .

رۆژی دوایی والیم بینی کە شەرمەزاری و دڵەراوکێی پێوە دیار بوو، بە هەرەشەوە کارە بەربەریەکانی وڵاتی شەرمەزار دەکرد، نارەزایی لەو بێ رەوشتیەی وڵاتی دەردەبری، نارەزایی لە دەوڵەت دەردەبڕی کە چۆن شەری



ئەلبانیەکان دەکاو دووجار توشی شەرهاتوە لەگەڵ عەرەب بەڵام دەسەڵاتدارە تورکەکان نەیان توانیوە دژی هۆزە کوردەکان بجەنگن و لەناویان بەرن، دەیوت تەنها یەک سوپا بەسە بۆ تێکشکاندنی کوردستان، حاکمە نوێکە ئەو بۆچونەی لا دروست کردم کە ئەو ترسی لەو کورسیانە هەبو کە لە ڤیەننا هێنابونی لەگەڵ ئەو کەلوپەلانەی کە بە تایبەتی بۆ ئەو لە پیشانگای لاڤۆنتین لە ئەستەنبۆل دروست کرابون، نەک لە ترسی خێزانەکەیدا بێ. دیارە ئەو تورکە شارستانانە مەبەستیان بوو ئەو وڵاتە دواکەوتوە بە کەلوپەلی هاوردە لە وڵاتە بێگانەکانەوە بە شارستانی بکەن .

بەهاری ساڵی داهاتو وادەرفەتم بۆ رێککەوت کە چاوپێکەوتن لەگەل سەرکردەی هەمان هۆز بکەم کە بەشاری چەتۆ ئاغا بوو .

یەکێک لە دۆستە کۆنەکانم کە حەزی لە راوە بەراز بوو بە تفەنگی ئینگلیزی، پێی ووتم : بەشاری چەتۆ ئاغا هیچ چاوی نە لە ژنی رۆمی داگیرکەرە نە لە کەلو پەلە بریقەدارە بێکەلکەکانیانە کە هەرلە یەکەم بەکارهێنانیاندا بەسەر یەکدا دەشکێن وادەزانی لە قامیش دروست کراون، هەمان دۆست کە ( چاوەکانی ئەبلەق دەبریقانەوە هەموو گیانی لە تورەییاندا دەلەرزی ) پێی ووتم، بەشاری چەتۆ پێی ووتم:{ ئێمە نامانەوێ ئەو داگیرکەرانە لە ناومان بمێنن، ئێمەش وەکو باب وباپیرانمان دەتوانین حوکمی خۆمان بە خۆمان بکەین، دەبێ برۆن ئەو داگیرکەرانە، من کۆڵنادەم تا وەدەریان نەنێم .}

کاتێک یەکێک لە ریش سپی و پیاو ماقول وپیاوی ئاینیی ناوچەکە کە خاوەنی پایەیەکی دیار بوو لە سەرکردەکانی هۆزە کوردەکان، خۆی هەڵدایێ بە نیازی ناوبژیوانی و تکا کردن، ئەوکات بەشار چەتۆ خێزانی والی ئازاد دەکا بێ ئەوەی هیچ ئازار وزیانێکی پێ بگا ئەمەش لە بەرانبەر بە ئازاد کردنی کورو نەوەی بەشارجەتۆ لە زیندانی دیاربەکر ئەنجام درا .

ئەمە بەپێی یاسایەکی شەرەفمەندانەی زارەکی ئەنجام درا، ئەو یاسایە لە نێو هۆز و کەسایەتیە کۆنەکاندا باو بوو کاری پێ دەکرا، ئەو کاتەی ژن یا پیاو

پەنایان بۆ یەکێک دەبرد ئیتر ئەو کەسە ژیانی پارێزراو بوو هەرچیەک بوایە، دیارە کە بەشاری چەتۆش خۆی پارێزەرو دلسۆزی ئەم دەستورە بوە، کاری بەهیچ دەستورێکی تر نەدەکرد جگە لەو دەستورە نەبێ، کەلو پەلە هاوردەکەش کە بۆ والی لە نەمساو ئەستەنبۆلەوە هاتبو لە هەرێمەکانی دەورو بەریدا ببونە جێی رابواردن و گاڵتە پێکردن، هەمویان پارچە پارچە کران و پاسەوانانی چیا و رێڕەوەکانی بەدەستیانەوە دگرتن، ئەمەش لای والی جێی خەفەت بوو .

سەرکردەی ئەفسانەش بەشاری چەتۆ لە بارەگا کانی خۆیدا لە چیا سەرکەشەکاندا بە پارێزراوی مایەوە. لە میانەی جەنگی کوردی- تورکی لە سالی ( 1930-1931 ) خۆی و هێزەکەی بە تەواوەتی چوە پاڵ هێزە کوردیەکان لە پێناو وەدەست هێنانی سەربەخۆیی کوردستان، توانیی زیانی زۆر بە سوپای تورک بگەیەنێ لە چیاکانی باکوری شاری دیاربەکر بەدرێژایی چەند مانگێک، بەهەر حال لە 1931 لە خشتە بردرا و لە دۆخێکی نادیاردا خۆیو 3 لە کوڕەکانی بە شێوەیەکی دڕندانە بەدەستی تورکەکان کوژران .

ژیانی ئەو سەرکردە ون بوە لە دونیای دەرەوە شتێکی سەرسوڕ هێنەرە. بایەخی زۆری هەیە پیاوێکی داستانەیی بوە لە تەمەنی گەنجێتی دا، مەزنی ناوچەکەی بوو، بە پیر هەمو بانگەوازێکی نەتەوایەتیی کوردیدا دەچو، لە تەمەنی پیریدا هەستی بە یەکیەتی دەکرد، هەموو تەمەنی بۆ سەربەخۆیی نیشتمان تەرخان کرد، ئەوکاتەی دەکوژرێ تەمەنی لە هەشتا سال رەت بوە، گەلی کورد ئێستا بۆ هەستی نەتەوایەتی لە خەو هەڵدەستێ، بەڕاستی ئەم هەستە ئومێد بەخشە .



بەشی دووەم

## شێواندنی گەلی کورد بە ئانقەست

## 1

## کورد : گەشتێک بۆ سەرەتاکان



لە نیوەی کۆنی گۆی زەوی بگەڕێیت نەژادێکی ئادەمیزادی نابینیەوە کە بە درێژایی ئەو ماوەیە بەقەدەر کورد زولم و ستەمی لێ کرابێ .

هەر لەسەرەتای مێژووەوە بڕواناکەم میلەتێک هەبێ لە پانتایی جوگرافیایەکی دیار ژیابێ وەکو گەلی کورد ئاوەها بوبێتە قوربانیی نیازە ناپاکەکان .

ئەم راستیە دەبێ لە سەرەتاوە دانی پیادا بنرێ بۆ ئەوەی ئەم کێشە مێژووییە نە شێوێندرێ و نە بادا ئەم کێشە مێژوییە بە شێوەیەکی ساکارو روکەشانەوە گفتو گۆی لەسەر بکرێ .

هەندێک لە کۆنترین پادشا کانی شارە سۆمەریەکان و پادشاکانی ئەکەد و بابل تەنانەت ئەکسنۆڤانی سەرکردەی دە هەزار بەکرێگیراوەکانی ئەغریقیش بە زمانێکی ساکارو شێوەکاریەوە مامەڵەیان لەگەل چیانشینە توندرەوەکاندا دەکرد. ئەوەتا روبەرو بونەوەی ئەو پادشاو بەکرێگیراوە ئەغریقانە لە لایەن

کوردەکانەوە زۆر بە توندی بو زۆر توندتر لە هاوتاکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا نوسینە کۆنەکان کە باس لەو سەردەم دەکەن زۆر نا راستگۆیانە وبە شێوەیەکی جیاوازەوە باس لە کورد دەکەن لە چەرخی نوێدا پیانەوە دەلکێنن .

لە سەردەمی پادشا بە هێزەکانی ئاشورو تا مەگۆل و تورک و فارسەکان هەندێک خەسلەتی ناشیرن خراونەتە پال کوردەکانەوە کە تا ئێستاش پێیانەوە بۆتە ماک. جگە لەو نوسینانەی کە هەندێک لە گەشتیاری بێگانە لە سەردانەکانیاندا لە سێ سەدەکانی دواییدا بۆ کوردستان نوسیویانە. لەگەڵ هەندێک بیرەوەریی ناخۆش کەسانێک کە بۆ گەشت سەردانی کوردستانیان کردوە، لە میانەی نوسینی ئەو بیرەوەریی گەشتیارانەوە دەتوانین دڵنیاییەک ببەخشین کە گەلی کورد خاوەنی ناوبانگێکی پاک و بێ گەردە وەکو هەمو گەلەکانی تر، هەم لە رابردوو هەم لە حالی حازریشدا .

هەڵەکەش لێرەدا لە شێوازی ژیانی گەلی کورد دایە، کە ئەم گەلە نازانێ ژیانی سەرشۆڕی وبن دەستی قبول بکا و سەری بۆ کەس دانەنواندوە و لە دوژمنداریێتیی بەردەوەامی زۆردارو داگیرکاراندا بونە، جا ئەمانە چ دراوسێ و ئیمپراتۆر بوبن یا داگیرکاری راستەوخۆ، دیارە ئەم خەسلەتەش هۆزەکوردەکان لە دێرزەمانەوەو بە ویراسی بۆ جێماوە و لەسەری راهاتون، کە لەسەر خاکی خۆیان حوکم رانی خۆیان بە ئازادی بکەن بە پێچەوانە هەردەم بەگژ داچون وبەرگری بوە .ئەمەش نابێتە هەڵە کاتێک مرۆڤ بەرگری لە خاک و میلەتەکەی دەکا بە هەموو شێوەو ئامرازێک روبەروی داگیرکەر و بێگانە بێتەو. کوردەکان بە چەکە کۆنەکانیان وەکو تیر و کەوان و چەکی تر روبەڕوی ئیمپراتۆرە زەبەلاح و داگیرکەران دەبونەوە، ئەو کاتەی تفەنگە گولە دارەکانیان داهێنا نەیان توانی وەکو ئیمپراتۆرە دراوسێکانیان سودی لێ وەرگرن بەتایبەت داگیر کارە تورک و فارسەکان کە بەهۆیەوە لە روی چەکو



تفاقەوە خۆیان لە ئاست ئەوان نەدەبینیەوە، کە ئەمەش تائەمرۆ بەم شێوەیە ماوەتەوە .

کاتێک دەچینە سەر باسی جوگرافیای کوردستان کارێکی گونجاوە ئەگەر تیشکێک بخەینە سەر سەرەتاکانی مێژوی گەلی کلورد.

وەکو ئەوەی، کەی و چۆن یەکەم جار ناوی کورد لە مێژو شارستانیەتی رۆژهەڵات بەدەر کەوتوە ؟ هەروەها پێویستە هەلوەستەیەکیش لەسەر زاراوەی (کورد) کەین ئاخۆ چیە و چی دەبەخشێ ؟

دۆکۆمێنتە ئەدەبیەکان ئەوە دەگەیەنن کەیەکەم جار ناوی کورد لەو نوسینانە هاتوە کە بە زمانی نوسراوە ئەویش بە شێوەی (کورد ) یا کوردان هاتوە دەڵێن ( ئەرتەخشیر پایکان ) دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیە فارسەکان لەساڵی 226 ی زایینی ناوی مادیج ی پادشای کورد یا کوردان لە نێو ناوی ناحەزانیدا دەهێنی ، وا پێدەچێ کە ئەرتەخشێری پادشای ساسانیەکان تێکدەری تەخت و تەلاری پارپی، ناوی گوتیی کۆنی گۆرییێ بۆ کورد دیارە کە مێژوو نوسەرە مەزنەکانی موسلمانان وەکو گبری ومەسعودی ئەم ناوەین لە سەردەمی ساسانیەکانەوە وەرگرتوە . بەم شێوەیە ئەم ناوەی ( کورد ) گەیشتۆتە چەرخی نوی .

ئەگەر گێڕانەوەی تورک و فارسمان خستنە لایەکەوە ئەوا ئەم ناوە کەلتوریەی ( کورد ) راستە. ناوی کورد لە میرنشینی گۆتیۆم و گەلی گوتی جیابۆتەوە، ئەمەش واکراوە بە وەلانانی پیتی (ر)، ئەمە بەسەر هەموو زمانەکانی هیند وئەوروپیدا جێبەجێ دەکرێ بە تایبەت رۆژهەڵاتیەکان وەکو کورد وئەرمەن و سەنسکریتی و ئەغریقی .

لە نوسینەکانی بسماریدا کە بە زمانی سۆمەری نوسراونەتەوە وا بەدیار دەکەوێ کە خاکی گۆتیەکان لە کۆنترین میرنشینە سەربەخۆکانی رۆژهەڵاتی شارستان و کۆن بوە وهاوچەرخ بوە لەگەل سۆمەری و ئەکەدی و عیلامی و

ئەرمەنیەکان. بۆیەکەم جار لە نوسینەکانی مسماری ناوی خاکی گوتیەکان بلاو و شی کرایەوە ئەمەش لە تابلۆیەکی کۆن نوسرابووەوە کە لە لایەن لۆگال – ئانی مۆندۆی پادشای شاری سۆمەریەکان ( ئاداب) نوسرابووەوە، ئێستا ئەو شارە پێی دەوترێ ( بسمایا) دەکەوێتە گۆمی فورات لە خواروی عێراق، لەو تابلۆیەدا پادشای سۆمەریەکان ئاماژە بەو پانتاییە زەویانە دەدات کە بۆ ناوچەکانی گۆتی لەگەڵ عیلام وسۆبارتۆ درێژ دەبێتەوە، ئەوەی راستی بێ مانای تابلۆکە بەتەواوەتی رون نیە بەڵام کاتێک بەراوردی پێ دەکەین لەگەڵ زانیاریەکانی ئەکەد دواتر زاناکان بەو دەرەنجامە تەواو دەبن کە پادشای سۆمەریەکان وا دەردەبرێ کە بەسەر پادشای ئەو ناوچەدا سەرکەوتوە. ئەوکات ڕێگەی بەخۆداوە خۆی بە ( گەورەی هەرچوار لای دونیا) بناسێ.

ئەوەی راستی بێ ناتوانین بەدروستی مێژوی ئەو تابلۆیە پشت راست کەینەوە چونکە دواتر هیچ چاوکێکی ئەوتۆمان نەکەوتۆتە بەردەست کە ئاماژە بە حوکمرانی پادشای ( ئەداب ) ی سۆمەری بدەن .

هەندێک بۆچون هەن کە ئەو پادشایە بۆ میرنشینی هەشتەم ی دوای تۆفان دەگەرێتەوە، گوایە 90 ساڵ حوکمڕانیی کردون. بە پێی مێژووی کورت کە دواتر سدنی سمیپ نوسیویەتەوە دەبێ مێژووی ئەو پادشایەی سۆمەریەکان ساڵی 2350 ی بەر لە زایینی بوبێ. دواتر بە پێی ئەو دەقانەی لەبەر دەستدان ئەوە دەسەلمێنن کە گوتیەکان لە سەدەی 24 ی بەر لە زایینی بوەو ناوچەی میرنشینیەکەشی دەقاو دەق لەگەڵ کوردستانی ئەمڕۆ دێتەوە. دیارە کە بایەخێکی ئەوتۆی هەبوە تا پادشای سۆمەریەکان وەکو میرنشینێکی سەربەخۆ لەگەڵ میرنشینە مەزنە بەناوبانگەکانی تریان پۆلین وهاوتا بکات وەکو میرنشینی ( عیلام و سۆپارتۆ)، دوای ئەوە ئیتر ناوی گوتیەکان لە نوسینە مێژوییەکان و دەقە گەردونیەکاندا ناوی دێ کە هەردەم دژایەتیی لەگەڵ



شارە بچوکەکانی سۆمەریدا هەبوە کە لێرەو لەوێ بە پەرش و بڵاوی لە بیابانەکانی رۆژئاوای خواروی وڵاتی رافیدەین بون .

پادشای گوتیەکان کە بابلیان داگیر کردوە و دواتر حوکمڕانی وڵاتی بابل وئاشوریەکانیان کردوە هەردەم ئامادە بون هێرش بکەنە سەر ئەو کۆمەلگا سەقامگیرانەی نیشتەجێی چیای زاگرۆس، ئەمەش، بە پشت بەستن بە تەنها هێزەکانی خۆیانەوە زۆرجاریش بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ عیلامیەکان وولاتی تۆرۆکۆ و سۆبارتۆ یا وڵاتە دراوسێکانەوە و دەقە کانی تایبەتمەند بە شارەکان، لە کۆنترین داکۆمێنتی پادشاکانی رۆژهەڵاتیدا گەلێک جار ئاماژە بە هێرشی گوتیەکان دەکات کە کردویانەتە سەر شارەکانی ئەکەدی وسۆمەری لە دەقی نوسراوەکاندا زانیاریەکان ئەوە دەردەخەن کە میرنشینە گوتیەکان هەردەم دەستیان بە سەربەخۆی چیاکانەوە گرتوە .

ئەمەو لە مێژویەکی دیاردا (شارل گالبشاری ) پادشای ئەکەد لە ساڵەکانی دەوروبەری 1900 برلە زایینی ئارام سینی خەلیفە. ئاماژە بە جەنگێک دەدات کە لەگەڵ گوتیەکاندا کردویانە لەوێ شانازیی بەوەوە دەکات کە شارلاک ی پادشای گوتیەکانی بە دیل گرتوە، ئەم زانیاریە هیچ لایەک گومانی ناخاتە سەر .

ئەمە سەرەڕای ئەم سەرکەوتنە تاکو ئێستا ئەوەی راست بێ ئەوەیە کە سۆمەری و ئەکەدی و ئاشوریە بەهێزەکان لە سەدەکانی دواتردا بە بەردەوام هێرشیان کردۆتە سەر گوتیەکان و دانیشتوانی تری چیاکان وەکو رێگە چارەیەک بۆ رێگە لێگرتنیان لە شاڵاوەکانیان بۆ سەر دەشتاییە بە پیت و بە بەرەکەتەکانی وڵاتی نێوان دوو روبار .

شوێن نیشتەجێی گوتیەکان لە لایەن هەموو توێژەرەوەیەک گفتوگۆی لەسەر کراوە ئەم گفتو گۆیەش پشتیان بەو کەمە زانیاریانە بەستوە کە لە دۆکۆمێنتەکان کۆکراونەتەوە، کورتەی ئەو باسەی لە نوسینەکەی کامیل

تۆمسۆن دا هاتوە ئەوەیە کە گوتیەکان بە( چوار باڵ) ناودەبا، (پارێزراو بە زابی خوارو، روباری دیجلە و بەرزاییەکانی سولەیمانیە و روباری دیالە کە پایتەختەکەشی دەکەوێتە نزیک کەرکوک ئەوکات پێی دەوترا ئارانجا ) کە نزیکەی 80 کم لە باکوری بەغدا کەوتوە ناوچەیەکی بە پیتە بۆ دەرهێنانی پەترۆل.

به روخانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری لە 612 – 606 ب.ز کە تا ئەوسا حوکمرانی گوتیەکانی دەکرد لە بەرزاییەکانی رۆژهەلاتی دیجلە، گەلی گوتی لە ژێر چەپۆکی داگیرکاری رزگاریان بوو ئەمەش بوە مایەی کردنەوەی رێگا لە بەردەمیان بۆ گەشە بون و فراوان بونیان .

ئەوکاتەی سیرۆس ( قورشی دووەم ) پادشای فارسە ئەخمینی و بابلیەکانی بەدیل گرتن، جەنگاوەرە کوردە گوتیەکان لە 538 ب.ز لە ریزی سوپای فارسی دەجەنگان. ئەکسنۆفان ی سەرکردەی دە هەزار ئەغریقیەکە هۆزەکوردە کاردۆخیە کانی بینی کە لە رێ رەوە تەنگە بەرەکانی چیای تۆرۆس خۆیان قایم کردبوو سەنگەریان گرتبوو، لە دەوروبەری موسل و تا روباری کستریش (بۆتان–سو) کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی روباری دیجلە وەکو سنوری نێوان ئەرمینیا وکاردۆخیەکان .

ئەو زانیاریانەی لە شایەد حالی وەکو ئەکسنۆفان گەیشتون ئەوە دەسەلمێنن کە بەدرێژایی سەردەمی حوکمرانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریەکان هیچ گۆڕانێک لە دابەش بونی رەگەایەتی لە رۆژهەڵاتی کۆن روی نەداوە .

ئاشوریەکان سەرباری پاراستنی دیموکراتیەتی رەگەزایەتی لە رۆژهەڵاتی کۆن هەڵوێستە سیاسیەکانیان چەسپاندن. لە دەورو بەری حەوت سەدەی بەر لە زایین ( 1300 – 600 ب.ز) .

ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی جارەکان پادشاکانی ئاشوری دانیشتوانی شارەکانیان بە تەواوەتی لە رۆژئاواوە دەگواستەوە بۆ رۆژهەڵات وبە



پێچەوانەوەش، بەڵام دانیشتوانە چیاییەکان زۆر بەدەگمەن توشی ئەم جۆرە هەڵمەت و شالاوە دەبونەوە کە بۆ پێ دەشتاییەکان بگوازرێنەوە .

کۆچ کردنی گەلەکان بە تەواوەتی لە کشوەرێکەوە بۆ کشوەرێکی تر لای مێژوو نوسە لاسایی کەرەوەکان نەبۆتە بڕوایەکی بنچینەیی و چەسپاو، وا پێدەچێ کە بنەمایەکی روالەتیی نەبێ هەرنەبێ ئەوەی پەیوەندیی بە رەگەزە راستەقینەکانی رۆژهەڵاتی کۆنەوە هەیە .

کوردو عەرەب و ئەرمەن وئاشوری و هەندێکی تر رەچەلەکی رەسەنن ئەوان لە چەرخەکانی بەر لە مێژوو لە نێشتمانە راستەقینەکەی خۆیاندا دەژیێن .

***

## 2

### یەکەم شانشینی کوردە گۆتیەکان لە بابل (2300-2175 ب.ز)

لە ماوەی حوکمرانی شانشینی ئەکەد دا دوو کەسایەتیی مەزنی لێ وەپاش کەوت، یەکێکیان شارۆکین (سەرجۆن) ی فاتح بو. جگە لەوە بە درێژایی ماوەی حوکمرانیان ئاژاوەو شەری ناوەخۆ وڵاتی گرتبوەوە بەتایبەت لە نیوەی دووەمی ماوەی حوکمرانیەکان کە بە تەواوەتی لە سەرەتای دەسەڵاتی میرنشینی سامیەکانەوە دەستی پێکرد وێرای ستایش و پیاهەڵدانداف کوشتارگەری زۆریشی لێ رودرا.

لە تابلۆیەکدا کە نیوەی دۆخەکانی ئاشکرا کردوە، دەڵێ کەس نەیدەزانی کێ پادشایەو کێ پادشا نیە .ئەمەش ماقول نیە گوتیەکان لە چیاکانەوە ئەم نالەباریە لە دەشتاییەکان ببینن و لە چیاکانەوە بۆیان دانەبەزنە خوارەوە و دەستیان بەسەردا نەگرن، بەتەواوەتی ئەمەبوو کە روی دەدا .

یەکێک لە پادشا بەهێزەکانی گوتیەکان دەکرێ کە ( ئەمبیا ) بوبێ دەستی گرت بەسەر بابل داو خۆی لێ کرد بە پادشایەکی رەوا .

خانەوادەی رەچەلەکی ئەکەدیەکانی روخاند کە ئەوکات حوکمرانیان دەکرد .

بە تەواوەتی ئەمە بوو کە روی دابو دوای دوو هەزار سال کاتێک سیروس ( قورش ی دووەم ) بە هاوکاری سوارە کوردە گوتیەکان دادەبەزیٚ ودەست بەسەر بابل دا دەگریٚ لە سالی ( 538 ب.ز)دا بیٚ ئەوەی روبەروی هیچ بەرگریەک بێتەوە. لە رەچەلەکی گوتیەکان ماوەی 124 سال و 20 رۆژ حوکمرانی ئەکەدو بابل یان کردوە نزیکەی( 2264-2137 ب.ز) کە 21 پادشای گوتی لەو ماوەیە دا دەستاودەستی حوکمرانیەکەیان کردوە، کە دەکاتە نزیکەی سەدەیەک .

لە میانەی ئەو حوکمرانیەدا یەکێک لە پادشاکانی گوتی کە ناوی ( ئەرری داپیزیر) بو لە راگەیاندنێکدا خۆی بە پادشای چوار ستونەکەی دونیا ناوزەد کرد .

سەرەڕای ئەم بانگخوازیەی ئینجاش شانشینی گوتیەکانی بە دەستی ئەوتو کهیگال روخێندرا، کە دامەزرێنەری رەچەلەکی پێنجەم وپادشای ئۆراک ( وەرقا ) ی ئەمرۆ بوو ( ئۆراک شارێکی بە ناوبانگی سۆمەریەکانە) .

لە نوسینە هاوچەرخەکانی سۆمەریەکاندا ناوبانگی ئەم پادشا نشینەی کوردە گوتیەکان بە باشی نایەت. دەڵێن ئەو کاتەی دەسەڵاتی ناوچەکە دەکەوێتە دەست گوتیەکان ئیتر دەست دەکریٚ بە تاڵان وکوشتن و کاولکاری لە سەرتاپای بیابانەکانی بابل وشارەکانی ئەکەد و سۆمەریەکان، سامان وکەلەپوری پربەهای شارەکانیان لیٚ بەتالان بردن و پەیکەری خواوەندیان بۆ پایتەختی خۆیان گواستەوە کە ئەریحای پێدەوترا .

بۆ دەربڕینی نارەزایی نالەو هاواریان لیٚ هەلدەستا، نوێژ لە پەرستگاکان کران بۆ رزگاربونیان لە چنگ دەسەڵاتی گەندەلی. شارەکان بە تەواوەتی خاپور کران، ژنیان لە هاوسەرەکانیان دەستاندەوە قیژەو ناڵی لەسەرتاپای روی زەوی



بەرز دەبونەوە، وننەی چیاکان ودوژمنی خواوەند شارەکانیان کاول کردن، ترس وهەڕەشە لە سەرتاپای زەوی بڵاوبوەوە، هەموو مێژوو نوسە تازەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە حوکمی گوتیەکان لە ئەکەد وسۆمەر توندتر بوو، گوتیەکانیش تێکدەر بوون. ئابەم شێوەیە وێنەی گوتیەکان کێشراوەو پێشکەش کراوە، بە هەرشێوەیەک بیٚ مافی خۆیەتی کەسێک بپرسیٚ ئەگەر ئەم حوکم لەسەردانە لەژێر کاریگەری ئەزمونی گەشتیارەکانی سیٚ سەدەی دوایی بیٚ گریمان گەلی گوتی یا بە لانی کەم حوکم و سەرکردەکانیان ئەگەر وا بوبن وەکو ئەوەی باسی لێوە دەکەن. دەبیٚ ئەوان دوای ئەو کارەیان بەرەو چیاکان پاشە کشەیان کردبیٚ بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی تردا هێزەکانیان کۆکەنەوە. ئەمەو هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو نیە کە رووداوە مێژوییەکانمان بۆ زنجیر بەند کاو زانیاریەکانمان بۆ بە رێکی تۆمارکا و لە مێژووی دواتری گوتیەکانیشمان ئاگادار کاتەوە. دواتر ناتوانین ئەوە بە دوور بزانین کە گەلی گوتی لە کاتی حوکمی سۆمەریەکان ویەکەم پادشای بابلیەکان دا هێرشیان نەکردۆتە سەر شارە دەشتاییەکان .

لە راستیشدا تابلۆ گەردونیەکان ودەقە دەوریەکان ئاماژە بەو مەترسیانە دەدن کە ئەوان هەڕەشەبون بەسەر ئەکەد وبابلیەکانەوە، دەڵیٚ پەیامێک لە غەیبەوە هەیە بەڵام بۆ بەدبەختی خۆی بە مێژوو نەکراوە، دەڵیٚ چەکی گوتیەکان لە داهاتودا خاکی بابل وێران دەکا. دەقە گەردونیەکان سەبارەت بە چارەنوسی گوتیەکان پێشبینی دەکەن و دەڵێن ( روخانی گوتیەکان بە چەک دەکریٚ. خاکی ئەکەد خاکی گوتی وعیلامیی دوژمن لە ماوەی سیٚ سالدا دەسوتێنیٚ ) ئەم بڕگانە کە لەو تابلۆیانە وەرگیراون دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەم زۆر بە رونی پەیوەندیەکانی پادشای بابلی لە دەشتایی و گوتیەکان لە چیاکان، ئاشکرا دەکا .

حامورابیی دانەری یاسا توانیی لە ماوەی 40 ساڵەی حوکمرانییدا گوتیەکان لە چیاکاندا گەمارۆ بدا. پادشاکانی سولالەی یەکەمی بابلی لە بواری بنیادنان و خوا پەرستیدا بە توانا بون بەڵام لە بواری سەربازی کەم توانیویانە خۆیان لە هێرشی چیا نشینە بەهێزەکانی دەورو بەریان بپارێزن .

****

## 3

### کاشوییەکان بابل داگیر دەکەن

دوای مردنی حامورابی لە سالی هەشتەمی حوکمرانیی شامشۆ ئیلۆنای کوریدا. کاسیت(کاشو) یە چیا نشینەکان هێرشیان بردە سەر بابل ودوای ئەوەی سامان وسەروەتە پڕ بەهاکانیان لێ بەتاڵان بردن بەرەو بەرزاییەکان پاشەکشەیان کرد. ئەوەی شیاوی باسە ئەوان لە گوتیەکان نەبون بەڵکو گەلێکی نوێ بوون پێیان دەوتن کاسیت، ئەوان هۆزێکی مەزن یا پێکهاتەیەکی یەکگرتوی چەند هۆزێکی مەزن بوون نیشتەجێی چیاکانی زاگرۆس بوون لە رۆژهەڵاتی بابل هێرشیان بردە سەربابل. دەکرێ شوێن نشینەکەیان بە باکوری وڵاتی عیلام دیاری بکەین. لێکۆلەرەوەکان سەبارەت بە ناسنامەی کاسیت (کاشو) فرە رای لەیەک نەچونیان هەیە، بەڵام وا پێدەچێ کە ئەوان لە گەلانی چیا نشینەکان بن، وەکو هۆزە کوردەکان لە لورستانی باشوری رۆژئاوای وڵاتی فارس لە زنجیرەچیای زاگرۆسەوە بن.

دیارە کە ئەوانیش لە نەتەوەی هیند وئەورووپین لە روی جوگرافیاو ئەتنۆگرافیاوە لە گەلی گوتیەوە نزیکن. حوکمی پادشاکانی کاشو لە ماوەی چوار سەدە لە بابل درێژەی هەبوە .



ئەم خانەوادە بێگانەیەی دەسەڵاتدار خانەوادەی سێهەم پادشا بو کە حوکمی بابلی کرد، تا 30 سالێ بەر لە ئێستا زانیاریەکان سەبارەت بە حوکمرانی ئەم خانەوادەیە کەم بون، بەڵام هەر چۆنێکی بێت سەردەمی حوکمرانی کاشو یەکان لە بابل حوکمێکی بەربەری وپڕ لە کارەسات بو وەکو حوکمرانی گوتیەکان لە سۆمەرو ئەکەد وابوە .

بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هەندێک نەخشە دۆزراونەتەوە کە لەسەر میتال بەهونەرسازی نەخشێندراوە بەهۆیەوە ئەم بۆچونانەمان دەخاتە گومانەوە بۆ چونە چەوتەکانمان لەسەر حوکمی کاسیتەکان راست دەکاتەوە، ئێستا بۆمان دەردەکەوێ ئەوان خاوەنی گۆڕستانی سەرکردەکانیانن هەروەها خواوەندو پەرستگایان بە چەندین ناوەوە هەبوە وەکو : کاشۆ، هەربۆ، سوریاش، شیپاک، خوک، شیمالیە. کە گەورەی چیاکانی رۆژهەڵات بوو لە سەر لوتکەکەی نیشتەجێ بوو، جگە لە مانە چەندین خواوەندی تریشیان هەبوە، ژمارەیەکی زۆری برۆنز کە کەسایەتیە داستانیەکانیانی دەنواند لەگەڵ نەخش هەلکەندراو لە شێوەی ئەسپ و گەلێک ئاژەڵی تر کە زەخرەفەو نەخش و نیگاکانیان لە شوێنی جیا جیای لورستان دۆزراونەتەوە کە دەگەرێنەوە بۆ سەردەمی کاشو یەکان .

پادشاکانی کاشو لە سۆز و نەریتە ئاینیەکانی گەلی بابلی بێ ئاگا نەبوون : عانداش کەیەکەم پادشای کاشو یەکان بوو لە ساڵەکانی دەوروبەری 1600 لە بابل حوکمی کردوە ناوی لە خۆ نابو ( پادشای چوار پادشاکە ) و پادشای بابل. یەکێک لە نەخشە هەلکەندراوەکانی کە بە زمانی بابلی نوسراوەتەوە وێنەی ئاهەنگێکیەتی لە بۆنەی گەراندنەوەی پەرستگای ( ئانلیل) بۆ بابل گێراوە. دیارە کە سوربوە لەسەر وەرگرتنی باجی پەرستکاری وبابل و کۆکردنەوەی بە شێوەیەکی گونجاو. پادشایەکی تری کاشو کە ئاگمومی دووەم بوە ناوی لەخۆ نابو ( پادشای وڵاتی گوتی) و وڵاتەکانی تر. ئەمەش

ئەوە دەگەیەنێ کە شانشینی کاسویەکان توانیویەتی شانشینی گوتیە کۆنەکان بخاتە ژێر رکێفی خۆی. دیارە ئەمەش لە مێژووی گەلی کوردا گەلێک جار رویداوە کە هۆزێکی بەهێز توانیویەتی بۆ ماوەیەک هۆزە بچوکەکان بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی و دەسەڵات بەسەر هەمو گەلدا بسەپێنێ .

لە میانەی دوای حوکمرانی دەولەتی کاسیەکان یا ( کاردۆنیاش) لە بابل وەکو لە داکۆمێنتە نێودەولەتیەکانی ئەوکاتدا هاتوە، پادشاکانیان پەیوەندی خۆشیان لەگەڵ هێزە مەزنە هەرێمیەکاندا هەبوە، بە تایبەت مسری و حیپەکان، هەروەها لەگەڵ ئاشوریە باڵادەستەکانی هەردوو سەدە ی 14 و 15 ی بەر لە زاینی .

هەر لەومیانەوە خزمایەتی و تێکەڵاوی ژن وژنخوازی لە نێوان کاردونیاش ومسریەکاندا دروست بوە .

کاداشمار ئەنلیل کە یەکێک بوە لە پادشای کاشو یەکان زۆرجار داوای دیاریی زێری لە فیرعەونی میسری کردوە، بەڵام ئەو ماوەی سەردەمی حوکمی کاشی لە بابل زۆر بەدەگمەن لە مێژوی کورد دێتە ئەژمار، چونکە کاشویەکان بە نیاز و ئامانج ئەوکات ببونە بابلی.

## 4

### وڵاتی ئاشورو کوردستان لە دەوروبەری ( 1360 – 606 ب.ز)

هەریەک لە گوتی وکاشو تا ئەو سەردەم پەیوەندیان لەگەڵ ئەو گەڵ ودەوڵەتانە هەبوو کە هەندێک لە خۆیان بەهێزتر بوون بۆیە توانیبویان بە بەردەوامی و بەتەواوەتی دوبارە سەربەخۆیی خۆیان بسەلمێنن، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو توانیبویان لە هەندێک رۆژگاری گونجاودا دەسەلاتیان بەسەر دەشتاییەکانی رۆژئاوای چیاکانیان بسەپێنن. بەڵام دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئاشوریەکان گۆڕانێکی ریشەیی بەسەر دۆخی گشتیی رۆژهەڵاتی کۆندا هێنا.



ئەمە نەک تەنها لە گۆمی دیجلەو فورات بە تەنیا. دیارە کە ئەم گۆڕانانە لە بەرژەوەندی وڵاتە دراوسێکاندا نەبوە، ئەمە هەرچەندە ئاشوریەکان لە روی ژمارەو ئابوری وتەقەمەنیەوە بەهێز نەبون بەڵام وەکو ئەوەی بەهێزبن لە سەرگۆڕەپانی نێودەولەتی وەکو هێزێکی کاریگەر وەدەر کەوتن، ئەم بەهێزیەشیان تەنها بە هۆکاری هێزی مادەوە بو کە لەگەڵ دوژمنەکانی هاوتەریب بو .

ئەو بەشەی بە سەنتەری وڵاتی ئاشور دێتە ناسین دەکەوتە ناو سێ گۆشە بچوکەکەی نێوان شاری ئاشورو نەینەواو هەولێرەوە، لەسەر کەناری روباری دیجلەی ناوەراست و دەشتاییە کراوەکەیدا. ئەگەر وا بەهێزەوە دەسەلات نەکەوتبایەتە دەست رەبەنەکان هەرگیز ئاشوریەکان نەدەبونە خاوەنی ئەو توانا سەربازیەیان کە ماوەی 7 سەدەی خایاند لەم میانەدا بە پچری دەسەلاتەکە هەندێک جار کورت وهەندێکجاریش درێژ لەدەستیان دەمایەوە .

ئاشوری یەکەم ئۆبالێت (1362 1327) ب.ز بە دامەزرێنەری راستەقینەی هێزی ئاشوریەکان دادەنرێ .

وا پێدەچێ کە ئەم لە رێگەی نەخشە هەڵکەندراوەکانیەوە بانگی جەنگی زیندو کردۆتەوە کە بەم دواییە لە لایەن نێردراوی ئینگلیزی بۆ مۆزەخانەکان دۆزراوەتەوە. دوای 33 سەدە گەلی کورد بانگی جەنگی دژ بە تورک دەست پێکردەوە. لە هەڵمەتی دژی شانشینی کوردی – کاشی ئاشوری یەکەم بالێت گوتاری بۆ سەربازەکانی دەخوێندەوەو دەیوت :

– ئێستا بە هێزەوە گوشار بخەنە سەر پادشای کاشویەکان، سنورێک بۆ دەستدرێژیەکانی دابنێن بەر لەوەی بمرێ .

– ئەو هێزەی لە ناوبەرن کە ناوی پالەوانی لێناوە .

– ئەی خوایە ! دوژمنمان تەفرو توناکەی چونکە بەردەوام دەیەوێ ئازارمان بدا.

بەردەوام دەبێ لە شەر نەخشە بۆ ئەوە دادەڕێژێ کە رۆژێک وڵاتی گوتیەکان وێران بکا .. بە پەنجە ئاماژەی دەکرد : نەمێنێ !

لە پشت خواوەند و یاریدەدەرەکانیەوە پادشای بەرەی پێشەوەی جەنگ دەستی بە جەنگ کردو هاواری کرد :

من ئاشوریی ئۆبالێتم، زەبەلاحی تێکدەرم، لەت وپەت کەری تیپە سەربازەکانم.

- جەنگاوەرانی ئاشور تینوی شەڕن.
- بە دەم هاوار کردنەوە روبەڕوی مردن دەبونەوە: ئەی عەشتار.
- چەند کاتی پێویستە تا بە کرنۆشەوە دەگەنە عەزرای بەڕێز؟
- سەیری راکێشانەکە کەن .

لە ماوەی زیاتر لە سەدەیەک دا لە ( 1362 تا 1242 ب.ز ) پێنج لە پادشاکانی ئاشوری دەبوایە هێرش بکەنە سەر کاشویەکان کە هەردەم بۆ ئەوان سەرچاوەی هەڕەشەو مەترسی بون بۆ سەر دەسەلاتیان لە دیجلە. تا ئەو کاتەی تۆکۆلتیی یەکەم نینۆرتتا هات کە لە یەکەم ساڵی دەسەلات گرتنەدەستیدا توانیی هەموو گوتی وبابلیەکان تا کەنداوی عەرەبی بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەووە. ئەمەو لە شەڕێکی توندا ئەم پادشا ئاشوریە توانیی بە تەواوەتی شکست بە لەشکری کاشویەکان بێنێ و پادشاکەیان کە کاشیتیلیاشوی دوەم بو بەدیل بگرێ. تۆکۆلتیی یەکەم نینۆرتا ( 1242 _ 1206 ب.ز) لە هەندێک نەخشە هەلکەندراوەکانیدا ناوی هەندێک لە شوێنەواری گوتی و کاشویەکان دێنێ، ئەم ناوانە یارمەتیمان دەدات بۆئەوەی بەهۆیانەوە بتوانین بە مەزندە شوێنی سەرەتایی گەلی کورد بە هەردوو لقەکانی گوتی وکاشویەوە دیاری بکەین.

پادشای ئاشوریەکان ئاماژە بەوە دەکات کە بەسەرۆکایەتی لەشکرێکەوە هێرشی بردۆتە سەر چیا یاخی بوەکانی تول سینا لە نێوان شارەکانی ساسیلا و



مانشخانشاری لە پشتی روباری زابی خوارو، لە ناوچەی زۆکۆشکی ولارلاریشەوە تا سنوری گوتیی خاوەن وڵاتی بەرفراوان. سەرەڕای ئەوەی کاسی یەکان بە سەرۆکایەتی کاشیتیلیاشۆی دووەم شکستێکی مەزنیان خوارد بەڵام دوای ئەو شکستەش توانیویانە ماوەی سەدەیەک بونی سەربەخۆی خۆیان بپارێزن .

بابل کە تا ئەوکات لە ژێر دەسەڵاتی کاشویەکاندا بوو ئیتر ئەویش یاخی بوو و ئازادیی وەدەست هێنا. لە هەمان کاتیشدا شانشینی عیلام بەرەو ژیانێکی نوێ کرایەوە، بەهۆی ئەوەی کوردستان ( گوتی و کاشویەکان ) لە هەموو لایەکەوە بە ئاشور وبابل وعیلام دەوری گیرابو بۆیە وردە وردە لەبیر کرا .

لە سێیەم ساڵی حوکمرانی نانسیرابیلیی دووەمی پادشای ئاشوریەکاندا کە بەدڕ ترین پادشای ئاشوریەکان دێتە ناسین هێرشێکی دڕندانەی کردە سەر کوردستان. ئەمەش بەهۆی ئەوەوە هات کاتێک نور ئاداد و ئەمیر داگار لە دانی سەرانە سستیان نواند و دواتر سەرانەیان نەدەدا بۆیە ئیتر پادشاکانی ئاشوری وەکو شێر هاربون و لە شێوەی بەرازی کێوی هێرشیان برد .

ئاشوری دووەم ناتسیرابیلی بە ئاراستەی رێرەوی بابیت ی شاخاوی هێرشی برد. ئەوسا ئەو هۆزانەی ژێر دەسەلاتی نور ئاراد دابون دیوارێکی بەربەستیان لە دەروازەی رێگاکە دروست کرد بۆئەوەی رێگە لە هێرشەکەی پادشا بگرن، بۆیە ئەوکاتەی پادشا ناتوانێ ئەم بەربەستە ببڕێ ناچار روو لە باکوری رۆژئاوا دەکا وهێرش دەکاتە سەر ئەو هۆزانەی لە چیای جودی نیشتەجێن کە پێیان دەوترا ( کینیپا – نیسیر ) و تاڵانیان دەکا. نزیکەی 80 قەلا دەسوتێنێ هێرش دەکاتە سەر قەلای لاربۆسای مەزن بەڵام فەرماندەی قەڵاکە (کیرتیارا) دەبێ وێڕای بێ ئومێدی لە سەرکەوتن، بەرگریەکی پالەوانانەی قەلاکە دەکا دواجار ( زاموا ولولوم ) دەکەونە ژێر دەستی ئاشوریەکان وبە ناچاری سەرانە دەدەن .

دواتر هێرشی تر به هەمان شێوه دەکرێته سەر چیای زاگرۆس و پادشاکانی ئاشوری وەکو شالمانسەری سێیەم ( 858 – 824 ب.ز ) و شامشی ئادادی پێنجەم ( 821 – 810 ب.ز) و تیگلاتی سێیەم بیلاسەر ( 747 – 728 ب.ز) و سەرجونی سێیەم (722 – 205 ب.ز) ئەسەرحەدون (689 – 668 ب.ز ) و هی تریش سەرکەوتن بەدەست دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کورد لە شوێنی خۆیدا لە قەڵاکانی دا بە هێزەوە مایەوەو گوتیەکانیش کە دواتر پێیان دەوترا میدیا بەشداری کاریگەرو بەرچاویان لە تێکدان و روخانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریدا کرد لە (612 ب.ز) .

***

## 5

## ڕێنسانسی فارس و گوتیوم – کوردستان (538ز – 640 ب.ز)

لەسەر تابلۆیەکی گڵێنەیی بە زمانی بابلی نوسینێک هەڵکەندرابو تیایدا (سیروس) ی دامەزرێنەری پادشانشینی ئەخمینی ( 538 – 529 ب.ز ) شانازی بە خۆیەوە دەکا کە مەردۆخی خواوەندی شاری بابل، هۆزەکانی وڵاتی کوتوی ناچارکردوە سەری بۆ دانوێنن. بەڵام ئەمە کارێکی قورسە کە بروا بکەیت ئەم بەیاننامەیە لە پادشای ئەخمینی دەرکراوە، ئەمەش تەنها لەبەر هۆیەکی بچوک ئەویش ئەوەیە کە وڵاتی فارس تازە ئەوکات بوە هێزێکی سیاسی لە ناوچە زیخاویەکانی کەنار کەنداوی فارس، زۆر بە دەگمەن ئەوە



ڕێک کەوتوە کە هێزێکی لەو ئاستە هەبێ بتوانێ شکست بە پادشانشینی گوتیەکان بێنێ لە کاتێکا ئەوان خۆیان لەو شوێنانە قایم کردبو .

بە پێی ئەوەی لە پەرتوکەکەی کۆرش دا هاتوە بەناوی (نقش) ئۆگباری پادشای گوتیەکان خۆی فەرمانداریێتیی لەشکری کوردەکانی کردوە و خۆی یەکەم کەس بوە چۆتە ناو شاری بابل. دوای ئەو ئیتر بە چەند رۆژێک سیروس( دووەم قورش ) بەبێ تەقە چۆتە ناو شار و لە پاداشتی خزمەتی سەربازییدا ئۆگبار بە حاکمی شاری دادەمەزرێنێ دواتریش کرا بە جێگری پادشا لە روباری فورات و دواتریش پادشای سوریاو فەلەستین .

ئەوەی راستی بێ هیچ کۆنوسێکی راستەقینەی پادشاکانی گوتی نیە بەڵام ئەوەی بەردەستە تەنها ئەو کەمە نوسینانەی پادشاکانی ترە کە باسیان لە دەستکەوت و کارە خزمەتگوزاریەکانی ئەوانیان کردوە، بەڵام دیارە کە ئەوانیش هەردەم لە هەوڵی کەم کردنەوەی بایەخ وگرنگی گوتیەکان بونە، ئەگەر ئۆگباروی پادشای گوتیەکان تەنها تاقە تابلۆیەکی هەڵکەندراوی لە دوای خۆی جێهێشتبایە، ئەوا بە دڵنیایەوە دەڵێین کە بە تەواوەتی بە پێچەوانەی نوسینەکانی سیروس (قورشی دووەم ) دەبوو.

دواتر دەبینین کە لە شوێنێکی تر باس لە ئۆگبارو دەکرێ دورنیە کە ئەو پادشا کوری بوبێ کە رۆڵێکی بەرچاوی بوە لە سەرکەوتنی داریۆشی مەزن .

لەگەڵ ئەوەی ئوگباری پادشای گوتیەکان ئەوکات درکی بەو زیانانە نەکردوە کە بە رۆژهەڵاتی شارستان دەگا لە ئەنجامی هاوکارییەکانی لەگەڵ سیروس کە بوە لە ناوبردنی بابل. چونکە ۆتایی هاتن بە پادشانشینی بابلی نوێ (558 ب.ز)) خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوییی سەرتاپای دونیا بوو لە دوو ئاستی بنەرەتیدا رەنگی دایەوە :

1- بەهۆی ئەوە هەموو پادشاکانی رۆژهەڵاتی کۆن یەک لە دوای یەک ( ئاشوری و ئەورارتو و ئەرمەنی و بابلی وگوتی ) هەمویان لە ئاست

مەترسیەکانی دەرەکی بە تایبەتیش لە لای ئاسیای بچوک ودەریای ناوەراستەوە ووشیار وبە ئاگا بوون بۆیە خەسلەتی خاوێنی وبێگەردی خۆیان پاراستبو، بەڵام کاتێک فارس لەسەر گۆرەپانی سیاسەت بەدیار کەوت، چونکە خاوەنی ئەزمونێکی تەواوی ئەو تۆ نەبوو لەم بوارەدا نیشتمان پەروەری ناوداری نەبوو دیسان خاوەنی فەرهەنگێکی نیشتمانیی (ئروستوکراتی) بو بۆیە رێگەی بە ئەغریقیەکان دا نەک هەر ئەوان بەڵکو هەموو جەربەزەو رۆژئاواییەکان کە سنوری وڵاتەکەیان ببەزێنن و بێنە ناوی و وەکو ئامۆژگارو راوێژکاری سیاسەت ری رونیان بۆبکەن وکار بکەنە سەر سیاسەتی ئیمپراتۆریەت. کە پێشتر ئەم کارە تایبەت بوو بە رۆژهەڵاتیەکان . لەو ماوە درێژەدا ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی لاواز و بێ توانا بو تا ئەو ئاستەی لە توانایدا نەبوو هێزێکی کارای بەرگری رێک بخا بۆ وەدەرنانی داگیرکاران کە بە سەرۆکایەتی ئەسکەندەری گەورە بون. بۆیە دەڵێین ئەگەر ئەوکات لە ساڵەکانی ( 335 – 325 ب.ز) پادشای پادشایانی ئاشوری یا ئەرمەنی یاگوتی بوایە هەرگیز ئەسکەندەر نەیدەتوانی لە روباری فورات بپەرێتەوە و وڵات وێران بکا بەڵکو ناچار دەبو بگەرێتەوە دواوە بۆ ئیجا .

2 – بە تێکەڵ کردنی عەقلیەتی ئەغریقی و خۆشەویستی بۆ ئازادی و هەندێک شتی تریش لەگەڵ عەقلیەتە سادەو ساکارەکەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی وجوامێری و ژیانی ئارامیان، مێژووی ناوچەکە بۆگەن کرا لە ماوەی هەزار ساڵدا هەرچی سونبول و داستان و وێنە راستەقینەکەی رۆژهەڵاتی کۆن هەبوو هەمووی شێوێندرا .

راستە کە رەگەزە رەسەنەکانی وەکو عەرەب وئەرمەن وگوتی کاریان تێ ناکرێ و پاکی خۆیان دەپارێزن بەڵام مێژوەکەیان شێواند. هەندێک سەربردەی ئەفسوناوی هەن لە هیرۆدوت لەسەر مسکیپەکان و میدی و گەلانی ترەوە دەگێرنەوە بەڵام شتێکی ئەوتۆ نیە بایەخی هەبێ لەسەر رەگەزە رەسەنەکان بێ



یا لەسەر گوتی بێ . هیرۆدوت لە مێژووی خۆیدا گەلێک جار ئاماژە بە وڵاتی سیسیا دەدات کە دەقاودەق تۆبۆگرافیاکەی لەگەل کاشوی کۆن وڵاتی کاسیت یەک دەگرێتەوە بەڵام بەختیەکانی تر لەسەر سنوری هندۆس لە هیندا دەژین. رونی دەکاتەوە کە لەولا هەندێک جەنگاوەری خێلەکی لە بەختی یەکان هەبون لە ناو سوپای ئەگزیکس دابون. دەڵی کاتێک هێرشی بردە سەر ئەغریقیەکان لە ناویاندا بەختیەکان هەبوون خاوەنی چادری دروستکراو لە پێستی بزن بون ( دیارە هەر رەشماڵەکەی خۆمان بوە ... وەرگێر)هەمویان بە چەکی تیرو کەوان وخەنجەری نیشتمانی پرچەک کرابون. ئەگەر ئەم رونکردنەوەیە راست بێ ئەوا دیارە کە هۆزە کوردەکان ئەوسا تا دەگاتە هیند بونیان هەبوو دەبێ ئەمان ئەوسا لەگەڵ پادشای ئەخمینیەکان داریوسی گەورە ( یەکەم دارا) دەستیان بەو کۆچە کردبێ .

هیرۆدوتی مێژوو نوسی ئەغریقی سەبارەت بە خێلی شکاک زانیاری زیاترمان دەداتێ ئەو دەڵێ : " هۆزێکی کۆچەر هەن بە فارسی دەدوێن پێیان دەوترێ ساگارتیان بەڵام شێوەی جلوبەرگیان لە شێوەی جلوبەرگی نێوان فارس وبەختی دەچێ، ئەوان هەشت هەزار سواریان هێنابو، رانەهاتبون چەکی پۆلایین وبرۆنزی هەڵگرن جگە لە خەنجەر نەبێ هەمویان پەتی لول دراوی دروست کراو لە پێستیان هەڵدەگرت".

ئەم سوارانە کاتێک دەچونە مەیدانی جەنگ پشتیان بەو چەکانەوە دەبەست وشێوەی شەرکردنیشیان بەم شێوەیە بوو، ئەوکاتەی لە دوژمن نزیک دەبونەوە ئەو پەتەیان تێدەگرت کە سەرەکەی تەلەی لێ گیرکرابو ئەوسا بۆخۆیان دەهێنایەوەو ئەوەی بکەوتبایە بەری دەکەوتە بەر دەستیان ولەناویان دەبرد، جا چ مرۆڤ بێ یا وولاخ دواتر دوا بەدوای سوپای فارسدا دەرۆیشتن . دوای نزیکەی سەدەیەک ئیتر هۆزە کوردیەکان لە مەیدانی نێودەولەتیدا وەدەر کەوتن، بەڵام ئەویش هەر بە رێکەوت، ئەوکاتە بوو کە ئەکسنوفان لە ساڵی

( 401- 400 ب.ز) بە 10 هەزار جەنگاوەرەوە تێک دەشکێ بە کوردستاندا دەپەڕێتەوە بۆ دەریای رەش کە لە ناوچەی نێوان بابل وکاردۆخیاندا رەت دەبێ ( کوردستان )، ئەکسنوفان لەم روەوە دەڵێ :" ئەو میدیانەی کاتی خۆی لە شارە گەورەکان نیشتەجێ بون ودواتر کۆچیان کرد ئێستا ئەوان لە میدیا کانی کوردستان سەرسوڕهێنەر ترن ".

ئەو روبەڕوی رم هاوێژەکانی سکیپ ببوەوە کە رمیان تێ گرتبو. ئەگەر و مەزندەیەکی لاوازە ئەگەر بڵێین میدیەکان یا سکیت لەو ناوچەیە نیشتەجێ نەبوبن. ئەم گروپە رەگەزە تەنها بە بۆچون بونیان هەبوە بەڵام دواتر ناویان لە ئەدەبی ئەغریقیدا هاتوە. لەو ساتەی کە 10 هەزار سەربازەکە لە درێژایی لێواری چیای حەمرین دا پاشەکشەیان دەکرد لە روبەرو بونەوەی راستەوخۆی هۆزەکانی گوتی دابون کە لێرە بە میدیا یا کسیت ناویان دەبردرێت . ئەمە سەرەڕای ئەم بۆچونە هەڵانە باسەکەی ئەکسنوفان لەسەر داب ونەریتی گەلی کاردۆخی وشێوازی شەرکردنیان وپەیوەندیان لەگەڵ بێگانەدا باس وشیکردنەوەیەکی راست بوو. ئەم باسەش وەکو هەر باسێک کە لە نیوەی سەدەی رابردو لەسەر ئەم بابەتە نوسراوە .

– کاردۆخیەکان کاتێک بانگی یەکێک دەکەن ئەوەندە درێژەی پێنادەن و سیمای دڵخۆشیان لێ بەدی ناکرێ.

– هەندێک لە کاردۆخیەکان کۆبونەوەو بەیەکەوە هێرشیان بردە پاشهێزەکانی پاسەوانە ئەغریقیەکان، هەرچەندە ژمارەیان کەم بو بەڵام توانیان هەندێکیان لێ بریندار کەن و دواتر بە رم و بە بەرد بیان کوژن. لە کۆتاییدا ئەغریقیەکان دەرفەتیان وەرگرت وکتو پڕ لە هێرشێکدا تۆڵەیان لێ سەندنەوە، هەرچەندە ژمارەی ئەغریقیەکان زۆر بوو بەڵام زیانێکی گەورەشیان پێگەیشت .

– لە شەودا کاردۆخیەکان لەسەر لوتکەی چیاکاندا ئاگر دەکەنەوە و چاودێری بنکەو بارەگاکانی یەکتر دەکەن.



– دوژمنەکان فشاریان خستە سەر ئەغریقیەکان لە کاتێکا رێڕەوەکان تەنگەبەر دەبن وردە وردە بەرتەسکتر دەبنەوە، ئەوان بۆ رێگە گرتن تیرو کەوان ومەنجەنیقیان بەکار دەهێنا لەو تەنگەبەرانەدا، تۆ چاوێک بە چیاکانی کاردۆخیەکاندا بخشێنە دەبینی کە پەڕینەوە چەند کارێکی سەختە. تاکە رێگە کە بتوانی ببینی ئەویش لێژاییە، کاتێکیش لێی نزیک دەبیتەوە، حەشامەتێک لە پاسەوانانی ئەم رێگایە پێشتت لێ دەگرن کە بەردەوام بۆی دانیشتون .

دوای ئەم سەرکەوتنە کاردۆخیەکان لەسەر یەک لەم سێ گردە بەدیار کەوتن، ئەکسنوفانیش لە رێگەی وەرگێڕێکەوە پەیمانی ئاشتەوایی لەگەڵ بەستن. داوای لێکردن کە لەم رێڕەوە تەنگەبەرە بکشێنەوە، ئەوانیش لەوەڵامدا بەرامبەر بە جێبەجێکردنی داخوازیەکەیان داوایان کرد کە لە کشانەوەیاندا گوندەکانیان نەسوتێنن. کاردۆخیەکان بە دەنگێکی بەرزەوە بەرەو پێشەوە جولەیان کرد و تاشەبەردو شەختەو کەویە بەفریان لە ژێر پێیاندا گلۆر دەبونەوە، قاچی یەکێکیان لەم جولە کردنەدا شکا. بە ئاشکرا کوردەکان دوژمنداری هەمیشەیی خۆیان بۆ ئەغریقیەکان دەرخستوە کە ئەوان هەمودەم گوندەکانیان لێ دەسوتاندنن وسەروماڵیان لێ بە تاڵان دەبردن .

لە میانەی حوکمی سەلوقیەکان لە سوریا هۆزە کوردەکان زیاتر پەرتەوازە بون حوکمی سەلوقیەکانیش وەکو حوکمی ساسانی وفارسی ئەوەندەی نەخایاند تەنها نەوەیەک تا دوو نەوە نەبێ. ئەمەش بە هەولوو هاوکاریی گەلی کورد بوە. ئەو گەلەی کە شەڕی خۆش ویستوە لە باو باپیرانیەوە ئەم نەریتەی بۆ جێ ماوە ( ئەو نەریتەی نوسەر باسی لێوە دەکا دیارە لە ئەنجامی چاو چنۆکی دوژمنان و چاو برینەکانیان بۆ خاکی کوردستان روی داوە، ئەگینا هەمو لایەک گەیشتۆتە ئەو بروایە کە شەڕو جەنگ ئەنجامەکەی ماڵوێرانییە، بەڵام ئەگەر شەر دەرگەی ماڵی لێ گرتی خۆ دەبێ بەرگری لە ماڵ ومنداڵ وخاکەکەت بکەیت ،بۆیە ئەم بۆچونەی نوسەر بە نا داپەروەر دەزانم ... وەرگێڕ) کەزۆر جار بەر فەرمان بوە بۆ پاراستنی پێکهاتەی باکوری رۆژهەلات و باشوری رۆژهەڵاتی وڵاتی فارس .

## 6

ئەرمینیا وبارپیا و هۆزە کوردەکان

هیچ کۆنوسێک نیە باس لە نیشتمان پەروەری و ئەدەبی بارپیا بکات. ئەوەی ئێستاش لەسەری دەزانین لە سەرچاوە ئەغریقی و رۆمانیەکانەوە وەرمان گرتوە. بەڵام ئەدەبی کلاسیکی کۆنی ئەرمەنی کە لە سەدەی 14 ی زایینیەوە دەست پێ دەکات گەلێک بابەتی وای تیایە کە چۆنایەتی پەیوەندیەکانی ئەرمەنی لەگەڵ دراوسێ و هۆزە کوردەکان بەگشتی رون دەکاتەوە، ئەم دوو پادشانشینە دێرینە بنەمای هێزیان لە کۆمەلگای نیشتمانییەوە سەرچاوە گرتبو کە لەسەر خاکێکی بە پیت بنیاد نرابو بۆیە بە درێژایی سەدەکان دەسکەوتی زانستی وشارستانیان وەدەست هێنابو. بە تایبەتیش ئەرمینیا شێوازی زانستیی گرتبوە بەر بۆ سەقامگیر کردنی هۆزە کوردەکان، بۆ جێنیش بون و چاندن و خزمەتکردنی رەزو باخەکانیان هانی دەدان، بۆیە دەبینین بە پێچەوانەی دەولەتەکانی تر لە پێناو ئامانجە سەربازیە تایبەتیەکانی خۆیدا هۆزە کوردەکانی پەرتەوازەی چوار لایەکە نەدەکرد، ئەوەتا دیگران پادشای مەزن ( 91 – 55 ب.ز) تەنانەت بۆ عەرەبەکانیش گوندی لە بەرزاییەکانی چیای ئەمانوس دروست کردبو .

## 7

کوردو وڵاتی فارسی ساسانی

ئەردەشێری کوری ساسان لە دامەزرێنەری شانشینی فارسی نوێ دا سەرکەوت ئەویش بە کوشتنی ئەرتاڤان ( 216 – 226 ز) دوا پادشای بارپیا کە بە شێوەیەکی دڕندانە ئەنجامی دابوو، دواتر لەناو بردنی مادیج پادشای



یەکیەتی هۆزەکانی هافبان بوخت ی کوردی ودوا جاریش لە ناوبردنی خوسرەوی پادشای ئەرمینیا کە بۆ ماوەی 10 ساڵ لە سەردەمی حوکمی ساسانیەکان بەرەو سنوری هیند رای کردبو کە زنجیرە کوشتنێکی لەسەر بووە ماڵ، ئەوانەی پادشاکانی ساسانی لە حوکمرانەکان جێبەجێیان کردبو هەروەها تاوانبار کرابو بە پیلانگێران دژی گەلانی دراوسێ. بۆیە دەبینین دۆکۆمێنت و نوسینی کەممان لەبەردەستە لەسەر باری ژیانی ئەو کوردانەی لە ژێر دەسەڵاتی پادشانشینی فارسەکاندا دەژیان، بەڵام مێژوو نوسە موسلمانەکان لەوانە مەسعودی وئەستەخری بەتایبەتی، ناوی نزیکەی 33 هۆزی کوردی لە باشور دەبەن، لەگەڵ هەندێک لە هۆزی کوردی لە خوراسانی باکوری رۆژهەڵاتی وڵاتی فارس. ساسانیەکان بەبەردەوام توشی هێرشی مەگۆلە سپیەکان و تورکەکان دەبونەوە کە دەکەوتنە سەر تخوبی رۆژهەڵاتی باکوری وڵاتی فارس، بۆیە پادشاکانی فارس بەخۆشی یا بەناخۆشی بێ ژمارەیەکی زۆری کورەدکانی لەم شوێنانە نیشتەجێ کردوە بۆ بەرەنگار بونەوەی هێرش بەران و بەرگری کردن لە وڵاتی فارس. ئەوەی راستی بێ بێزەنتیەکانیش هەمان سیاسەتیان پیادە کردوە ئەم سیاسەتە تا سەردەمی داگیرکاریەکانی ئیسلامی لە وڵاتی فارس بەردەوام بوە لە سالەکانی ( 632 – 640.ز ) کە سەردەمێکی نوێ لە رۆژهەلاتی کۆن ی پێ کرایەوە .

# بەشی سێیەم

## ئیسلام و کوردستان
## (640 – 1510ز)

### 1

داگیرکردنی کوردستان

گەلی عەرەب لە گەلانی کۆندانیشتوی ناوچەکانی سەروی روباری دیجلە وفورات نامۆ نەبوو. لە میانی سەدەی دورو درێژەکانی رابردودا پەیوەندیەکانی بازرگانی و رۆشەنبیری وسیاسی رۆلیان هەبو لە پەرە پێدانی راو بۆچونی هەرێمییدا .

بەڵام ئەوکاتەی عەرەبەکان وەکو داگیرکەرێکی خوێن گەرم بۆ ئاینێکی نوێ هاتنە پێش، کوردو ئاشوری وهەمو گەلانی دەوروبەر چونە پاڵ پادشای پادشایانی حوکمی فارس بۆئەوەی دژی سوپای عەرەب بجەنگن. فارسەکان نەیانتوانی ئەوەندە بەرگری و روبەروی لەشکری عەرەبەکان بنەوە کە ماوەکەی لە روبەرو بونەوەی فارسەکان لەگەڵ سوپای ئەسکەندەر مەقەدۆنی زیاتر بێ، مێژوو نوسە ئەرمەن وعەرەب و سوری وبیزەنتیەکان ئەوانەی لەگەڵ ئەو روداو ژیاون شەڕە قارەمانێتیەکەی کوردەکانیان تۆمار کردوە کە دژی لێشاوی عەرەبەکان دەجەنگین .

وەکو پیادەکردنی سیاسەتی عەرەبی، هەموو سەرکردەو فەرماندە عەرەبەکان کە بۆ داگیرکردن هێرشیان دەکرد بە ناوی خەلیفەی ی موسلمانەکانەوە داوایان لە خەڵک دەکرد، یا بڕوا بە ئیسلام بێنن یا سەرانە بدەن. ئەمە وەکو لێکدانەوە بۆ رق لێ بون و کین لێ هەڵگرتن نەبو بەڵکو وەکو سەرچاوەی داهات بوو بۆیان، بەم شێوەیە عەرەبەکان ئیسلامیان بەسەر فارس وکورددا سەپاند بەسەریاندا کردە زۆر چونکە فارسەکان بت پەرست



بوون سروشتیان دەپەرست بەڵام میانڕەوو لێبوردە بوون لەگەڵ هەموو ئەو نەتەوانەی کە ئەهلی کاتب بون.

لە ماوەی 70 ساڵدا ( 640 – 710 ز) گەلێک پەیماننامەی ئاشتەواییان لەگەڵ ئەو نەتەوە ئەهلی کتابانەدا مۆر کرد کە لە نێوان روباری دیالە وچیای قەوقازدا دەژیان . ئەوەی شیاوی باسە ئەو راستیەیە کە خەلافەتی عەباسی لە بەغدا هەرگیز لەوە سەرنەکەوت کە هۆزەکوردەکان ئەوانەی لە نزیک پایتەختەوە بوون بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەڵکو بە پێچەوانەوە شەڕی ناوخۆی موسلمانەکان بوە هۆکاری زیاد بونی لایەنگرانی دژی موسلمانەکان .

خەلافەتی عەباسی ژمارەیەکی زۆری لە پادشاکانی تورک لە ئاسیا و ناوەراست لەخۆ گرت بۆ ئەوەی دژی نەیارانیان لەگەڵیاندا بجەنگن، بەڵام پادشاکانی کوردو ئەرمەن و گورجی وهەندێکی تریش کە هەر بە ناو دانیان بە گەورەیی خەلافەت نابو لە سەدەی نۆیەم بەولاوە دەستیان کرد بە دەرچون لە تاریکی. دوبارە دەرەبەگە کوردەکان دەسەڵاتە نەریتیەکەی خۆیان لە سەرتاسەری وڵاتی فارسی رۆژئاوا سەپاندەوە .

باوکی عەلی کوری مەروانی دۆستەکی بابەخیی چوار بوختی (لە چوار هۆزە بوختیەکەیە) لە نەوەکانی یەکیەتی هۆزەکانی بوختیی بابەخیی مێژویی یە، شانشینی باکوری دیجلەی دامەزراند کە پایتەختەکەی فارقین بوو، فارقین دەکەوێتە دوری یەک رۆژ لە دیار بەکر، لەکۆن تیگرانوکیرتا بو پایتەختی باشوریی تیگرانی پادشای ئەرمەنی بوە کە بە ( تیگرانی مەزن ) دەناسرا. بەڵام مەروانی چاربەختی ئەم شانشینەی بەناوی خانەوادەی خۆی نەکردوە بەڵکو ئەو خۆی و ئەوانەی دوای ئەویش هاتون ناویان ناوە ( مەروانیە) وا پێدەچێ کە ئەم ناوە بۆ ئەوسەردەم گونجاوتر بوە و زیاتر لەگەل کەش و هەوای ئەوکاتی سەردەمی ئیسلام دەهاتەوە. نەوەکانی مەروانیە حوکمی فارقین و دیاربەکر و

جەزیرەی کوری عومەر ( جزیرە)یان کردوە لە ( 685 – 1063ز)، یەکێک لە پادشاکانی کە ئەبو نەسر ئەحمەد بوە 53 سالی حوکمرانی کردوە لە (1010- 1063 ز) شارەکانی بە باڵاخانەو ساختمانی جوانی بنیاد ناوە کە پڕی بوە لە خانەو گەرماو و پرد و ڕێگەوبان. دواتر لەسەر چاوبڕین لە سامان و سەروەتدا کێشەو دەمەقال دەکەوێتە ناو خانەوادەی نەوەکانی، بە هۆیەوە داوای هاوکاری لە بێزەنتیەکان دەکەن ئەوە بو ئیتر لەسەر دەستی سەلجوقیە برسیەکان لەناو دەبردرێن چارەنوسیان بە چارەنوسی دەسەلاتە هاوبەشەکانی تری کوردی – عەرەبی / کوردی – فارسی گەیشت. کە دواتر دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی نێوان کوردستان و روباری قەزوین داکێشا و سیستەمێکی پیادە کرد کە بریتی بو لە سیستەمی ( خەساندن لە لایەک ودەست خستنە ناوکاروبار بە ناڕەوا، لەلایەک ) بێزەنتیەکان تەنها بەوە نەوەستان کە بە پیر هاوکاری دۆستەکانیانەوە نەیەن لە ڕۆژهەڵات بەڵکو هاوکاریەکی باشی سەلجوقیە کانیشیان کرد لە پێناو لاواز کردنی دۆستەکانیان و سەرەکوتنی سەلجوقیەکانیش .

ئەوەی راستی بێ دانیشتوانە کوردەکان گەلێک ئازار و مەینەتیان لەدەست سەلجوقیەکان کێشا بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی کوردەکان خاوەن مەڕو ماڵات وبە ژیانی کۆچەریەوە خەریک بون کۆکوردنەوەو گواستنەوەی سەرو مالیان لا کارێکی ئاسان بو بۆیە کاتێک هەستیان بە مەترسی دەکرد دەکەوتنە خۆ لە کۆکردنەوەو کۆچ کردن بەرەو چیاکان کە بەرگری کردن لەوێ کارێکی ئاسانتر بوە .

دیارە کە سەلجوقیەکان لە پێدەشتەکانی ئاسیای ناوەراستەوە هاتبوون بۆ ئەوان هەلگەڕان بەسەر چیاکانەوە کارێکی سەخت بوو بۆیە ناچار دەبن وەکو رەوە کلۆ بۆ ئەنادۆل دەپەڕنەوە. لە دوای خۆیاندا هەندێک سوڵتانی خۆجێییان جێ هێشت کە پێیان دەوتن ئەتا بەگ زۆربەیان جاش و خۆفرۆش بوون .



ئەوەی لەم میانەدا چەسپا زۆر رەشبینتر و خەتەرناکتر بو بەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆندا ئەویش ئەوەبو کە رویدا بریتی بوو لە شەپۆلی دووەمی داگیرکاران کە دوای شەپۆلی تورکمانە دەربەدەرەکان هاتن، ئەوان کراس لەبەر بوون، پێ پەتی وبرسی بوون، لە پێشەوەی کاروانی شەپۆلەکە خۆیان و داشقەکانیان کە بە گاجوت رایان دەکێشان بەخۆیان و خێزانەکانیانەوە رێیان دەگرتە بەر، لە (1100-1180ز) دەستیان بە دۆلە ساردەکانی نێوان دەریای قەزوین و کوردستانەوە دەگرت کە هەموو پاوان وسەوزاییەکانی لێ بوو.

هەریەک لە بەتریرک ی سوری میخائیل وئیبن ئەسیری مێژونووسی ئیسلامی شایەدحالی ئەم روداوەن. ئەوان باسیان لەو ململانێیە خوێناویە دورو درێژە کردوە کە لە نێوان هەماوەند و بۆتانی و شکاک وهۆزەکوردیەکانی تر روی داوە دژی گروپەکانی تورکمانی کە چۆن بەرگریان لە گوند وپاوانەکانیان کردوە، بەڵام لە دووری یەکیەتی ویەک کارو هەلوێستی هۆزەکان کە لێرەو لەوێ بەجیا دەجەنگین وبەرگریان دەکرد. ئەمە سەرەڕای نواندنی ئەو پالەوانێتیە لە پێناو بەرگری کردن لە نیشتمان وچیاکانیدا .

***



## سوڵتان سەلاحەدین و خاچپەرستەکان
## ( 1137 – 1193 ز )

وا پێدەچێ ئەو مەترسیەی هەڕەشەی لە نیشتمانی کورد دەکرد لە ماینەی جێنیش کردنی گروپە تورکمانیەکان لە لێواری چیای زاگرۆس و پێ دەشتاییەکاندا، کوردەکانی هەراسان کردبوو. ئەم کارە سەرکردە کوردەکانی وورووژاند بۆ ئەوەی هەلوێستێک دژی وەرگرن، یەکێک لە مەزنترین ئەو سەرکردانە یوسف سەلاحەدین بوو کە لە ( 532ی کۆچی واتە 1138/1137 ز) لە قەلای تکریت لە باکوری عێراق لە دایک بوە ئەیوبی کوری شاژیی باوکی سەلاحەدین لەوێ فەرمان ڕەوا بوە .

ئەیوب خۆی لە قەلای دوین لە ئەرمینیا لە دایک بوە لە سەر روباری ئاراکس، لە تەمەنی گەنجێتیەوە چۆتە خزمەت مەحمود زەنکی حاکمی موسل، ئەویش دەیکا بە حاکمی شاری بەعلەبەک لە لوبنان، سەلاحەدین لەو شارە سوریە رۆشەنبیر دەبێ، دواتر لەلایەن خەلیفەی فاتمیەکانەوە لە قاهیرە داوا دەکرێ بۆئەوەی بچێتە ریز خزمەت سوپاوە، لە ساڵی 1171 ز سەلاحەدین بە تەواوەتی بەسەر خەلافەتی فاتمیدا لە قاهیرە زال دەبێ، حوکمی ئەیوبی ئەوسا دادەمەزرێنێ کە بۆ ناوی ئەیوبی باوکی دەگەرێتەوە، ئەم کارانەی بە پێی



نەخشەو پلانی توکمەکراو جێبەجێ کردو بەهۆی کەش و هەوای گونجاوو لەبارەوە .

ئەم کوردە مەزنە توانیی سوریاو عێراق لەژێر دەسەڵاتی خۆی یەکبخا. فەرمانرەوایە زەنگیەکان لە حەلەب وموسل و دیاربەکر وژمارەیەکی زۆری سەلجوقیەکان وهی تریشی خستنە پاڵ میرە کورد وعەرەبەکان لە جەزیرەی عەرەبییەوە تا روباری دیجلە، ئەوە بو کە سولْتانی سەلجوقیەکانیش لە قونیە ناچار دەبێ دان بە سەروەری حوکمرانی سەلاحەدینەوە بنێ، توانیی ناوە زۆربەی پادشاکانی لاتینی لەناو بەرێ کە ئەوکات حوکمی فەلەستین وکەنارەکانی سوریایان دەکرد .

بە بۆچونی سەلاحەدین دەسەلاتدارانی ئەورووپا ئەم تۆلەیەی لێ دەکەنەوە، بۆیە بانگخوازی سەرجەم رۆژهەلات دەکا کە دژی فەرەنگیەکان بوەستن وجەنگ بکەن، هۆزەکوردەکانی لە گۆتیۆم وبۆتان هەروەها ئێزدیەکان لە چیای شەنگار راچلەکاندان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری عەرەب وئاشوری وئەرمەنی گورجی، دیارە ئەمانیش هەمویان بە پیر بانگەوازەکەیەوە دەچون .

ئیمپراتۆرو پادشاکانی ئەورووپی هەڵمەتی سێیەمی خاچپەرستەکانیان دەست پێکردبو بۆ رزگار کردنی شوێنەوارە پیرۆزەکانی کریستی لە دەست سەلاحەدین، سوپای خاچپەرستەکان کە بریتی بون لە سوپای زۆری فەرەنگی وئەلمان وئینگلیز و ئەورووپای رۆژهەڵات توانیبویان سەرکەوتنی بچوک وەدەست بێنن، سەرەڕای خۆشیی سەرکەوتنەکانیان یەکەم کار کە کردیان تاڵان کردنی سامانی برا کریستیەکانیان بوو لە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی .

ئیمپراتۆری ئەلمانی فردریک بارباروسا کە فەرماندەی هەڵمەتی سێیەمی خاچ پەرستان بوو لە کاتی خۆشوتندا لە روباری کیلیکیا دەخنکێ، دوای ئەم رودواوە ئیتر هەمو لایەنگرانی پەرش و بڵاو دەبن ئەمە لە کاتێکا ریچارد ( دڵی شێر ) پادشای ئینگلتەراو فیلیپ ئۆگست پادشای فەرەنسا لەوێ دەبن بەڵام چونکە

کەسیان متمانەو بڕوا بەوی تر ناکا توشی شپرزەیی دەبن، دوای ئەوەی چەند شارێک لە کەنارەکانی سوریا دەگرن ئیتر دەکشێنەوە دواوە، بەڵام ئەمە دوای ئەوە دێ کە زۆر دەچێژن وکەم سود وەردەگرن .

سەرەڕای ئەوەی کە سەلاحەدین لە گەڵ دەسپێکردنی هەڵمەتی چوارەمی خاچ پەرستان لە سالی ( 1193ز) کۆچی دوایی دەکا، لەگـەڵ ئەمەشـدا کەسایەتیی مەزن و دیاری سەلاحەدین لە لای خاچ پەرستان و لە رۆژهەلات هەر دەمێنێ. لە مێژوو نوسە عەرەبە (موسلمانەکانمان ) زانی کە دەربـاس ی سەرکردەی هۆزێکی کوردی ئێزدی بوو پادشای فەرەنگ ی بە دیل گرتبـو، ئێزدیەکانی چیای شەنگاریش ژمارەیەکی زۆری سەرکردەی فەرەنگیـەکانیان بەدیل گرتن .

لەو کاتەی لە ژیاندا بوو سەلاحەدین براو خزمەکانی خۆی لـە سـوریاو موسل وئەرمینیا خستبوە سەر تەختی پادشایەتی، ئەگەر لـە کـاتی هـەرەتی دەسەلاتیدا هەندێک هەنگاوی بهاویشتبایە بۆئەوەی دەسـەڵاتی کـوردی لـە زاگرۆس وئازەربێجان و ئەرمینیا و تورۆس جێگیر بکا وەکو بنکەیەک بـۆ خۆی ، ئەوا ئەوسا خزمەتێکی هەتاهەتایی نەک تەنها بە کورد دەکرد بەڵکو بە هەموو ناوچەکە بەگشتی دەکرد .

وڵاتی فارس لەروی هێزەوە ماند و وشەکەت بوو، بێزەنتیەکانیش دیارە کە بێتوانابون هەروەها پادشانشینی جۆرجیا ومیرە ئەرمەنە کانی باکوری روبـاری ئاراکس لە قۆناغی دروست بونی هێزدا بون، بۆیـە دەبیـنین ئـەو کاتـەی سەلاحەدین میسر هەلدەبژێرێ بۆ جێنیش بـون و سـەقامگیربونی خـۆی و خەلیفەکانیش لە دۆلی نیل دادەمەزرێنێ، ئەوسا هیچ دەسەڵاتێک لە رۆژهەلاتی کۆن نامێنێ کە لە هێرشی هۆزەکانی ئاسیای ناوەراستیان بپارێزێ .





3

## شاڵاوەکانی مەگۆل وتەتەر

( 1210 – 1500

### هۆلاکۆ

لە میانەی شاڵاوەکانی مەگۆلیدا دە لە ئاسـیای ناوەراسـتەوە دەهـاتن رووداوێکی خۆنیشاندانی رویدا کە لەم رووداوە هەڵوێستی کوردەکان سەبارەت بە داگیرکاریەکان بەدیار دەخا، خانی مەزنی مەگۆلیەکان مەنگۆخان رێنمـایی بە هۆلاکۆی برا بچوکی خۆی دابو کە دەبێ دەست بەسەر هەمو ناوچەکانی خەلافەتی عەرەبی وولاتانی ئاسیای رۆژئاوادا بگرێ بۆ ئەنجامدانی ئەم بریارەشی لەشکرێکی مەزنی مەگۆلیەکانی خستبوە ژێر دەسەڵاتی هۆلاکۆ، رێنماکـانیش بەم شێوەیە دەبن :

هەردەم گوێ لە ئامۆژگاریەکانی دقوز خاتون دەگری ( خێزانی هۆلاکۆ) .

هەمو ئەوانەی گوێ رایەلت دەبن مامەڵەی باشیان لەگەڵدا بکە .

هەموو یاخی بوەکان لەناو بەرە .

له سەر رێگای خۆتدا هەرچی قەلاو بنکەیەک کەوتە پێشت دەستی لێ بوەشێنه .

تۆرانەوه راماڵه تا ئێران .

کاتێک لەم کاره تەواو دەبێ هەموو لوڕ و کوردێک بکوژەو لایەنگرانی لەناوبەره له ( کەرده کو و لەمبه سەر ) ئەوانه رێگه لەخەلک دەگرن ودڵەراوکێ دەخەنه دڵی کاروانچیان. پێشەنگی هێزەکانی هۆلاکۆ کەبه سەرکردایەتی نایمان کیتبوگا دەبێ به کتو پڕی روبەروی تایەفەی حەشاسیی ئیسماعیلی دەبێ له کوهستان، بەسەریاندا زاڵ دەبێ وسوپای مەگۆلی بەرەو هەمەدان هێرش دەبەن، له رێگەی رێڕەوه کانەوه گەیشتنه چیای کورد، له کرماشانەوه هۆلاکۆ فەرمان دەردەکا بەرەو بەغدا هێرش بەرن، تیپێک له سوپا به فەرمانداریێتی (ئەرکیا نویان) بەڕێ دەکا تا هێرش بکاته سەر قەلای کوردەکان له هەولێر که قەلایەک بوو نمونەی نەبوو. سەرکردەی کوردەکان که ناوی ساڵح ئەربیلی دەبێ ئامادەیی خۆی دەرخست بۆ خۆ وەدەستەوەدان، بەڵام سەربازەکانی رازی نەبون، کاتێک هەولی ئەوه دەدات قەلای هەولێر رادەستی مەگۆلیەکان بکات سەربازەکان گولەبارانی دەکەن، شەوێک له شەوان کوردەکان هێرش دەکەنه سەر بنکەیەکی مەگۆلیەکان دەستی بەسەردا دەگرن وئەوەی تیاییوو دەیکوژن وبنکەکه و به کەلوپەلی گەمارۆدانیشەوه ئاگریتێبەر دەدەن ئیتر به سوکو خێرایی دەگەرێنەوه بنکەکانی خۆیان له قەڵا. ئەو کارەساتەی بەسەر مەگۆلیەکاندا هات ورەی ئەرکیا نویانی دابەزاند، بۆیه ناچار دەبێ گەمارۆ لەسەر هەولێر لابەرێ، بەڵام هاوینی داهاتوو دوباره هەولێر گەمارۆ دەداتەوه، بەڵام کوردەکان ئەوسا قەلایان جێ هێشتبوو، چونکه ئەوان ساڵانه بۆ رەوەلاندنی مەڕو مالاتیان رویان له کوێستانەکان دەکرد، ئەوکات ئیتر مەگۆلەکان توانیان بچنه ناو قەلاو له تۆلەی ئەوەش وێرانیان کرد، ئەوەی



راستی بێ هۆزه کوردەکان بەرگریەکی باشیان دژی خودی هۆلاکۆخان کرد له بۆتان ودیاربەکر، بەڵام له کۆتاییدا شکستیان خوارد و روبەروی کۆکژی وکارەسات بونەوه لەسەر دەستی مەگۆلیەکان. له میانەی دوسەدەو نیوی داهاتوشدا ( 1502-1260) حوکمی مەگۆلیەکان کەوته دەست ئیلخانیەکان وتەیمورلەنگی تەتەر ( (1405-1387) و دواتریش خەلیفەکانیان، ئەوانیش بەبەردەوامی له کێشەو ململانێدا بون لەگەل ئەو کوردانەی که لەگەلْ ئەرمەنەکاندا تەبا بون، هەروەها لەگەل تورکمانه ئاق قۆینلۆ یەکان و ( بەرخی سپی) که بەر له دوو سەده لەو ناوچەیه نیشتەجێ ببون. ئەو کاتانەی گەردەلولی شالاو و پەلامارەکان ئارام دەبونەوه دانیشتوانه رەسەنەکه دەستیان به بنیادنان وئاوەدانکردنەوەی کاولکاریەکه دەکردەوه، به چەند ساڵێکی کەم ئابوری وکشتوکال و پیشەسازیەکەیان ده بوژاندەوه ، دیاره له ژێر سایەی سیستەمی ئابوریی سادەی چەرخی ناوەراستدا چارەسەریەکان خێراو ئاسان بون .

بەشی چوارەم

## داگیرکاریی عوسمانی وهۆزە کوردەکان
## (1514-1890ز)

### 1

### دەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستان

لەگەڵ دەسپێکی سەدەی شانزەهەمی زاینیدا چەرخێکی نوێ لە رۆژهەڵات دەستی پێکرد : دوای نۆ سەدە (639-1502ز) لە تێکشکان و پارچە پارچە بوندا وڵاتی فارس بە سەرۆکایەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی دوبارە سەری بەرز دەکاتەوە، یەکیەتی دەسەڵاتی دەگێرێتەوە بۆ یەکەم پایتەختی لە تەبرێز (ئازربایجان) و دواتریش لە ئەسفەهان .

لە لایەکی تریشەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چنگی لە قوستەنتینیەو وڵاتەکانی بەلکان قایم کردبو .چاویشی بریبوە ناوچەکانی نێوان روباری فورات وئیمپراتۆریەتی فارسی سەفەوی کە وڵاتی عەرەبی وکوردستان وئەرمینیا وگورجستان دەگرێتەوە.



هەڵوێستی ئەم گەلانە بۆ هەریەک لە شای فارسی وسوڵتانی عسمانی پربایەخ وگرنگ بوو، وڵاتی فارس لە لایەن ئەو گەلانەوە بەو یەکیەتیە عەلمانیەوە ناسرابو کە لەگەلیاندا هەیبوو، بەڵام تورکیا لە مەودایەکی دورتر بوو لەگەڵیاندا، کەسایەتی دەسەڵاتدارانیان پێویستی بەوە دەکرد کە زیاتر بیانخەنە ژێر ئەزمونەوە .

سوڵتان سەلیمی یەکەم ( 1512-1520 ز) باوکی خۆی لە سەر حوکم هێنایە خوار خۆی دەسەڵاتی گرتە دەست، سوڵتان سەلیم لە حاکمە تورکە چالاکەکان بو، وەکو زۆربەی عەرەب وتورکەکان توندڕەو بوو، بەڵام فارسەکان شیعە بوون، ئەوە بوو کە سوڵتان فەرمانی دەرکرد بە سەربڕینی نزیکەی 40 هەزار موسلمانی شیعە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی .

لە کۆشکی زستانییدا لە ئەماسیا ی تورکیای ئاسیایی سوڵتان سەلیمی یەکەم داوای لە شا ئیسماعیل کرد دەست لە مەزهەبی شیعە هەڵگرێ و ئەو خاکانەی هی تورکن بیانگێرێتەوە بۆیان، شا زۆر لەم داوایە توڕە دەبێ بۆیە زۆر بەتوندی وەڵامی دەداتەوە لە ئەنجام لە نێوان ساڵەکانی (1514-1516ز) شەڕ لە نێوان هەردوو لا لە نزیک شاری قارس رودەدا کە پێی ووترا شەری چالدیران، لە ئەنجام فارسەکان شکست دەهێنن و شا ئیسماعیل رادەکاو تەختی پادشایەتی جێ دەهێلێ و خەزنەی دەولەتیش دەکەوێتە دەست سوڵتانی عوسمانی.





سەرکەوتنی عوسمانیەکان لە چالدیران بوە خالّێکی وەرچەرخان لە مێـــژوی نوێی هۆزە کوردەکاندا، عوسمانیەکان زۆر زانیاریان لەسەر هۆزە کوردەکـــان بۆ رون بۆوە لەوانە دابەش بونی جوگرافی و ناوی هۆزو تیرەکـــان و نـــاوی ناوچەو سەرۆک هۆزەکانیان .

ئازایەتیەکەش بۆ مەلا ئدریسی پیاوی دەولّەت دەگەرێتەوە، ئەم پیاوە کوردە خەلّکی شاری بدلیس بوو کاتی خۆی سکرتێری یەعقوب خانی داواکـــاری کۆشکی فارسی بوو، ئەوکاتەی لە چالدیران بوو مەلا ئدریس خزمەتی زۆری بە سولّتان سەلیمی یەکەم کردوە، ئامۆژگاریی گرنگی سەبارەت بە کوردستان وئەرمینیا پێداوە، لە سالّی 1515 ز سولّتان سەلیم بە تێلەگـــەو دیاریـــەکی زۆرەوە رەوانەی لای سەرکردە کوردەکان لە گۆتیۆم وزاگـــرۆس کـــردوە بۆئەوەی خۆیان لە هاوپەیمانێتی لەگەل فارسەکان دوور بگرن و لایـــەنگری دەولەتی عوسمانی بکەن .

دیارە 9 لە بەگە کوردەکان گوێرایەلّی داخوازیەکەی دەبن وپشتگیری لە دەولەتی عوسمانی دەکەن، بەلّام 14 سەرکردە کانی تـــری کوردەکـــان لـــە بنکەکانی زاگرۆس وتۆرۆس گوێ لە داواکاریەکەی مەلا ئدریس رانـــاگرن، مەلائدریس بەناوی سولّتانەوە لەگەلّیان کەوتە رێکەوتنێک، بۆیە سولّتان بـــۆ هەمویان فەرمانێکی ئیمپراتۆریی نارد کە تیایدا دانی پێنابون وەکـــو بەگلـــەر مامەلّەیان لەگەلّ بکاو هەمو مافە جێماوەکانیشیان پارێزراو بێ کەس بۆی نەبێ لێیان بسەنێتەوە، بەو پێیە مافی ئەوەیان دەبێ وەکو حکومەتی کـــوردی بـــاج وەرگرن خاوەنی خاک وقەلاو دەسەلّاتی خۆیان بن، لە کاتی جەنگیشـــدا بـــە ژمارەیەکی دیار بەشداری لە سوپا بکەن .



بۆیە ئەو بەگلەرانە پێیان خۆش بوو کە ناو لە خۆیان بنێن دەرەبەگ ئەمەش بوە ئیمپراتۆریەت لە ناو ئیمپراتۆریەتێک دا، ئەمانیشیان خستنە ژێر فـــەرمان و دەسەلّاتێکی سەربازیی بەگلەربەگێک لە ئەنازۆل، کە فەرمانـــدەی گشـــتیی سوپایە لە ئاسیای عوسمانی. ئەم پیلانەی مەلا ئـــدریس بـــۆ رێکخســـتنەوەی سیستەمەکە سنورەکانی لە هێرشەکانی فارسی پاراستن، چـــونکە ئـــەوکات سنورەکانی نێوان روباری دیالەو زاب لە لایـــەن حکومەتـــەکانی کوردیـــەوە دەپارێزرا ( حوکمەتە نیمچە سەربەخۆکان ) .

مەلا ئدریس هەستی بەوە دەکرد کە دانیشتوانە رەســـەنەکەی ئـــەرمینیا سۆزیان بۆ فارسەکان دەچێ ، بۆ ئەوەی ناوچە ستارتیجیەکان بـــە ئـــارامی وئاشتی بهێلّێتەوە مەلا ئدریس خۆی و سەرکردەی هۆزە مەزنەکانی کـــوردان کە لەگەلیاندا هاوپەیمان بوون لە دیاربەکر و تۆرۆس هاندا کە کۆچ بکەن بۆ وان وقارس و ناوچە ئەرمەن نشینەکان، بە گفت و پەیمانی پۆستی ئیداری و پلەو پایەی سەربازی ودروست کردنی کەرتی سەربازی بۆیان، ئـــا بـــەم شـــێوەیە تورکیش وەکو فارسەکان لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان کوردەکانیـــان تەحشان وپەخشان کردوە .

هۆزە کوردەکان بە هەولّی مەلّا ئدریس کەوتنە رێککەوتن لەگەل سولّتانی عوسمانیەکان بێ دەربڕینی هیچ نارەزاییەک، بە هەولی ئەو زانا کوردە بوو کـــە سەرۆک هۆزە کوردەکان بە ئەقلیەتـــە توندەکانیانـــەوە لەگـــەل ســـولّتانی عوسمانیەکان بەیەک گەیشتن .

دیارە کە ئەو ئومێدە لە میانەی دوو سەدەدا ئانجام دراوە، سەرەڕای جەنگە دورو درێژەکانی یەک لە دوای یەکی نێوان تورک وفـــارس لـــە ســـالەکانی ( 1514-1516) و ( 1534-1556 ) و ( 1587-1628) و 1636-1638) و ( 1724-1732)، لە ئەنجامی ئەو شەرانەدا هەرێمـــە سنوریەکان بەشێکیان لێ کاول کرا و گەنجە کوردەکـــانیش کـــە زۆر بـــە دلّگرانیەوە دەچونە ریزی سوپای تورکیەوە لەو شەرانەوە گلّان کە لە نێـــوان تورک و ولّاتانی ئەوروپی ئەنجام دەدران .

دوای ئەوە نەوەی داهاتوش ئەوانەی لە چیاکان دەژیان کە کەس دەستی پێیان نەدەگەیشت بۆ ماوەیەکی زۆر سودیان لەو هاوپەیمانێتیە وەرگرت کە لەگەل دەولەتی عوسمانی مۆریان کرد بوو، بێ ئەوەی هیچ بەرپرسیارێتیەکیان بۆ بگەرێتەوە، ئەوان سودیان لە نیمچە ئۆتۆنۆمیەک وەرگرتبوو کە لەژێر سایەی ئەو دۆخەدا هاتبوە کا ، گەلێک جار ئەوان هیچ جۆرە سەرانە وباجێکیان نەدەدا، چونکە لای ئەوان هەرکەسێک لە رۆژئاواوە بێت بەبێ جیاوازی ئاین ورەگەز ئەوا بێ سێو دوو رۆمی یە دەبێ پێشی لێ بگیرێ و رێگە نەدرێ پێ بنێتە خاکیان جا ئەو کەسە تورک بوایە یان ئەوروپی بە دیدی ئەوان داگیرکەر بوو ، چونکە ئەو هۆزانە نیمچە دابراوێک بوون لەو ناو چیایانە ئەوەیان لەیەک جیا نەدە کردوەوە.

دواتر هۆکارێکی تر هەبوو کە پاساوی ئەوە بوو سەرۆک هۆزەکان بە هاوپەیمانێتیەکە یان پابەند نەبن، ئەویش ئەوەبوو کە دەولەتی فارس دراوسێی کوردەکان بوو هەر چەندە ئاژاوەی سیاسیی تێ کەوتبوو بەڵام ئەگەر لەمە زیاتر سوکایەتیان پێی بکردبایە ئەگەری ئەوە هەبوو ببێتە دوژمنێکی دڕندەو بە گژیانەوە بچوبایە ئەوساش قوستەنتینیەو پایتەختی عوسمانیەکان لێیانەوە دوور بو، دیارە کە هەر لە دەسپێکی حوکمرانی سلێمانی قانونیەوە ( 1520-1566) ئیمپراتۆریەت خۆی توشی کێشەی بوە لە ئەوروپا بۆیە بە فریایانەوە نەدە کەوت .

دواتر دەرکەوت کە شارستانێتیی تورکەکان نەیتوانی کار لە کوردەکان بکا راستە کوردەکان نەخوێندەوارو ماوەیەکی زۆریش بو بەکردەوە لە دونیای دەرەوە دابرابوون ، بەڵام سەرکردەی ئاسایی کورد چالاک و چاو تیژە لە روی زانین ودرک پێکردنەوە جیایە، لە کاروباری کورددا سەری باش دەردەچێ، دواتر ئەوە دەزانێ کە داگیرکەرە تورکەکان هیچ زمانێکی ئەدەبی نازانن و خاوەنی هیچ داب ونەریتێکی ئەدەبی نین، ئەوان لە ئەبجەدی عەرەبی وئەوروپی زمانی نوسینیان بۆ خۆ پێکهێناوە پێکهاتەی وشەکانیان لە پێکهاتەی عەرەبی و فارسی دروست بوە بەڵام کوردەکان خۆیان خاوەنی داستانی



کەسایەتی خۆیانن خاوەنی ئەفسانەو داستانی لەم شێوەن کە لە شیعرەکانی عەرەبی وفارسیدا ناویان هاتوەو ئاماژەیان پێدراوە .

لەگەڵ ئەوەشدا سوپای تورک سەرکەوتنی وای بەدەست دەهێنا کە لە سەرتاپای دونیا دەنگیان دەدایەوە، لە زۆربەیساڵەکانی سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەم دا ئەوروپا لە ژێر پۆستالی سوپای تورکەکان دەیناڵاند. بەڵام وڵاتی عەجەم ( بەزمانی گەلانی دەوروبەر پێی دەوترێ وڵاتی فارس ) کە نزیکی دەولەتی عوسمانی بوو توانیی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ کە خاوەنی سیاسەتێکی کارا وگونجاو بو بەپێی بارو دۆخەکە. ئەوەی شیاوی باسە فارسەکانیش بەو سەرکەوتنانەی دەولەتی عوسمانی لە ئەوروپا نیگەران بوون، بۆیە نێردەو گەشتیارانی ئەوروپی گروپ گروپ سەردانی وڵاتی فارسیان دەکرد تا لایەنگری و دلسۆزی خۆاین بۆ دوپات کەنەوە و ریزو ستایشیان بۆ شا دەربڕن، بەڵام نەیان دەتوانی هیچ یارمەتیەکان پێشکەش کەن کە دژی تورک بێ .

بە پێچەوانەی ئەمەش گەلێک نێردەی بڵاوکردنەوەی ئاینی کریستی دەگەڕان بەدوای کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ فارسەکان تا هێرشێکی خاچپەرستانەی نوێ بکەنە سەر تورکەکان، گەلێک لە نوسین و تابلۆی ئەرمەنی ویادەوەریی نوسراوە لەو سەردەم و سەدەدا ئەوە نیشان دەدەن کە ئەوان تا چ ئاستێک نیگەران وپێنارەحەت بونە بەو سەرکەوتنانەی تورکان لە ئەوروپا و رەنگدانەوەیان لە ئەقلیەتی رۆژهەلاتدا .

ئەو کاتەی شا عەباس لە ( 1585-1628 ) دێتە سەرتەختی پادشایەتی لە وڵاتی فارس، کە بە چالاکیەکانیەوە ناسرابوو بەرنامەیەکی نوێ دادەرێژێ بۆ بەرەنگاربونەوەی تورکەکان. بەڵام پێویستیی بە یارمەتی ولێ ئالانەوەی گەلانی نێوان کەنداوی فارس وقەوقاز هەبوو، نەیدەتوانی ئەو سامەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە بەسەر زۆربەی هۆزە کوردەکانەوە نیشتبو بشارێتەوە، بۆیە هانی ئەمیر شەرەفەدین ی بدلیسیی دا کە مێژو نوسێکی کورد بوو خۆی و نەوەکانی شەرەفخان کە والیی بدلیس بوو، بەزمانی فارسی مێژووی هۆزە

کوردەکان  و رەچەلەکیان بنوسێتەوە، دیارە مەبەستی لەو کارەی ئەوە بوو تا ئەو پارێزکاریە بوروژێنێ  کە لە کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە و ئەو یەکیەتیەیان بە بیر بێنێتەوە کە لەگەڵ فارس و رۆژهەلاتدا هەیانە ئەوسا چاوپۆشی بکەن لـــە لایەنگرێتی  ئیمپراتۆریەتی عوسمانی  .

بەڵام ئەو خۆشیەی لەگەڵ ئەو پرۆسەیە کەوتە دڵی کوردەکـــان لەگـــەڵ خۆیدا ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هێنا، بۆیە دەبینین شا ناچار دەبێ دژی هەندێک لەو هۆزانە هەڵوێســـت وەرگـــرێ، بـــەڵام ئەگـــەر یارمـــەتی وهاوکـــاریی سوارەکوردەکان نەبوایە شا عەباس نەیدەتوانی سوپای ئۆزبەگەکان کـــە لـــە ئاسیای ناوەراستەوە دەهات و هەڕەشەی لە بەشی باکوری رۆژهەلاتی ولـــاتی فارس دەکرد تێکبشکێنێ .

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاتەی شا عەباس ئۆزبەگەکان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی بەبێ هۆ لە کوردەکان هەڵدەگەڕێتەوە کە هاوپەیمانی دوێنێـــی بـــوون، پاداشتی ئەردەلانی پادشای کوردەکانی بەوە دایەوە کە دان بـــە ســـەروەریی حوکمی فارسی بنێ و بریاری دەستگیر کردنی دا لە ساڵی (1613ز) و دواتر لە سێدارەی دا لە کاتێکا دەژی ئۆزبەگەکان خزمەتی زۆری بە شـــا عـــەباس کردبوو .

لەو ماوەیەدا داستانیکی کوردی تۆمار کراوە کە پالەوانیتیەکەی کاریگەر بوەو لەو سەردەم بۆتە وێردی سەرزمانی گۆرانی بێژان ئەویش داستانی (قەلای دم دم ) بوە ئەو قەلایە پۆلاینە بۆ سەرکردەی هۆزی هارتۆشی دەگەڕێتـــەوە. کە سەری بۆ داواکاریەکانی شا عەباس دانەنواند، دواتر شا عـــەباس قەلاکـــە گەمارۆ دەدا ژن ومندال و پیر بەرگریەکی بێ وێنە لە قەلا دەکەن ســـەرەڕای تەواو بونی خوارد ن وخۆراک  ئەوسا دەست دەکرێ بە گرتنی ئەو کەسانەی بە نهێنی لە ناو لەشکرەکەوە خواردن وئاو بۆ گەمارۆدراوانی ناو قەلاکە دەبەن و لە سێدارەیان دەدەن. دواتر فارسەکان سەنگەرەکانی بەر قەلاکە هەڵدەگرن و دوا هێرش دەکەنە سەر قەلاکە، لەگەڵ ئەوەی ژن ومنداڵەکان لـــە برســـاو ماندوێتیا هیلاک بون بەڵام تا دوا تنۆکی خوێن دەجەنگن، کچە عازەبەکان لە



سەروی قەلاکەوە خۆیان هەڵدەدایە ناو چالەکانی کە لە دەورو بەری قەلاکە هەلکەندرابون بۆئەوەی ئابروی هۆزەکەیان بە پارێزراوی بمێنێتەوەو خۆیان لە چنگ داگیر کەر رزگار کەن، دوای کوژرانی دوا بەرگری کار داگیرکـــاران توانیان بچنە ناو قەلاکەو بیگرن .

## 2
## کەریم خان، پادشایەکی کوردە بۆ فارسەکان
## ( 1751 – 1779 ز)



کەریم خانی زەند

جگە لە هەشت ساڵی ئاگر بەست،  هەردوو دەوڵەتی فارس و عوسمانی بـــە درێژایی پەنجا ساڵ لە ( 1638-1588)  لەگەڵ یەک دا جەنگیون، لە دوای

ئەو ماوەیەدا هەردوولا ماندوو هیلاک بوون، بەهۆی ئەوەی هێلە سنوریەکان بریتی بوون لە هەلەت وپەلەتە سروشتیەکانی چیای ئارارات وزاگرۆسەوە بۆیە هیچ گۆڕانکارییێک لە سنورەکاندا نەکرا تا جەنگی یەکەمی جیهانی لە (1914-1918ز) .

لە هەشت ساڵەکانی دواتر ئاشتی وئارامی لە رۆژهەڵات بەرقەرار بوو گەلە رەسەنەکانی ناوچەکە بە خێرا بە ئاوەدانکردن وبنیادنانەوەی کاولکاریەکانی جەنگ زیانەکانیان قەرەبو کردنەوە، چونکە تورکەکان دەسکەوتی رێگری و دزیەکانیان لە ئەوروپا لەدەست دابو بەهۆیەوە تەنگەیان بە کورد هەڵچنی بوو گوشاریان خستبوە سەر کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی دیارە کە گوشار خستنە سەریش دەبێتە مایەی بێزاری و بەرز بونەوەی دەنگی نارەزایی، لەوانە یەکێک لە سەرکردە کوردەکان لە (1675) لەم بارەیەوە دەنگی نارەزایی دەربڕی ئەوکاتەی ووتی : من ئیمپراتۆری ئەم خاکەم نەک سوڵتانی عوسمانی، دەشێ لەمن بە هێزتر بێ بەڵام لەمن خانەدان تر نیە، ئەگەر ئەو سەرکردە زیاتر بژیابایە ئێستا دەیبینی کە دۆخەکە زۆر لەو کات خەراپترە کە ئەو تێیدا دەژیا .

کاتێک نادر شا دەسەلاتی لە فارس گرتە دەست( 1722-1747ز) زنجیرەیەک شەڕو پێکدادان لەنێوان ئیمپراتۆریەتی فارس و عوسمانی رویاندا، بەڵام ئەم جارەیان هەست و سۆزی زۆربەی هۆزە کوردەکان بەلای فارسەکاندا شکایەوە، ئەوەی راستیش بێ حوکمە بەهێزو خێراکەی نادر شا ئاژاوەو گێرەشێوێنیی لە سەرتاپای فارس و قەوقاز وهەرێمە دراوسێکانی تورکیا لەگەڵ خۆ هێنا.

ئەوەبو کە داواکاری تەختی حوکمران وسەرکردەی هۆزە چاوبرسیەکان پاڵیان بە فارسەکانەوە نا بەرەو مەیدانی جەنگ هەنگاو بنێ .

لە ساڵی (1750) مەردان خان سەرۆکی هۆزی بەختیاری خۆی بە ئیمپراتۆریەتی فارس راگەیاند و کەریم خانی زەند کە لە رەگەزی کورد بوو فەرماندەی لورستان بوو چوە پالی وبە هەردوکیان شەڕی ئەفغانە داگیرکەرەکانیان کرد، بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە هەردوو دۆست لەسەر



دەسەڵات ناکۆکی کەوتە نێوانیان لە ئەنجام کەریم خان بەهاوکاری ئەرمەنی جولفا لە نزیک ئەسفەهانەوە بەسەر ئەویتردا زاڵ بوو .

لە میانەی حوکمرانیی دا کەریم خان لە خواروی فارسی پایتەختی لە شیراز جێگیر دەبێ ،شیراز ئەو ناوچەیە کە نەژادی ئەخمینی وساسانیە کۆنەکانی لێ وەدەر کەوتوە. بەهاوکاری وپشتگیریی لوڕە دلسۆزەکانی خزمانی و هۆزە کانی بەختیاری و سوارە عەرەبەکان، کەریم خان توانیی رکابەرەکەی راوبنێ، لە ئەنجام نیمچە ئاشتیەک لە وڵاتی فارس لە ماوەی بیست سالێکدا بەرقەرار بو .

دوای مردنی کەریم خان یەکێکی تر لە کوردەکان بەناوی لەتیف عەلی خانی سەرکردەی هۆزی لوڕ دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام لە قەلاچۆکردنی هۆزی کاجار سەرکەوتو نابێ، کاجار هۆزێکی تورکمانین کە لە سەنتەری تەهران دادەنیشن، دەسەڵاتی باکوری فارس یان لەدەست بوو. بۆسەیەکیان بۆ لەتیف عەلی خان ی سەرکردەی کورد دانایەوەو بە دیلیان گرت ودایانە دەست ئاغا مەحەمەد خانی دامەزرێنەری نەژادی قاجاری، ئەویش لە دیسەمبەری 1794 دوای ئەوی هەردوو چاوی هەڵدەکەنێ ئەوسا دەیکوژێ .

لەترسی ئەوەی جارێکی تر رینسانسی کوردی لە خواروی وڵاتی فارس ولورستان و وڵاتی بەختیاری نەبوژێتەوە، پادشاکانی قاجار زۆر بە توندی مامەڵەیان لەگەڵ نەوەکانی کەریم خان دەکرد، زۆریان لێ لەسێدارە دان هەندێکیان بە ئاشکراو هەندێکیان بە نهێنی، بۆیە هوزە کوردەکان تا چەرخی نوێ لە وڵاتی فارس نەیان توانی ببنە هێزێکی سیاسی .

## 3

### جوگرافیای کوردستان لە چەرخەکانی نوێدا

سەرچاوە فەرمیەکانی عوسمانی لە بواری کاروباری ئیداریی تایبەت بە ولایەتەکانەوە کەم ونەسازاو بوو، دوای ئەوەی عوسمانیەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەهەم سنورەکانی عێراق و کوردستان وئەرمینیا وگورجستان داگیر

دەکەن، گۆڕانی مەزن لەو ناوچەیە روودەدەن کە زۆربەی جارەکان ئەم گۆڕانانە لە بەرژەوەندی دەسەلاتدارانی خۆجێییەکان دا بوون ، بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەم گۆڕانکاریانە سیمایەکی سیاسیان پێوە لکا .

ئەوەی راستی بێ دەسەڵاتی هۆزە کوردەکان لە وڵاتی فارس و دەسکەوتەکانی کوردەکان لە تورکیا لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا نائارامی ودڵە راوکێیەکی زۆریان لای حکومەتی تورکیا دروست کرد، بۆیە کۆشکی سوڵتان بڕیاری دا سنورەکانی ئیداری لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی باکور کە هاو سنورن لەگەڵ وڵاتی فارس و روسیا پێدا بچێتەوەو دوبارە دابەشیان کەنەوە .

ئامانجی سەرەکیی ئەم کریارە ئیداریانە کەم کردنەوەی دەسەڵاتی پاشا کوردەکان بوو، بۆئەوەی بیانکا بە حاکمی تەنها کەرتەکانی دەولەتی عوسمانی، دەولەتی عوسمانی دەسەلاتی بە سێ پادشای عوسمانی سپارد کە بریتی بوون لە دیار بەکر وبەغداو ئەرزەرۆم، ئەو پادشایانەش لە پایەی یەکەم دابوون و لە رەگەزی عوسمانیش بون تا بکرێ:

یەکەم / پاشاداریی بەغدا : ئەم پاشاداریە گوتیە کۆنەکانی لە خۆ گرتبو، کە نیشتمانی رەسەنی گەلی کورد بوو، هەروەها کاشۆی نوێ وکەنارەکانی کاسویەکان وگردۆلەکانی شاخاوی تا سنوری دەولەتی فارس، وەکو ئەوەی لە سەردەمی سۆمەریە بابلیەکان باو بوو پیادە دەکرا، هۆزە رەسەنەکان لە چیاکاندا شوێنی سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆیان هەبوو .

کارستن نیبور کە خاوەنی بیردۆزی کونکەرە، لە ساڵی (1763-1764) سەردانی بەغدا و موسل ودیاربەکر دەکا دەنوسێ کە هەرێمی قەلاچۆلان لەلایەن یەکێک لە پادشا کوردەکانەوە حوکم رانی دەکرێ کە لە خانەوادەی سۆرانە و لە پێکهاتەی هۆزەکانی بابانی مەزنە، هەرێمی شارەزوریش زۆر بەرتەسک بۆتەوەو قەلای گولامبەر کە پێشتر بارەگای بەگە بەهێزەکانی کورد بوە ئێستا بۆتە کەلاوە، شا عەباسی سەفەوی بەر لە یەک سەدە ئەم قەلایەی روخاندوە، پلەی سەرۆکی کۆیسنجەق لە دۆلی روباری





زابی خوارو لە ئاستی پێویست دا نیە ئەمە سەرەڕای ئەوەی کوردەکان لە ناوچەکانی هەولێر و ئالتون کۆپری بەناو خاوەن دەسەڵاتن .

## کارستن نیبور

نیبۆر بە شاشی ئاماژە بەو پاشا کوردانە دەدا، دەڵێ ئەو کاتەی سەربەخۆ بون دەسەڵاتیان راستەوخۆ لە کۆشکی سوڵتان وەردەگرت بەڵام لە سەردەمی ئەودا پادشا عوسمانیەکان لە بەغدا سیستەمی ئۆتۆنۆمیی هۆزەکان کە لەسەری رێککەوتبون پیادەیان نەکرد وبە پێچەوانەی ئەو سیستەمەوە کاریان کرد کە لە لایەن مەلا ئدریسەوە لەسەری رێککەوتبون، پلەو پایەکانیان خستبوە مەزاد بۆ ئەو سەرۆک هۆزەی زیاتری پێ بدا، سەرەڕای ئەمە پاسەوانانی ئینکشاریی عوسمانی لە هەولێر جێگیر ببون و دەستیان بەسەر هەمو رێگا سەرەکیەکانەوە گرتبوو لە هەرێمی دەسەڵاتی پادشاکانی کوردانداا بۆیە دەبوایە سەرۆک هۆزە کوردە نەتەوەپەرستەکان وەکو جاری جاران لە سەردەمی ئاشتیدا دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی سەربازە بێگانەکان .

نیبۆری گەشتیار، خاکی ئەدیابن ی مێژویی کوردیی بینی کە دەکەوێتە نێوان روباری زابی خوارو وسەرو، چۆن بۆتە کاولگەو تێک و پێک دراوە بەڵام رۆژئاوای موسل لە چیای شەنگار کە نزیک بارەگاکانی ئێزدیەکان بوو تا ئەوکات بەهێزو پارێزراو بو بە مافە نایابە کانیانەوە لە شێوەی حوکمی ئۆتۆنۆمیەوە .

دووەم / پاشاداریی دیاربەکر : دەکەوێتە دورتر لای باکورەوەو لە رۆژئاوای روباری دجلە، لە دانیشتوانی هۆزەکوردەکان و ئێزدی لە ماردین وتۆر عەبدین، ئەوان رازی نەدەبون سەرانە بدەن بەڵام وێران شەهر کە دانیشتوانەکەی لە تیرەی مەهرانی ئێزدی بوون کە ئێستا پێیان دەوترێ مللی دەورو بەرەکەی بۆتە کەلاوە. لە دەورو بەری روباری دیجلە ولە باکوری موسل هۆزەکانی ژێر یەکیەتی یامێدیو زێباری ودهۆک و زاخۆی لێبون کە تا ئەوکات دەستیان بە دەسەلات و نازناوە کەیانەوە گرتبوو پاراستبویان، بەدرخانیەکان لە هەمویان بەهێزترو سەربەخۆ تر بون لە جەزیرەی کوری عومەر .

بەڵام پادشا عوسمانیەکان بە بەردەوامی هاوکاری میرنشینێکی کوردیان دەکردا دژی ئەوی تریان ، ئەم سیاسەتەیان تەنها لەگەڵ ئەو خانەوادانە بەکار نەدەهێنا کە سەرپشک بون بە وەرگرتنی دەسەڵاتی میرنشینەکان بەڵکو لە نێوان هۆزە کۆچەرو رەوەندەکانیشدا پیادە دەکرد، پادشا عوسمانیەکان ئەوەیان لا گرنگ نەبو کە بەم کارەیان هەرێمەکانی وڵاتەکەیان دەکەنە بیابان، ئەمە لای ئەوان گرنگ نەبوو .

کۆمەڵە کانی ئێزدی وکورد وئەرمەنی لە دۆڵی تۆرۆسی ناوەراست لە خەڵکانی تر بە شانس تر بوون چونکە ناوچە جێنشینە کانیان کەوتبوە ناوچە شاخاویەکانەوە، ئەوەتا قەلای دەرسیم ی چیایی سەربەخۆ نەتوانرا شکستی پێ بهێنرێ تا ساڵی ( 1938) هەر بە سەربەخۆیی مایەوە، هەروەها لوتکەی چیای تۆرۆس کە بەسەر شاری خەربرت کە ئێستا پێیدەوترێ ئەلعەزیز و بە درێژایی لێژاییەکانی غاپان – مادان و ئەرغەنی تا ساسۆن وفارقین هۆزەکانیان بە



یەکپارچەیی مانەوە تا سیەکانی سەدەی رابردو نەتوانرا دابەش و پارچە پارچەیان کەن .

سێیەم / پاشاداری ئەرزەرۆم : ئەمەش بە ولایەتی ترابزۆن وسێواس ودیاربەکرەوە نوسابو، پاشاداریەکی پلە دوو سێی پێکهێنابوو، حوکمداریە کوردیە کەی مەلا ئدریس دایمەزراندبوو بەرتەسک بوەوە، تەنها ناوچەکانی چالدیران وقارسی گرتەوە لە ماوەی شەرەکانی سنوردا .

بەهەرشێوەیەک بێ پەیوەندیەکانی کوردی لە پەنای رێگە سەربازیە سەرەکیەکانەوە دوای ساڵی ( 1750) خەریکی گەراندنەوەی وزەو هێز بون. قەڵای خەلات ی شاهی ئەرمەن لە سەدەی دوازدەهەم وقەلای ئەرجیش و بەرگری کە دەکەونە درێژایی کەنارەکانی باکوری دەریاچەی وانەوە بەهۆی پەرینەوەی زۆری سەربازە تورکەکانەوە ، گەندەلی بەسەریاندا زاڵ بوو بەڵام قەڵای شاخاوی لە بایەزید کە دەکەوێتە چیای ئاراراتەوە، خانەوادەی بەهلول پاشای ئەرمەنی حوکمرانیان لێ دەکرد، زۆر بەکەمی گوێڕایەلی پاشاکانی ئەرزەرۆم دەبون .

شاری وان بە قەلا بەناوبانگەکەیەوە، پایتەختی کۆنی ئیمپراتۆریەتی ئەرمەنیی ئۆراراتی ئەویش میرە نیشتمان پەروەرەکان حوکمرانیان لێ دەکرد، زۆربەی جارەکان سەرکردەیەکی ئێزدیی بەناوبانگ سەرۆکایەتیی لێ دەکرد کە لە خانەوادەی میرە کانی هەکاری بوو کە دەکەوێتە ریزی چیای روبەرو بە ئازربایجانی فارسی، ئا لەم چیایە ئاشوری وکریستی بە سەرۆکایەتی بەتریرک مار شەمعون ژیاون لەگەڵ هۆزە کوردەکانی شکاک وهارتوشی .

ئەوکاتەی سوڵتانی عوسمانی مرادی چوارەم ( 1623-1640) سەردانی ئەم هەرێمە دەکات گەلێک فەرمان دەردەکا، لەو فەرمانانە دەرکردنی

فەرمانێک بە بوردنی میرە فەرمانرەواکانی ئەرمەنی لە باجدان، ئەم فەرمانە تا سەردەمانێکی نوێ کاری پێ دەکرا، بەڵام ناوچەکانی خواروی دەریاچەی وان و دۆڵی موک ی کۆنی شاخاوی و شاتاخ( کردوخی سەرو لە ئەرمینیاو گەورەی کۆن ) لە ژێر دەسەڵاتی خانەوادەی عەبدال خان دابو کە هیچ کاتێک لێپرسراوێتی کەسی قەبول نەبوو.

بەڵام رۆژئاوای دەریای وان لە بدلیس نەوەکانی شەرەف خان حوکم رانیی دەکردو لە یەکیەتی رۆژکی بنەماڵەی رشتونیکی ئەرمەنیی ئوروستوکراتی هەبوو کە هەر بەناو سەربە ناحیەی پاشاداری مۆشێ بو، نەوەو خانەوادەی عەلائەدین بەگ بابونتس یش حوکمرانی ناوچەی مەرویی دەکرد لە روباری مراد سۆوە ( لقی رۆژهەڵاتی روباری فوراتە). لەوانەی پشتگیران لە ئۆتۆنۆمیی بنەرەتی دەکرد ،پاشاداریی موشێ، دەرەبەگە کوردەکان ومیرە ئەرمەنیەکانی ساسون و خویت کە هیچ کام یەکیان تا چەرخی نوێ تورکیایان نە دیبوو .

# بەشی پێنجەم

## شۆڕشەکانی کوردیی دژی تورکەکان
## ( 1830 – 1847 ز )

### 1
### یەکەم ئەلنگوتنەکانی بەرگریی کوردی



لە ساڵی (1838ز) دا ڤۆن مۆلتکە دەنوسێ دەڵێ :

ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەندێک ناوچەی لەخۆگرتبوو کە کۆشکی سوڵتان هیچ دەسەڵاتێکی راستەقینەی بەسەردا نەدەچو. ئەوەی جەختیشی لەسەر دەکرێتەوە ئەوەیە کە پادشا (سوڵتانی تورکی) لەسەری بو کار بۆئەوە بکا دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا بچێ کە بە خاکی ئیمپراتۆریەت دێتە ناسین، هەرێمەکانی کوردستانی باکوریش لە نێوان روباری دیجلەوە تا سنوری وڵاتی فارس لە بابەتی ئەو جۆرە ناوچانەبون کە دەبوایە کاری بۆ بکا .

ئەو کوشتارگەریەی بۆ سوپای ئەنکشاری نرایەوە لە 1826 لە قوستەنتینیە و فشارەکانی سەر بنکە سەرەکیەکانیان لە هەرێمەکانەوە لەلایەن سوڵتانی عوسمانیەوە و توانەوەی سوپای نیزامی و شوێن گرتنەوەی لە لایەن سوپای میلیشاوە، بۆ کورد ئەم گۆڕانانە سیمایەکی خەراپ بون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەڕەشە بێ بەسەر رژێم وسیستەمە کۆنەکەی لەسەری سەقامگیر ببون و دواتر دەبێتە مایەی روخان و تێکدانی بودجەو دەسەڵاتە جێماوەکەیان، ئەم چاکسازیە رادیکالیانە ریشەییانە کە کۆشکی سوڵتان پێی هەڵسا، زەنگێکی مەترسیدار بوو، بەهۆیەوە دەرەبەگە مەزنەکان کە لەگەڵ رەوشی کورد وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی راهاتبون، وشیار کرانەوە .

لە تەک ئەم هەوڵە چاکسازیانەدا ئیمپراتۆریەت کارەسات لە دوای کارەساتی دەهاتە سەر ، وەکو سەرکەوتنی یۆنانیەکان لە جەنگەکانی لە پێناو سەربەخۆیی لە ( 1828ز) و شکستە نەخوازیارەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرانبەر بە روسیا لە نێوان سالەکانی ( 1828-1829) و ئەو پەیماننامەیەی لە ئەنجامی پەیمانی (ئۆنیکار ئیسکلەسی) کە بە پێیەوە تورکیا دەکەوێتە ژێر

پاراستنی روسیاوە و دواجاریش پەلامەرەکەی میسری بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم پاشا لە ئەنادۆل ونزیک بونەوەی لە دەرگاکانی قوستەنتینیە وە .

ئەم رووداوانە دوبارە حەزی سەرکردە کوردەکان بۆ ئازادی وسەربەخۆیی دوبارە وروژاندەوە ئەگەر یۆنانی ومسریەکان کە لایەنگری کۆشکی سوڵتان بون و توانیان شکست بە سوپای تورکی بێنن و سەربەخۆیی وەدەست بێـــنن ئەی بۆ کوردەکان بەم شێوازەوە بونی خۆیان ناسەڵمێنن ؟

نابێ ناوی یاخی بون لەو ئۆپەراسیۆنانەی کوردەکان بنێین کە لەو قۆناغـــە یەکلا کەرەوەدا ئەنجام دەدرێن. چونکە ئەوان قەبولی ئەوەیان نەبوو باج بدەنە تورکە شکست خواردوەکان مەبەستیان بوو خۆیان حوکمرانی لە ناوچـــەکانی خۆیان بکەن، بەهۆی ئەوەی ئەوان بە دانەمەزراندنی دەولەتی نیزامی حـــوکم درابون بۆیە ئەوان لە ناو ئاژاوەی دوو ئیمپراتۆریەتی دراوسێدا لە حالەتی یاخی بونی هەمیشەیی دابون .

دوای پەیماننامەی ئەندریانوپل لەگەڵ روسیادا لە ساڵی 1829 تورکیا بونی سوپایەکی نیزامی لە سەر سنورەکانی رۆژهەڵاتی بە دەرفەت زانی، بۆیـــە ئـــەم سوپایە بۆ سەرکوتکردنی دانیشتوانە رەسەنەکان بـــەکار دەهـــێنێ و پادشـــا تورکەکان لە شوێن ئەوان دادەمەزرێنێ، ماردین یەکەم شـــار دەبێ دژی ئـــەم هەڵوێستە و لە بەرژەوەندی رەوشی کۆندا رادەپەرێ، بۆیە کوردەکان هەرچی ئەورووپی دەبێ بە نەفرەت لێکراوی دەزانن و ئـــەو نەهامـــەتی وکارەســـاتەش هەموی لە جلی سەربازیەوە دەزانن .

ئەم هەڵمەتەی تورکەکان بۆ سەر هۆزە راپەریوەکان لە دوو قۆناغی جیادا دەبێ :

* لە قۆناغی یەکەمدا لە ساڵەکانی نێوان ( 1842- 1847) بـــەردەوام دەبێ. کە سوپای تورک لە نزیب و رێرەوەکانی ئـــەنادۆل لـــە سەردەســـتی



مسریەکان و بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم پاشا شکست دێنێ، بەهۆیەوە ماوەی سێ ساڵێ ئەم هەڵمەتە دەوەستێ .

* لە قۆناغی دوەم درێژ دەبێتەوە بۆ ساڵەکانی نێوان ( 1842-1847 ) هەردووک قۆناغەکە لە روی ئەنجام دانی کوشتارگە وکوشتن وئەشکەنجەدانی هەزارەها ژن ومنداڵێ کوردی بێ گوناه بە سیماو شێوازی تورکی دەبن، وێرای سوتاندن وکاولکردنی چەندین گوند و ئاوایی کورد و بڵاو کردنەوەی برسێتی و هەژاری کە شێوەی نەبوو .

هەڵمەتی یەکەم بە سەرپەرشتی محمد رەشید پاشای حاکمی دیاربەکر بـــوو، شاری دیاربەکر کرابوە سەنتەری سەرپەرشـــتی کـــردنی ئۆپەراســـیۆنەکانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە عوسمانیەکان چەندین لەشکر و سواری پاســـەوان وهاون هاوێژی لەو ناوچەیە ئاخنی بوو، ئەمانە هەموی بۆئەوە بو تـــا بەســـەر یاخیبونی کوردەکاندا زاڵێ بێ، جێی داخە کە هەندێک لە سەرکردەی جاش و خۆفرۆش چونە پاڵێ سوپای تورکی ودژی گەلەکەیان جەنگین .

محمد رەشید پاشا لە سیواسەوە دەستی بە هەڵمەتەکانی کرد و هێرشی بردە سەر هۆزەکانی مەهرانی ئێزدی لە وێران شەهر و چیای شەنگار، ئەم ململانێیە بەهۆی ئەوەی ئێزدیەکان بەرگریەکی توندیان لە هێرشی درندانەی تورکەکان کرد ماوەی دوو ساڵێ خایاند وسەرکردەی هۆزەکوردەکان خۆیان ومـــەرو ماڵاتەکانیان رویان لە چیاکان و لە وێشەوە بۆ ئەشکەوتەکان کرد بە نیـــازی ئەوەی جارێکی تر و لە دەرفەتێکی گونجاودا دوبارە وەدەر کەونەوە .

دواتر سوڵتانی عوسمانیەکان کورد وتورکمانەکانیان ناچار کردن کە باجی ساڵانە بدەن و بەشداری لە سوپا بکەن، لە ساڵی 1836 محمد رەشید پاشا رو لە رۆژهەڵات دەکا بۆئەوەی هێرش بکاتە سەر هۆزە کوردەکان کە لە لێواری روباری دیجلە جێنیشن، بە درێژایی چەند مانگێک سوپای تورک گـــەمارۆی جەزیرەی عومەریان دا کە خانەوادەی بەدرخان بەگ لێی جێنیش بون، بەڵام

بەدرخانیەکان زیانی زۆریان لە سوپای تورک داو دوای ئەم زیانانە ناچاری دەکەن کە روەو چیای جودی پاشە کشە بکەن .

لەو کاتەدا کە چەند سەرکردەیەکی کورد دەچنە پاڵ سوپای تورک، بۆهۆیەوە سوپای تورک بەهێز دەبێ وخۆی دەگرێتەوە، ئەو خۆفرۆشانە کە تورکەکان نازناوی پاشایان پێ بەخشی بون چاوساغیان بۆ سوپا دەکرد و پێش سوپا دەکەوتن بۆ رێنیشاندان و رێرۆنی کردن و جەنگین دژی خزم ونەتەوەکەیان، شایەد حالێک دەڵێ ئەگەر مەحمود خان کە بە فەرماندایەتی 20 هەزار جەنگاوەری کورد بە هانای بەدرخانەوە دەهات پەلەی بکردبایە لە پەڕینەوەی روباری بۆتان سو لە رێگەی پردی خاشخانەوە بەر لەوەی سوپای تورک پێی بگەن وپردەکە بروخێنن ئەوا بەدرخان ناچار نەدەبوو روەو چیا هەلکشێ و لە توانایدا دەبوو سنگ لە سوپای تورک بگرێ و هاوکاری مەحمود خان بکا .

سوپاکەی محمود خان هەولێ دا روبارەکە ببرن لە نزیک تیلۆ وە کە خالی بەیەک گەیشتنی بۆتان سوو روباری دیجلە بوو بەڵام لە بەهاراندا ئەم روبارە ئاوەکەی زیاد دەکاو ئەم ئومێدەشیان سەر ناگرێ، ئەوەبو روبەڕوی هێزەکانی دوژمن دەبنەوە، سوارچاکەکانی محمود خان کە رێک نەخرابون بە روی سەربازەکانی عوسمانیەوە هاواریان دەکرد و رمە درێژ و خەنجەرەکانیان ئاراستەی سنگیان دەکردن، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتن بۆ خاوەن هاون و تفەنگەکانی عوسمانی دەبێ .

دوای ئەوەی محمود خان لە هەوڵەکانیدا لە گەیشتن بە بەدرخان بەگ سەرناکەوێ ناچار دەبێ هێزەکەی کۆبکاتەوەو لە چیای ئاردوس خۆی قایم کا ( ئاردوس زنجیرە چیای دوەمی خواروی دەریاچەی وانە )، وا رویدا کە رەشید پاشا لە دیاربەکر بەهۆی نەخۆشی کولێراوە دەمرێ و زۆربەی سوپاکەشی توشی هەمان نەخۆشی دەبن .



حافز پاشا کە لە شوێن سەرکردەی کۆچکردوو دادەمەزرێ لە رەگەزی شەرکسی بوو، لە کۆشکی سوڵتان گەورە ببوو رسکا بو بەهۆی ئەوەی خەلکی قەوقاز دەبێ بۆیە لە سروشتی کورد دەگا، هەموو هەوڵەکانی لە پێناو لەت کردنی یەکریزی کورددا بوو، گفت وپەیمانی بەدرۆی پێ دەدان تەنها بۆئەوەی بیانخاتە پاڵ تورکەکانەوە، لە بواری نانەوەی فتنەو ئاژاوە لە نێوان سەرکردە کوردەکاندا سەرکەوتو بو، لەو ناکۆکیانەی کە نایەوە، ناکۆکی لە نێوان فێدێ خان بەگ سەرۆکی شیروان( باکوری بۆتان سو) ومەحەمد پاشا کە چوە پاڵ هێزەکانی عوسمانی ودژی برا کوردەکانی جەنگی .

## 2

## شۆڕشی ئەحمەد پاشای رەواندز (1836) ز

سوپای عوسمانی روبەروی ئاستەنگ و گرفتی زۆر دەبوەوە لە روبەرو بونەوەیدا لەگەڵ بەگی ئێزدیەکان ئەحمەد پاشا کە بە ( میری کۆر ) بەگ دەناسرا( نوسەر بەهەڵەدا چوە کە میری کۆر بە بەگی ئێزدیەکان ناو دەبا، چونکە میر مەحەمەد یا میری کۆر موسلمان بوە نەک ئێزدی ... وەرگێڕ)، رەواندوز ئەو کەرتە شاخاویەیە کە دەکەوێتە نێوان روباری زابی مەزن و سنوری ئێرانەوە، ئەحمەد پاشا دڕترین سەرکردەی یاخیبوی سەردەمی یەکەم بوو، دەسەڵاتی لە روباری دجلە تا شنۆ لە ئازەربایجانی ئێران بوو، هەموو قەلاکانی کوردی لە ئامێدی و زاخۆی خستبونە ژێر دەسەڵاتی خۆی .

ئەحمەد پاشا لە هۆزی رەوەندە بە گوتەی خۆی باپیرانی لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیەوە دەستیان بە دەسەڵاتەوە گرتوە، سوپاکەی بریتی بو لە هۆزەکانی شکاک و سۆران وهارتوشی بۆیە خانەوادەی لە حالەتی دوژمنداری

دابوو لەگەڵ میرە بابانیەکانی خاشور و بەدرخانیەکان لە رۆژئاوا، چونکە میری کۆر دانی بەکەس نەدەنا کە پایەی لەو بەرزتر بێ .

لە سەرەتادا هێزە سەرەکیەکانی عوسمانی لە توانایاندا نەبو رێگا برکەن و بگەن پێی، چونکە خۆی لە سەر لوتکەی چیایەکی سەخت قایم کردبوو دواتر پیاوێکی پێ گوتراو بوو لە رم هاوێژی ونیشان پێکاندا، دیارە کە چاوی چەپی کوێر بوە هەر بۆیەش نازناوی( کۆر)ی پێوە لکاوە .

کۆشکی سوڵتان فەرمانی بۆ هەریەک لە پاشای بەغدا و وان دەرکرد کە لەشکرێکی نیزامیی باشبوزوق کە بە دڕندەیی ودڕ دەناسران بنێرنە سەر قەلای پاشای کۆر و بیگرن، دوای گەمارۆدان و بڕینی ئاو و خۆراک لە قەلاکەیان میرکۆر ناچار دەبێ بە مەرجی ئابڕو نەچون خۆی بدا بەدەستەوە، دواتر دەستگیر دەکرێ وخۆی و خانەوادەکەی بۆ ئەستەنبۆل دور دەخرێنەوە .

ئیتر ئەو هێرشەی تورکەکان بۆ سەر ناوچە کوردیەکان بەردەوام دەبێ، لە لێژاییەکانی ساسۆن وموتکان لە بەشی سەرەکیی چیا بەرزەکان ودۆڵ وکێو و دەربەندەکاندا لە شاری بەدلیس، هۆزی بادیکان بەرگریەکی مێرخازانەیان کرد سنگیان لە سوپای عوسمانی گرتبو، ئەوانیش وەکو باقی جەنگاوەرەکانی کورد و ئەرمەن کە بە سەرکردایەتی حاجی زیلال ئاغا لە لیجەو نەرجیکی بەشداریان لە شەڕەکاندا کرد، چونکە ئەو کورد وئەرمەنانە هیچ کاتێک سەریان بۆ پاشاکانی عوسمانی دانەنەواندبوو باج و سەرانەشیان بە سوڵتان نەدەدا .

رەجەب بەگی سەرکردەی هۆزی هازۆ و تەمەر بەگی سەرکردەی هۆزی هەیبی لە باکوری دیار بەکر دژی فەرمانذەی گشتیی عوسمانیەکان جەنگین بەڵام هاون و تۆپەکانی تورکی کە هیچ کاتێک کوردی لێ بێبەش نەکردوە، گوند وئاوایی لێ کاول وخاپور کردن هەموی لێ سوتاندن کردنی بە خەلوز وسەرکردەی هۆزە کوردەکانیشیان دەستگیر کردن .



لە پاسور یش کە لە هەمو کەرتەکان زیاتر دابڕاوە لە ناوچەی گوینجی و دەکەوێتە سەر روباری فورات، لەوێ ژن و پیاوی هۆزی بەکران و رەشکوتان لە پێناو پاراستنی ئابڕوی نیشتمان شەڕێکی قارەمانیان لەگەڵ سوپای تورکی کرد. حافز پاشا وەکو نەریتی پاشاکانی پێشتری پاداشت و خەڵاتی بەو سەربازانە دەدا کە سەری بڕاوی کوردەکانیانی بۆ دەهێنا، بۆیە دەبینین سەربازەکان کوردەکانیان بە ژن ومندال وپیر دەستگیر دەکردن و دوای ئەشکەنجەدان زمان و گوێچکەیان دەبڕین و بۆ پادشایان دەبردن دواتر بە رم دەیان کوشتن، بەڵام ژنە کوردەکان شان بەشانی براکانیان شەڕی سەربازە تورکەکانیان دەکرد، یەکێکیان بە خەنجەر هێرشبەرێکی تورکی کوشت و هەناوی دەرکردە دەر .

دوای ساڵێک لەو کوشتارگەریە و دوای ئەوەی سوپای عوسمانی بە سەرۆکایەتی هەمان حافز پاشا لە نزیب لە ساڵی (1639) لە سەردەستی مسریەکان و بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم پاشا هەرەس دێنێ وتوشی گەورەترین شکست دێ. زانای رۆشەنبیر شێخ زەیلانی کوردی وتی: ئەمە خوێنی ژن ومنداڵ ی کوردی بێگوناهە کە خوا بە هانایەوەهات و تۆڵەی لە رۆمەکان کردەوە .

## 3

## شۆڕشی میر بەدرخان بەگ لە جزیرا بۆتان

## (1842- 1847) ز

قەڵای دەرگول:

له قۆناغی دووەمی رزگاری نیشتمانی کوردیدا بەدرخان بەگ وەکو جەنگاوەرێکی ئازا و پیاوی دەوڵە ت و دوربین هاتە ناسین، پێشتر ئاماژەمان بەسەرکەوتنەکانی بەسەر سوپای عوسمانی و کشانەوەی بۆ چیای جودی دا. ئەوەی راست بێ باشترین باس لێوە کردن لەسەر بەدرخان بەگ لەسەر دەستی مژدە گەیەنەرە ئەمریکیەکانەوە نوسراوەتەوە کە لەسەر داوای بەدرخان بەگ سەردانی دەرگولیان کردوە، ئەو ئەمریکیانە لە وڵاتی فارسەوە دەهاتن و میوانی سەرۆک دەبوون، سەردانەکەیان لە حوزەیرانی 1846 ئەنجام داوەو بەم شێوەیە نوسیویانە :

له دوری 18 میلەوە لە رۆژهەڵاتی جەزیرا بۆتان ولە رێگەی روباری دیجلەوە گوندی دەرگول جێنیشی بەدرخان بەگ هەڵکەوتوە، ئەم شارۆچکەیە لە چەند سەد خانوێکی دروست کراو لە قور وبەرد پێک دێت کە دەکەوێتە سەر چیای جودی، قەلای بەدرخان دەکەوتە تەنیشتی گوند و لە سەر لێواری لێژاییەکە کە بەسەر جۆگەلە روبارێکی باریکدا دەنواڕێ ئەم جۆگەلە روبارەش لە ئاوی دیجلە دەکاتەوە . هەندێک کاری رونەدراو لەم گوندە رویان دەدا، بە تەواوەتیش لە ناو قەلاکە کە بە پاسەوانی جەنگاوەری ئێزدی هەندێک سەرکردەی تری هۆزە کوردەکان دەوریان درابوو، بەدرخان موچەی مانگانەی بەسەر سەدان بێوەژن و منداڵدا دابەش دەکرد، بۆیە ئەوانیش دەستیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوەو لە خوا دەپارانەوە کە خوا بەدرخان پیرۆزمەند بکا .

بەدرخان بەگ شانازیی بەوەوە دەکرد کە خۆی خاوەنی فەرمان و بریارە، واتە ئەو بەر لەوەی ریزەکانی لاواز بێ و تورکەکان بەهێز بن، پەیمانەکانی بەجێ دەگەیاندن، سەرەرای ئەوەی کە لە ساڵی 1846 ەوە دەسەڵات دەستاو دەستی دەکرد، بەڵام ئەو سەرپێچی ووتەو فەرمانەکانی نەدەکردن .

بەدرخان خاوەنی سامان وسەروەتێکی زۆر بوو، دەسەڵاتی لە سنوری فارسەوە لە رۆژهەڵاتی دور لە میزۆپۆتامیاوە تا دەروازەکانی دیاربەکر و



لەوێشەوە تا دەروازەکانی موسل بوو، ناوبانگی بڵاو بوەوە. دەتوانین بڵێین کە زۆربەی سەرکردەکان لە باکوری کوردستان ریزیان بۆ بەدرخان هەبوو بە تێلەگ و دیاریەوە دەهاتنە سەردانی، دیاریەکانیان بریتی بوون لە مەڕو ماڵات و پێداویستیە بەنرخەکان، تەنانەت نور الله بەگیش لە هەکاری دەهاتە سەردانی کە هەندێک جار دەتوانین بڵێین لە بەدرخانیش پایە بەرز ترە، هەروەها محمود خانی موکس، سەردانی بەدرخان بەگ بۆلای ئەوان، بە شەرەفێکی مەزنیان دەزانی .

دیارە کە دەرفەتی سود لە هەل وەرگرتن دەوری بوە لە چەسپاندن وبەهێز کردنی پێگەی، بۆیە توانیویەتی کە هەمو دەستێک ببڕێت ئەوانەی دژی بەرز کراونەتەوە، سەرەرای ئەوەی کە پیاوە ئایینی وروحیەکانی ژێردەسەڵاتی لە حوکمرانیی بێزار ببون بەڵام تواناو زاتی ئەوەیان نەبو دەری ببڕن یا دەنگی نارەزایی بەرزکەنەوە، بە لێکدانەوەی ئەوان ئەم دەسەڵاتە خوا پێی بەخشیوە ناکرێ دژی بەخشندەی خوا بوەستیت .

گوناهبار شوێنی لە ژێر چەتری دەسەلاتی حکومەتی بەدرخان نەدەبوەوە، بەرتیل وکەس کەسێن و خزم خزمێن کە هۆکاری سەرەکیی گەندەلکردنی وڵاتن بونیان نەبو، هەر کەسێک تاوانی دزیکردنی لەسەر بچەسپابا دەستی راستی دەبردرا، کەس بروای نەدەکرد ئەم ئارامیە لە وڵاتێکی وەکو کوردستان کە دزی وبەرەڵاییی تیا باو بو دابین بکرێ .

بەدرخان ماوەی زۆری لە خواپەرستی بەسەر دەبرد، لەم روەوە زۆر ورد بوو تەنانەت لە کاتی کار کردنیشدا سەلەواتی دەخوێند، زۆر کەسی لە ئێزدیەکان چ بە شێوازی دیالۆگ وگفتوگۆ یا بە زۆر، کردنی بە موسلمان .

بەرنامەی سیاسیی :

هەندێک جار بە هۆی هێزی کەسایەتی خۆی وهەندێک جاریش بە توندو تیژیەوە بەدرخان بەگ دەسەڵاتی بەسەر هەمو سەرۆک هۆزە کوردەکانی باکوری موسڵدا سەپاندبوو، ئەوەی شیاوی باسە ئەو کوردانە لە دێر زەمانەوە لە پەیوەندیەکی توند دابون لەگەل ئاشوری وکلد وئەرمەنەکان لە ناوچەکانی هەرە باکور. بۆیە هەستی نەتەوایەتیان زۆر پێشکەوتوتر بوو، هەروەها ئاستی وشیاری سیاسیشیان لە ئاستی وشیاری سیاسیی خەلکە هەرەمیەکەی گەلی کورد لە گۆتیومی کۆن بەرز تر بوو ( واتە لە گوتیەکانی دانیشتوی زنجیرە چیای هەڵکەوتوی نێوان روباری زابی خواروو دیالە، ئەمە جگە لەوەی کە کوردە باکوریەکان لە هۆزەکانی ئێزدی پێک هاتبوون ئەوان لە رەگەزی کریستیان تیا نەبوو ) .

وا پێدەچێ کە ئەم خەسلەتانە بنەمای بەرنامەی سیاسیی بەدرخانیان پێک هێنابێ، ئەم هەست وبروایەشی ئەوکاتە دەربڕی کاتێک داواکەی حکومەتی عوسمانیی رەت کردەوە، کە داوای تیپێک لە جەنگاوەرە کوردەکانی کردبوو بۆئەوەی لە جەنگی دژی روسیادا لە ( 1828-1829 ) بەشداری پێ بکا، سەرەڕای ئەمەش هەرچی لە تواناشیدا بوو خستیەگەر بۆ ئەوەی بەسەر محمود خان لە موکس و نور الله بەگ لە هەکاری دا زاڵ بێ، ئەمەش لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکەیدا بوو کە بریتی بوو لە ( کوردستانی سەربەخۆ) .

داگیر کردنی قەلاکانی کوردی یەک لە دوای یەک لە هەڵمەتی عوسمانیەکان لە سالەکانی ( 1834-1838) و رەفتارە دڕندانەییەکانی تورکەکان دژی ژن و مندالە کوردەکان، بەدرخان بەگ یان گەیاندە ئەو بڕوایە کە بەیەک دەست ناکرێ دژی تورک بوەستێ، چونکە بەیەک دەست چەپلە لێ نادرێ.

ئامانجە هەرە مەزنەکە :



بەدرخان بە مەبەستی ئەوە خەباتی دەکرد تا کوردستانێکی سەربەخۆ لە نێو ئەو سنورەدا دابمەزرێنێ کە ئەو دوو مژدە هێنەرە ئەمریکیە باسیان لێوە کردبوو، ئەو کاتیش هەر بەناو حاکم ومیری ئەو دەولەتە بەدەست فارسەکانەوە دەبێ بەڵام دەسەلاتە کە راستەوخۆ بە سەرکردەی هۆزەکان دەدرێ، بەڵام ئەرمەن و ئاشوری بۆخۆیان دەوڵەت پێک دەهێنن ودۆستایەتی روسیاو جۆرجیاش مسۆگەر دەکەن، دیارە کە کوشتارگەریەکەی ئاشوریەکان لە 1843 کە 10 هەزار ئاشوریی تیا کوژرا هۆکارێکی سەرەکیی سەر کەوتنی نەخشەی کوردستان سەربەخۆ بو، دەڵێن : ئەو نەخشەیە فەرامۆشی وتەکانێک بو لە نێوان نێردە مژدەگەیەنەران کە بۆ ئەم کارە زۆر بە پەرۆش بوون .

دوای شکستیەکەی دەولەتی عوسمانی لە شەڕی نزیب لە ( 1839) و هاتنی سوڵتان عبدالمجید، موژدەی چاکسازیی بە خەڵک دا، بە هێرشەکانی سەربازی بۆ سەر کوردەکان دا هاتەوە، هەوڵی کێش کردنی هۆزە کوردەکانی دا ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی دانین، بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی، هەر لە سەرەتای ساڵی ( 1840) ەوە هەندێک فەرمانبەری کوردی دامەزراند کە شارەزاییان لە زمانی کوردی و تورکیدا هەبو بۆ ئەوەی ببنە وەرگێڕ لە نێوان کۆشکی سوڵتان وبەدرخان بەگدا .

بەدرخان ئەوکاتەی داوای لێکرا بچێتە ئەرزەرۆم، رەتیکردەوەو ئامادە نەبوو بچێت، بەڵام ئەوەی دەربڕی کە سەربە دەسەڵاتی سوڵتانە و تەنانەت هەندێک دیاریشی بۆ پادشا تورکەکان نارد ، رەزامەندیی دا کە هەنێک لە کوردەکان بچنە ریز خزمەتی سەربازی لە سوپای عوسمانیدا .

چونە ریزی سەربازی عوسمانیەکان لای گەنجە کوردە بەهێزەکانی نیشتەجێی چیاکان شتێکی خۆشەویست نەبو، چونکە ئەوان حەزیان لە ژیانی سەربەخۆو ناوچەی چیاو شاخاوی و ئازاد بوو، ئەوانەی کە بەزۆر نێردرانە سەربازی لە شوێنە دواکەوتوو خەراپەکانی سەربازی دانرابون بۆیە هەمویان یا مردن یا

نەخۆش کەوتن یا لە سەربازی رایان کرد ( فیرار)، شایەد حالەکان دەگێڕنەوە کە خۆیان بینیویانە کاتێک گەنجە کوردەکان بە زیندوێتی بە کۆت وزنجیر لە دار بەستراونەتەوە، ئەو گەنجانە لە ژێر دلۆڤانی سەربازە تورکەکان دەیان ناڵاند، بۆیە کارێکی ئەستەم بوو لە ئاست گلەیی ونارەزاییەکانی سەرکردەی هۆزە کوردەکان لە سەرتاپای کوردستان دا بەدرخان بتوانێ بێدەنگ ودەستەوەستان بێ .

لە خولی دوەمدا بابەتی خزمەتی سەربازی دێت، کە بە شێوەیەکی سەرەکی کاریگەریی هەبو کە ببێتە هۆی ئەوەی کوردەکان بچنە پاڵ سەرکردە مەزنەکەیانەوە، دوای ئەمەش پرسی باجە گرانەکان دێت، دواتریش دانانی بەرپرسە تورکەکان لە شوێن بەرپرسە کوردەکان دەبێت لە کاتێکا ئەم کوردانە بە جێگرتنەوە (ویراسی) حوکمرانیان دەستاودەست دەکرد، ئەم گلەیی و رەفتارانە وایان کرد کە هیچ گومانێک لە نیازەکانی کۆشکی سوڵتان دا نەمێنێ کە مەبەستیەتی لە جیات ئەو چاکسازیەی پەیمانی دابوو جەنگی لەناو بردن ولێسەندنەوەی ئیمتیازاتەکان ئەنجام بدا، ئەوەی ناوی ناوە چاکسازیش تەنیا پەردەیەکە بۆ کارە درندانەییەکانی .

بۆیە هۆزەکانی چیای تۆرۆس و باشور کە دەبوایە لەژێر دەسەڵاتی تورک بونایە لە ساڵەکانی (1834-1839) ئەوان رازی نەبون نە بەشداری لە خزمەتی سەربازی بکەن نە باج بدەن، بۆیە ئەو گەنجانەی تەمەنیان دەگەیشتە ساڵی خزمەتی سەربازی ناچار دەبون رو لە چیا بکەن بۆئەوەی بە دیل نەگیرێن، ئەوە بوو هەموو رێڕەوە و تەنگەبەرە چیاییەکان ژمارەیەکی زۆری چەکداری لێ گیرسابوەوە کە بۆسەیان دەنایەوە و خەرکیان روت دەکردەوە، یەکێک لە هاوچەرخ ناسەکان لەم رووەوە دەنوسێ دەڵێ : باری ئارامی لە چیای ئاراراتەوە تا بەغدا بەر لە راگەیاندنی میساقی چاکسازی گەلێک باشتر



بوو لە ئێستا، درێژەی پێدەداو دەڵێ : چونکە پادشا عوسمانیەکان هەوڵی ئەوەیان داوە بەزۆر کوردەکان بکەنە سەرباز لە سوپای عوسمانی .

دەسەڵاتی کەلیسای کریستی لە ئەستەنبول و شارەکانی تری هەرێمەکان وای لێهاتبوو کە ئیتر بە ناوی کریستیەکان بەتەنها نەدەدوا بە لکو بەناوی کوردی بێ دەسەڵات و جوتیارە ئێزدیەکانیشەوە لێدوانیان دەدا ئەوانەی نەیان دەتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن، بۆیە دەسەڵاتدارەکان چەند یاداشتێکی نارەزاییان بۆ کۆشکی سوڵتان نارد دژی ئەو رێگریەی کوردە هەڵاتوەکان و سەرکردە یاخی بوەکان دەیانکرد کە لە ترسی خزمەتی سەربازی رایانکردبو، ئەوەبو کۆشکی سوڵتان بڕیاری هەڵمەتێکی تازە دەدا بۆ سەر ناوچەکە بە سەرۆکایەتی ماریشال عوسمان پاشا و بنکەی فەرماندایەتیشیان لە ئەرزەرۆمەوە گواستەوە بۆ دیار بەکرد ئەمەش وەکو سەردانەواندنێک دێت بۆ داخوازیەکانی روسیا .

لە ساڵی (1844ز) عوسمان پاشا داوای لە سەرکردە کوردەکان کرد لە دیاربەکر ئامادەبن بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پرسی باجدان و خزمەتی سەربازی، بەڵام بەدرخان بەگ گوێی لەم داخوازیەی عوسمان پاشا نەگرت بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵسا بە لەبەر کردنی جلو بەرگێکی نەخشێندراو بە فرە رەنگ، لەگەڵ جەمەدانیە مەزنەکەی و شەرواڵە ئارموشی وپاڵتۆ وجلە جوانە کانی و بە باشترین وئازا ترین جەنگاوەرەکانی هەمویان بەرمی درێژ پرچەک کرابون گەشتێکی بەناو ناودارو پیاو ماقولانی کوردستانەوە کرد.

لە سەرەتا ی گەشتەکەیدا بەدرخان بەگ سەردانی پیاو ماقول وسەرکردە خۆجێیەکانی جزیرا بۆتانی کرد، پێیدا چو تا کەنارەکانی دەریاچەی وان، لە هەمو شوێن وناوچەکانیشدا وەکو ئەمیری کوردستان پێشوازیی لێوە دەکرا جا ئەم پێشوازیە لە لایەن جوتیارەکانەوە بوایە یا لەلایەن کریستەکان ، هەموشیان داوای بەشداریان دەکرد لە یارمەتیدانی خەزینەی جەنگ بۆئەوەی بە

دلسۆزیەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان بمێنێتەوە، بەڵام هەندێک جار لە هەندێک شوێن بە زۆر خەڵکی ناچار دەکرد لەم خەزنە بەشداری بکەن، ئەمە بە زمانی هەندێک شایەدحالی ئەو سەردەم .

ئەم زۆر لێکردنە بیانویەکی باش بوو بەدەست ئەوانەی لایەنگری سوڵتانیان دەکرد کە دژی روتکردن و پارە بەزۆر لێستاندن هاواریان بۆ کۆشکی سوڵتان بەرز دەکردەوە، لەوانە بەتریکە ملیەکانی کریستی بەگشتی یاداشتێکی نارەزاییان بۆ کۆشکی سوڵتان بەرز کردەوە، هەروەها نامەیان بۆ سەرکردەکانیان لە ئەستەنبۆل نارد و پشتگیری خۆیان بۆ سوپای عوسمانی بە سەرۆکایەتی عوسمان پاشا دەربڕی ، بەهۆیەوەو بە هەر هۆیەک بێت راپەڕینی کوردەکان سەرکوتکراو نە کریستەکان ونە جوتیارەکانیش کە لە ناوچە کوردیەکان ودەورو بەریدا دەژیان گوێیان بۆ هاواری کوردەکان رانەگرت .

## جەنگی کوردی – عوسمانی :

کاتێک ماریشال عوسمان پاشا دڵنیا بوو کە بانگەواز و دانوستان بێ سودن، هێزەکانی کۆکردەوە لە باشور لە دیاربەکر و لە باکوریش لە وانەوە، دەبوایە هێزەکانیان کە لە باکورەوە هێرش دەبەن بە هەکاریدا هێرش بەرن بۆ موکس و بۆ درێژایی کەنارەکانی دیجلە ، دەبوایە یا هێزەکانی نوراللە بەگ و محمود خان بلاوە پێ بکا یا بەرپەرچیان بداتەوە بۆ ئەوەی روەو بەرزاییەکانی بۆتان و بەرواری رابکەن لەوێش توشیان بە توشی هێزەکەی باشور دەبێ لە دیار بەکرد، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی گەمارۆی هێزەکانی بەدرخان بەگ وهەردوو سەرکردە نوراللە و محمودخان بدەن لە چیاکاندا .

بەهۆی نەبونی چاوکی خۆماڵیی چەکو تەقەمەنی و سیاسەتە شەرمەزاریەکەی هێزە ئەوروپیەکان کە لە گەڵ (تورکە چاکخوازەکان) دا



پیادەیان دەکرد، کارێکی ئەستەم بوو درێژە بە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی سالانی (1846-1847) بدرێ، بۆیە لای ئەوان گرنگ ئەوەبو ئارامی وهێوری لە رۆژهەڵات دابین بکەن.

لەپێناو پاراستن ودورکردنەوەی کوردستان لە کاولکاری سەرکردەی کوردو ئەرمەنەکانی وان لە بەهاری ( 1846 ) کۆبونەوە بۆئەوەی ناوبژیوانی لە نێوان کۆشکی سوڵتان ومەحمود خاندا بکەن، بەهۆی ئەوەی هەمو ئەو سەرکردەو دانیشتوانی ناوچەکە لەو ئازار ومەینەتەیان چێشتبو بۆیە مەحمود خان بە ناوبژیوانیەکە رازی دەبێ بەمەرجی پاراستنی سەروەت و سامان و ژیانی محمودخان وخانەوادە ی و بە ئابرووەوە مامەلەی لەگەڵدا بکا، دیارە کە عوسمان پاشا بەو مەرجانە رازی دەبێ و گفت بە جێبەجێ کردنی دەداو سوێندیشی لەسەر دەخوا، ئەوەبو ئیتر محمودخان لە چیا دادەبەزێ و خۆی رادەستی نوێنەریان دەکا ئەوانیش بە دەوری خۆیانەوە رادەستی فەرماندەی عوسمانیەکانی دەکەن .

سەرەڕای گفت وسوێند خواردنی، عوسمان پاشا لە سوێندەکانی پەشیمان دەبێتەوەو گفت و پەیمانەکانی ناگەیەنێتە جێ، دوای ئەوەی محمود خان خۆی رادەستی ئەوان دەکا سەربازە تورکەکان دەست و قاچی دەبەستنەوەو لە دارێکا دەیبەستنەوە زۆر سوکایەتیی پێدەکەن و تف لە روی دەکەن وئازارو ئەشکەنجەی زۆری دەدەن، هەنگوینی بە دەم وچاودا دەرێژن تا مێش و مەگەز لێی بئالێنەوە، هەرچی سامان وسەروەتی هەیبو سەربازە تورکەکان بە تاڵانی دەبەن، ژن و منداڵەکانی دەکوژن، قەڵاکانی دەرووخێنن و ئاسەوارە کۆنەکانی ئەرمەنی تێک و پێک دەدەن هەرچی تەلار و کۆشکی هەبو خاپوری دەکەن، ئەو ناوە بەجارێک بو بە کاولگە، لێرە وتەکەی تورکان دێتە دی کە دەڵێ : تورکەکان بێرەدا رۆیشتون ،( واتە هەر کاتێ کاولگەیەکت بەر چاو کەوت واتە تورکی پێدا رۆیشتوەو کاولی کردوە ...وەرگێڕ).

تا نزیک وەختانێک خەڵک ئاماژەیان بە شوێنی گولەکان دەدا کە بە دیوارەکانەوە دیار بوو. هەروەها لە شاری دابریز ی بەناوبانگ کە شوێن پەناگەی موکاتسیسی ئەرمەن و ریشتۆنیس بو، ئەرمەنەکان لە موکس کە سەردەمانێکی زۆر توانیان دژی فارس و عەرەب ورۆمەکان بەرگری بکەن بەڵام ئەمرۆ خۆیان دایە دەست، ئەمەش نەک بە ئازایەتی تورکەکان بەڵکو بەهۆی ئامرازە تەکنیکیە پێشکەوتوەکانی رۆژئاوا و تەلەی سیاسەتمەدارە بەکرێ گیراوەکانەوە بوو.

هەر کە محمود خان خۆی دابە دەستەوە، تورک دوای ئەوەی هاوکاری و ئیمدادی سەربازیان بۆدێ هێزەکانی لە دۆڵی بۆتان کۆکردەوە، لەو هاوکاریانە بریتی بون لە تیپێکی سەربازیی ئەلبانی کە تایبەت بو بە شەڕی چیایی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری سوپای عوسمانیەکان شارەزاییان هەبو لە جەنگی چیادا بە ڵام ئەم تیپە سەربازیەی ئەلبانیەکان تایبەتی بون لە جنێوو سوکایەتی پێکردن بەخەڵکەوە بسپۆرو شارەزا بون لەم بوارە .

شۆڕە سوارە کوردەکان زۆر زیرەک و شارەزا بون لە جەنگی چیادا بۆیە لە رێگەی بۆسە نانەوەدا زیانی زۆریان بە سپای عوسمانیەکان گەیاندن و توشی شۆکیان کردبون سەرکەوتن دوای سەرکەوتنیان وەدەست دەهێنا بەڵام قەدەر واهات کە لە بەرژەوەندی بەدرخاندا نەبێ کاتێک برازایەکی کە سەرپەرشتی باڵێکی سوپای کوردی دەبێ لێی هەڵدەگەڕێتەوەو خیانەتی لێ دەکا دەچێتە پاڵ دوژمن.

بەدرخان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دەدرێ رێگەی هەموو هاوکاری و یارمەتیەکانی لێ دەگیرێ، ناچار دەبێ لە مانگی ئۆغستۆسی ( 1847 ) لە چیا دادەبەزێ و خۆی دەدا بەدەستەوە، بەڵام ماریشال عوسمان پاشا لە پێشوازیکردنی دا زۆر بەریزەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکا و رێگەی پێ دەدرێ شمشێرەکەی لا بمێنێتەوەو لەگەڵ خانەوادەکەشی بە باشی هەڵسو کەوت



دەکەن ، بەڵام بە بیانوی پاراستنیەوە خەزنەی جەنگی لێ وەردەگیرێ و قەلاکانی لێ دەروخێنن وکاولی دەکەن هەموو ئەو سەرکردانەی لایەنگری بون لە ناو دەبردرێن .

ئەو سەرکردانەی خۆیان رادەستی عوسمانیەکان نەکردەوە رایان کردە وڵاتی فارس یا پشتی وڵاتی قەوقاس لەوێ لە چیاکان خۆیان حەشاردا ، زۆر سەختە بتوانین ئەو دیمەنە ناخۆش و بەدبەختە بێنینە بەرچاو کە بەسەر ئەو وڵاتە دا هات، سێ لەسەر چواری دۆڵەکانی بونە کاولگەو خەڵکەکە ناچاردەبن رو لە شارەکان دەکەن کە بەهۆی بێ خزمەتی ونەداریەوە توشی نەخۆشی کولێرا دەبن.

بەدرخان وخانەوادەکەشی بە یاوەری دوو تیپی سەربازیەوە لە رێگەی خەربوت و ترابزۆنەوە بۆ فارنا لە خواروی رۆژئاوای تورکیا دور دەخرێنەوە و ئەوانی تریش لە دورگەی کریت لە کاندیا دەست بەسەر دەکرێن، بەڵام ئەوەندە نابا بەهۆکاری سیاسیەوە ئازاد دەکرێن کە رودانی جەنگی قەرەم لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وروسەکان لە ( 1854- 1855 ) لە سەرو بەندی دا دەبێ .

## 5
## مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە ( 1848 – 1890ز)

هەموو کاتێک دورخستنەوەی سەرکردە کوردەکان لە کوردستانەوە بۆ دورە وڵات کارێکی کاتی بوە، ئەم دورخستنەوەیە هیچ کاتێک نەبۆتە هۆی ئارام بونی ناوچەکە، لە نێوان ساڵەکانی ( 1850-1851) یاخی بونی نوێ لە نێوان هۆزە کوردەکانی چیاکان رویان دا،، ئەو هۆزانە بون کە تورکەکان وا مەزندەیان دەکرد ئیتر هەتا هەتایی بێ دەنگ دەبن و ئارامی باڵ بەسەردا

ناوچەکەدا دەکێشێ، ئەوەی راستییێ مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە بە شێوەیەکی بە بەردەوام و لە هەموو شوێنێکدا .

هەرچیەکی بێت مەزندەو گومانی ئەوە دەکرێت کە سیاسەتی جەنگ دژی روسیا بەرێوە بێت لە ( 1854-1855 ) ئەمە وایکرد کە کۆشکی سوڵتان سیاسەتێکی نیان و دڵراگری لەگەڵ کورد بەکار بێنێ، بۆیە چەندین سەرکردەی گەنجی هۆزە کوردەکان کە لە ساڵەکانی دواییدا دەستگیر کرابون، ئازاد کران و بۆچیاکان نێردران بۆ ئەوەی لە روبەڕو بونەوەیان لەگەڵ سوپای عوسمانیدا بە کوشتبدرێن لەو کاتەی بەرگری لە خۆیان دەکەن دژی سوپای عوسمانی، پرسی داواکردنی باجی ساڵانە و بەشداری کردن لە خزمەتی سەربازی بوە حاڵی ناکۆکی و بەگژ یەکدا چونی نێوان هۆزە کوردەکان وسوڵتانی عوسمانی .

دەتوانین چەندین لاپەرە لە باسکردنی ئەو هێرش و هەڵمەتانەی عوسمانیەکان بنوسین کە بۆ کۆکردنەوەی باجی ئاژەڵ وخزمەتی سەرباز کرانە سەر هۆزە کوردەکان. لەگەڵ بەرگریی پاڵەوانانەی کوردەکان لە بەرانبەر ئەو هێرشانەدا، لەو ماوەیەدا لە (1843-1847ز ) ئەم روداوانە زۆر دوبارە دەبونەوە بەڵام بە شێوەیەکی بچوک و لە ناوچە دابڕاوەکاندا، بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی باجی ساڵانە تیپی سوڵتانیی تایبەتی لە هێزەکان پێک هێندران، فەرمانی یاوەری کردنی کۆکەرەوانی باجیان پێدرا ئەم هێزانە هاوشان لەگەڵ فەوجەکانی سوپای نیزامیی وڵات دەبون بۆ کۆکردنەوەی باج وبە سەربازکردن.

لە ئەنجامی جەنگی قەرەم ژمارەیەکی زۆری شەرکەس وهۆزە موسلمانەکانی تری قەوقاز کۆچیان کردە تورکیا و بەهۆی ئەوەی رێگەیان پێدرابو باشترین پاوان بۆخۆیان لە ناوچەی کوردستان هەڵبژێرن بۆیە لەگەڵ کوردەکان توشی روبەرو بونەوە بوون چونکە کوردەکان ساڵەهای ساڵ بو بەرگریان لەو خاکانە دەکردو وەکو میراتی جێماو لە باوک وباپیرانیانەوە



سەیریان دەکرد خۆیان بە خاوەنی راستەقینەی پاوانەکان دەزانی، بەڵام حکومەت پشتیوانیی لە شەرکسەکان کرد وهەنگاوەکانی سەقامگیرکردن وجێنیشکردنیانی بە ووردی جێبەجێکرد، لە ناوچە کوێستانیەکانی کوردیدا ئۆردوگاو نشینگەی بۆ تەرخان وئامادە کردن، لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری کۆچبەرەکان لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی جێنیش بون بە تایبەتیش لەو زەویانەی کە گوایە مولکی دەولەتن .

جێگیربونی هۆزە کۆچەرەکان بۆ جوتیار و دانیشتوانی شارەکان کارێکی زیندو بو، وا تۆمار کراوە کە گوایە لە حەفتاکان ئەسقوفی ئەرمەنەکان گرنگی تایبەتیی بەو کوردانە دەدا کە سەقامگیرن، فێری چۆنیەتی دروست کردنی ئامێری کشتوکاڵی وچۆنیەتی چاندنی کێڵگە و دەرهێنانی گیا زیانبەخشەکانی دەکردن و پیرۆزبایی لە بەرهەم هێنانی دەکرد، ئەم هاندانە کوردەکانی فێری نەریتی باش کردن لەوانە بایەخ دان بە خوێندن، ئەم شێوازە لە نا وهۆزە کوردەکانی باکوردا جێگیر بوو، ئەمە بوە مایەی نزیک بونەوە لە نێوان جوتیارو کرێکاردا، زۆربەی جارەکان جوتیارو کرێکاری کورد بەیەکەوە روبەروی دزی و رێگری دەبونەوە لە شێوەی کریستە دراوسێکانیان.

## 6
## شۆڕشی کورد لە وڵاتی فارس (1880 – 1881ز)

جەنگی تورکیی – روسی لە (1877ز) هەرێمی رۆژهەلاتی تورکیا ی توشی کاولکاریەکی مەزن کرد، هەمان جەنگ وێرای ئەنجامە خەراپەکانی لە برسێتی ونەخۆشی تاعون، کوردو کریستەکانی بەیەکەوە توشی خەراپکاری وماندوێتیەکی زۆر کرد، شکستەکانی تورک بونە مایەی هەڵگیرسانی گڕی

هەستی سەربەخۆیی کوردستان لە دڵی کوردەکاندا، بەڵام ئەمجارەیان لای کەم ئاراستەکان دژی فارسەکان بون.

شێخ عبیداللە ی شەمزینی دەکاتە کوری شێخی مەزن (تاهی) ( لە ناوچەی هەکاریی نزیک سنوری ئێران ) سەرکردەی ئەم بزوتنەوەیە بوو، ، شێخ عبیداللە هەمان هەنگاوەکانی بەدرخان بەگی نا بریاری دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیدا لە سەر سنور. لە ساڵی ( 1878ز ) لە ئەنجامی هێرشی هەندێک لە کوردەکانی لایەنگری شێخ، حاکمی ورمێ لە ئێران هەڵمەتی دەستگیر کردنی چەند پیاوێکی سەربە هۆزی شێخ عوبەیداللە دەست پێ کرد، جگە لەمەش چەند کچێکیشیان لێ رفاندن، لە یاداشتێکی نارەزاییدا شێخ بۆ کۆنسۆلی ئینگلیز دەنوسێ دەڵێ :

( گەلی کورد تایبەتمەندێتی و خەسلەتی تایبەتیی خۆی هەیە، خاوەنی ئاینی تایبەتی خۆیەتی خاوەنی داب ونەریتی تایبەتی خۆیەتی لە ناو هەمو نەتەوەکاندا بە خەراپەکار و بۆگەن ناویان رۆیشتوە ( مەبەستی نوسەر ئەوەیە کە دوژمن ناوی کوردی پیس کردوە..وەرگێڕ ) .. سەرکردەو فەرمانرەواکانی کوردستان، ئەوانەی سەربە تورک یا فارس بن هەروەها دانیشتوانی کوردستان ئەگەر موسلمان بن یا کریستی، هەمویان لەئاست ئەو زوڵم و ستەمەی کە چیتر هەڵناگیرێ، یەکیان گرتوە، لە ئاست رەفتارە نارەواکانی دەسەلاتدارانی تورک وفارسدا یەک دەنگ و یەک هەڵوێستن، دەبێ کارێک بکرێ بەتایبەت دوای ئەوەی کە حکومەتەکانی ئەوروپی لە کێشەکەمان گەیشتن، لە راستی باری ناهەموارمان دڵنیا بون.

ئێمە دەمانەوێ بەرێوە بردنی کاروبارمان بەدەستی خۆمانەوە بێ، بە پێچەوانەوە هەمو خاکی کوردستان دەبێ بەدەستی ئێمەوە بێ، چونکە چیتر بەرگەی ئەو زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوەیە ناگرین کە لەلایەن حکومەتەکەی تورک وفارسەوە کە بە نیازێکی ناپاک ئەنجامی دەدەن .)



بۆئەوەی هەڕەشەکانی کاریگەر بن شێخ کۆمەڵێک لە سەرکردەی ئازای ناوچە جیا جیاکانی کوردستانی لە خۆ کۆکردەوە و یەکیەتیەکی بەناوی ( هاوپەیمانی کوردی ) راگەیاند یەکێک لە راوێژکارەکانی بەحری بەگی کوری سەرکردەی بەناوبانگ بەدر خان بەگ بوو، دواتر شێخ بە سەرکردایەتی کوڕی خۆی تیپێک لە شۆڕەسوارەکان دەنێرێتە سەر مەهاباد لە ئێران لە خواروی دەریاچەی ورمێ و داگیری دەکا .

## 7

## دروست بونی بزوتنەوەی نیشتمانی کوردی

شکست هێنانی شێخ عوبەیداللە لە ساڵی (1881ز) لوت بەرزی سەرکردە کوردەکانی وروژاند کرد، بەڵام تەکانێکی نوێی پێ بەخشین و هاندانی بەکۆمەڵی کەسایەتیە کوردە پێشکەوتوەکان بوو، ئەو کات گەنجە کوردەکان ژمارەیەکی زۆریان لە خوێندگاکانی تورکی لە ئەستەنبۆل دەیان خوێند، جگە لە خوێندن هەندێک لەوانە وەکو میرەکانی بەدرخان بەگ و بابانیەکان هەنگاوی لەمەشیان زیاتر دابو ئەوان خەریکی خوێندن بون لە دانیشگاکانی فەرەنسی و سویسری، لەم میانە دا رۆژنامەی کوردی وعەرەبی لە میسر بە ناوی کوردستان دەردەچون کە سەرنوسەرەکەیان میر مەدحەت بەدرخان بوو، هەروەها گۆڤارێکی دەوری بە زمانی فەرەنسی لە ژێر هەمان ناو دەردەچو .

لەبەر چەندین هۆکار بیری (کوردستانی سەربەخۆ) لە نێو خەڵکدا گەشەی کرد بەڵام لەسەرەخۆ و بە شێوەیەکی جیا لە بزوتنەوە نیشتمانیەکانی تردا، چونکە بەر لە هەموو شتێک سەرجەم هۆزە کوردیەکان نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبو بێ ئەوەی هیچ بەرنامەیەکی سەربەخۆیی دابرێژن، دیارە

که ئەم تایبەتمەندێتیەی بزوتنەوەی کوردی بێ گومـــان نیشـــانەی سیســـتەمی خێلەکیە .

هەندێک هۆکار بونە لەمپەر لەبەردەم گەشە بونی سیاسـیی کۆمـەڵگای کوردەواری و رێگەیان پێ نەدا هاوبەستەگیەک لە نێوان کورددا هەبێ، ئـەو لەمپەرانەش بریتی بوون لە :

نەبونی شێوازو هۆکاری گشتگیری بۆ نەریت و رۆشنبیری نیشتمانی .

نەبونی سۆنگەی زەرور بۆ دەربرینی هەستی نەتەوایەتی .

بونی دیدی هەرێمیی تەسک و تاکرەویی توند و ململانێ لـە نێـوان هۆزەکاندا. ئەم هۆکارانە بونە مایەی روداني ئەو کارەساتانەی بەسەر گـەلی کورد دا هاتن . کێشەو ململانێی بێ بنەماو ئاست نزم بەشێک بون لە ژیـانی کۆمەڵایەتیی کۆمەلگای کوردی کە لێی جیا نەدەبوەوە، دەکرا ئەم کێشانە بە چەند چرکەیەک لە رێگەی دیالۆگ و دانیشتن چارەسەر بکرێن بەڵام ئەمەیان نەدەگرتە بەر بەڵکو رێگەی خوێن رشتنیان دەگرتە بـەر لـەجیاتی دانیشـتن ودیالۆگ، کە ئەنجامەکەی بە دوژمنداریێتیەکی دورو درێژ کۆتایی دەهـات، گیانی لێبوردەیی بونی نەبو، هەولو تەقەلاکان لەم بوارەدا بەفیرۆ دەرۆیشتن، هەر هۆزەو خۆی بە ستەم لێکراو دەزانی بۆیە لە ئاست روداوەکان گوێی بە هـیچ ئامۆژگاری و ناوبژیوانیەک نە دەدا، قینی لە بەرانبەر هەڵدەگرت و بە گیـانی تۆڵە جۆشیان دەدا، ئەمە لە کاتێکا زۆربەی جارەکان هەردوو لایەنی ناکۆک سەر بە یەک هۆزی بوون. دەکرێ لەم بوارە و بۆ شی کردنەوەی بیری ئابرو پاراستن و ئازایەتیی کەسایەتی لە کوردستان ئاماژە بەم نمونەیە بدەین :

شاری بەدلیس دەکەوێتە لێژایی باکوری چیای تۆرۆس ی ئـەرمینیا، وەکـو پردێکی سەرەکیە لە نێوان ئەو چیایەی کە دەکەوێتە سەر رێگای دیاربەکر و بیابانی نێوان دوو روبارەکە، لەوێ هەردوو هۆزی کوردیی جبول و زیـدان جێنیش بوون، سەرکردایەتی هەردوو هۆزەکە لە شار دادەنیشتن، بـەڵام بـۆ



کۆنترۆل کردنی ناوچەکە لە چیاوە تا باشوری دیاربەکر پشتیان بـە هێـز و سەربازەکان بەستبو، دۆستایەتیەکی دێرین لە نێوان ئەم دوو هۆزەدا هەبوو ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا رویدابو، هەردوو هۆزەکە بە هاوبەشی و بەیەکـەوە هەموو جارێک هێرشیان دەبردە سەر ماڵـاتی جوتیـارە کـوردو ئەرمەنـە بێلایەنەکان .

کتوپر لە بەهاری (1910 ) لە کاتی کێبەرکێی سوارسوارێندا لە نێـوان سوارێکی هۆزی جبول وزێدانیدا کە ژنێکی سۆزانیی رۆژهەلاتی بەسەر سوارە جبولیەکەدا هەڵدەڵێ و لە نێو پیا هەڵگوتنەکەدا رقو کینەی خۆی لە سـوارە زێدانیەکە دەردەبرێ لە ئەنجامدا ناکۆکی کەوتە نێوان ئەم دوو هۆزە و چەند کەسێک بەهۆیەوە دەکوژرێن و بریندار دەکرێن، وەکو نەریتی هەمو جارێکیان پۆلیس بێلایەنی هەڵدەبژێرێ، هەرچەندە کە هێزی تەواویشی نابێ خـۆی لـە کێشەکان هەڵقورتێنێ بەڵام بۆئەوەی کێشەکە درێژە بکێشێ خـۆی بێلایـەن دەکا .

رۆژی دواتر شەرێکی راستە قینە لە نێوان هەردوو هۆز رو دەدا کە ماوەی هەشت مانگ دەخایەنێ بە پچری، لە ئەنجامی درێژە کێشنی جەنگەکە چەندین هۆزی تری لایەنگری هەردو لا تێوە دەگلێن لە هەرێمی حەرزان و مۆتکـان، دواتر شەرەکە بۆ چیاکان دەگواسترێتەوە .

ماوەی چەندین ساڵ بوو من ئاشناییم لەگەڵ سەرۆک هۆزی جبولدا هەبوو کە پیاوێکی لەتەمەندا مامناوەندی بوو، پیاوێکی بە رەوشت و دەم بە پێکەنین و واقیع بین بوو، لە کاتە ئاساییەکاندا پیاوێکی نەرم ونیان بوو ،بـەڵام ئـەو کاتەی لە بارەگاکەیدا بینیم لە کاتی شەرەکەدا پیاوێکی تورەو تونـد و تینـو خوێن بوو، پارسەنگ و ئارامی خۆی لەدەست دابوو هەرەشەی لـە هـۆزی زێدان دەکرد کە تا دوا تنۆکی خوێن لەگەڵیان بجەنگێ، تا ئەوکاتەی ووتـە

نابەجێ و ناشیرنە کانیان نەکێشنەوە کە لەبەردەم پیاوەکانی خۆیدا پێمانی وتوە .

دواجار شێخ مەحمود کەوتە نێوان هەردوو هۆزەکە بۆ ناوبژیوانی و ئاشت کردنەوەیان ، شێخ مەحمود سەرۆک هۆزی خەرزان بو کە دەکەوتنە نێوان بەدلیس و دیاربەکرەوە، توانیی ئاشتیان کاتەوە، بەڵام دوای ئەوەی شارەکەم جێهێشت، دوبارە کێشەو جەنگ لە ( 1912 ز) لە نێوان هەردوو هۆزەکە هەڵگیرسایەوە .

شەڕی خێڵەکی لە نێوان هۆزە کوردەکاندا بەهۆی تۆڵەی خوێنکردنەوەی کۆن رویدەدا یا بەهۆی ژن هەڵگرتن و دەستگرتن بەسەر مەڕ وماڵات وچەک یا کێشەی مولکدارێتیی پاوان و چەندین هۆکاری تر. لە چەرخی نوێدا کوردەکان دام ودەزگای نیشتمانیان نیە کە لەسەر پرسی ئۆتۆنۆمی و شێوازی هاونیشتمانی مەشقیان پێ بکا، سادەیی بیرکردنەوەو دڵساویلکەیی و دڵپاکی وپیاوەتیان لەلایەن تورکەکانەوە بە ناشەرعی سودی لێوەردەگیرا و بۆ مەرامی چەوساندنەوەیان وەکو گولە هاون لە دژیان بەکار دەهێندرا.

کوردەکانیش وەکو هەمو دراوسێیە رەسەنەکانیان لە عەرەب وئەرمەن و ئاشوری وفارس تا ساڵەکانی دوایی دور بوون لە کاریگەریی فەرهەنگ ونەریتە روحیەکانی بێگانە، لە هەموو نەتەوەکان زیاتر توانیویانە تایبەتمەندێتی و نەریتی خۆیان بپارێزن، بە درێژایی چوار هەزار ساڵی رابردوو دەستیان بە خەسڵەتە رەگەزی وڕێکخستنە ئابوری وکۆمەڵایەتیەکانی خۆیانەوە گرتوە.

بەڵام لەو ساتەی کە کوردەکان شەهیدیان بەخشی لە پێناو ئازادی نیشتمانەکەیان وەکو ئەوەی لە بزوتنەوەکانی بەدرخان وشێخ عبیدالله رویدا لە پێنا وسەربەخۆیی کوردستان پێی هەڵسابون، چەرخێکی نوێ لە ژیانی کوردەکان هاتە کا، گومانی تیا نیە کە چالاکیەکانی شۆڕشی ئەرمەنی لە



هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم و چالاکیەکانی دواتریش دەکرێ بڵێین نمونەی سەرکردەی کوردی پرشنگداربون .

سەرکردەی هۆزی حەیدەران وتاجوری وشکاک کە لە باکور و باکوری رۆژهەڵاتی دەریاچەی وان دادەنیشتن لە بواری فڕاندن و گەیاندنی چەک وتەقەمەنی لە وڵاتی روسیا و فارسەوە بۆ ئەرمەنەکان گەلێک زیرەک وکاریگەر بوون، شاعیر وگۆرانی بێژە کوردەکان گۆرانیان بە پاڵەوانێتی سەرکردەی شۆڕشی ئەرمەنەکاندا هەڵدەگوت، هەر ئازایەتی وپاڵەوانێتیەک کاری دەکردە سەر تاکی کورد .

هێما سەرەکیەکانی یەکەمی رۆژنامەگەری کوردی کە لە میسر وسویسرا دەردەچون، جەختیان لەوە دەکردەوە کە کوردو ئەرمەن وئێزدی وئاشوری دەبێ بەیەکەوە کار بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ئەوەی راستیش بێ گەلێک لە کەسایەتیی ئەم گەلانە بەیەکەوە دانیشتن و گفتوگۆیان لەسەر ئامانجەکان بەگشتی دەکردن، لە روێکی تریشەوە سەرکردەی گەلێک لە هۆزەکان پەیوەست بون بە تورکەکان ئەوان زۆریان لە خەلکی بێگوناه و سڤیل کوشتن و ماڵیان بە تاڵان بردن .

## 8

## ڕێکخستنی سوارە کوردەکان (1889 – 1891 ز)

بەڵکو کۆشکی سوڵتان لە تێبینی کردنی گەشەسەندنی هاوکاریەکانی نێوان گەلانی دژی حوکمرانیەکەیان کە لە سنورەکانی رۆژهەڵاتی دەولەتی عوسمانی

نیشتەجێبون رویدەدا، بێ خەبەر یا بێ هیوا بوبێ، بونی دوو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی دیار؛ کوردو ئەرمەن ، لە بارو دۆخێکی تایبەتیدا و بە وشیاری یەک بگرت، ئەم یەکگرتنەیان هەرەشە بو لەسەر دابەش بونێکی راستەقینەیی تورکیا، بۆیە کۆشکی سوڵتان بەباشی زانی کە پیلانێک داڕێژێ بۆئەوەی ئەم دوو گەلە لە جیات یەکگرتن بە گژ یەکدا بچن .

ئا لێرە ئەو بیرۆکەیە کەوتە بواری جێبەجێکردن کە پیاوەکانی هۆزە کوردەکان رێک بخا بۆئەوەی بیانکا بە تیپ وفەوجی سوار تا لە شەرەکاندا هاوکاری سوپای تورکی بکەن، سوڵتان عبدالحمیدی دوەم ناوی لەم تیپ وفەوجانەنا (حەمیدی) ئەمەش وەکو پیرۆزکردنیان بە ناوی خۆی دێت ( لەم سەردەمە پێیان دەوترێ جاش. وەرگێڕ)، لە روی پراکتیکەوە 76 فەوج یا تیپی لێ پێکهێنان، هەر تیپێک یا فەوجێک بریتی بوو لە 400 چەکداری بە سەرۆکایەتی سەرکردەی هۆزەکانەوە بوو، ئەمانیش لەژێر فەرماندایەتی سوپاسالاری عوسمانیی شەشەمدا بون کە بارەگاکەی لە ئەرزنجان بوو، ئەم تیپانە زۆر بەهێز نەبوون چونکە هەندێکیان بە دروستی دانەمەزرابوون، ئا لە ژێر ئەم دەمامکە نوێیە نزیکەی 20 تیپیان بە جلە رازاوەکانیانەوە بۆ بەرەکانی جەنگ لەدژی یۆنانستان راپێچ کردن لە ( 1897ز)، لە چیاکانیانەوە بەرێگەی ترابزۆنەوە بەرێکران، دوای ئەوەی لە ئەستەنبۆل مانۆرێکی سەربازیان پێ کردن لەوێشەوە بۆ سالۆنیکا، دواتر رەوانەی بەرەکانی جەنگیان کردن لە بەرابیەکانی سوپای تورک لە تیسالی، دوای ئەوەی جوامێرانە جەنگین چواریەک یان کە بە زیندوێتی مابونەوە بە ئەسپەکانیانەوە گەرانەوە ماڵەوە ئەوانیتر هەمویان تیا چون.

بەستنەوەی گەنجە کوردەکان بە پەیکەری سیاسیی تورکیەوە مەینەت وئازارێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا ئەویش بە دو رێگاوە بوو :



* لە روێکەوە توندو تیژیان لەگەل ئەرمەنە دراوسکانیان زیادی کرد هەروەها لەگەل جوتیارە کوردەکانیشدا .

* لە روێکی تریشەوە گیانی کوردایەتیان گەندەڵ وبۆگەن بوو، چاڵاکی و تێڕوانینە پیرۆزەکانیان بەرەو چالاکی وتێڕوانینە ناپیرۆز و نا نێشتمانپەروەری گۆڕا .

بۆئەوەی دیمەنە ناشیرنەکە تەواو بێ ئەم دیاردەی تیپی حەمیدیە یان لە نێو خەڵکی گۆتیۆم وکاشو دا بڵا وکردەوە واتە لە شاری موسل وچیای حەمرین و گردۆڵکەکانی باشور کە دەڕواننە سەر دەشتاییەکانی باکوری بەغدا، دیارە کە ئەمەش نیشتمانی راستە قینەی کوردە .

سوڵتان عبدالحمیدی دوەم سوڵتانی عوسمانی هەزار حسابی بۆ پێشوەچونی فکریی کورد کردبو، بۆیە لە ناوچەی گۆتیوم چەندین گەنجی بژارد بۆ ئەوەی لە ئەستەنبۆل فێری خوێندنی تورکیان بکا بە گوتەی ئەو زمانی کوردی زمانێکی سەرەتاییە نابێ فێری بن، بەڵام هەر چۆنێکی بێ فێربونی زمانی تورکی گەلێک باشترە لە فێرنەبونی هیچ زمانێک، چۆنکە مەکر وحیلەی تورک شاراوە نەبون کە دژی هۆزە کوردەکان بەکاریان دەهێنان بۆیە پیلانەکان ئاشکرا بوون .

هەرچۆنێکی بێ بەم رەفتارەیان کێشەکان چارەسەر نەکران بەڵام ئەو کەسەی دەچوە خزمەت سەربازی دەیتوانی لەجیات خزمەتی سەربازی، لە ناوچەکەی خۆی بچێتە ریز تیپە سوارەکان ئەمەش لای ئەوان رێگەیەکی بە ئابڕو بوو بۆ دەرچون لەم گرفتە، بەڵام ئەوەی بێ چارەسەر مایەوە پرسی باجەکە بوو کە هەردەم هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دروست بونی کێشەکان، پێم باشە لێرە تەنها نمونەیەک بێنمەوە کە نیشانەکانی چەوساندنەوەو ستەمی تورکە ستەمکارەکان نیشان دەدا بەرانبەر بە کورد .

لە ساڵی ( 1899ز) سوڵتان هەڕەشەی بۆ حاکمی بەرواری ( باکوری بۆتان سو) نارد کە ئەگەر باجی مەڕو ماڵات لە کوردەکان کۆنەکاتەوە کە بە گومژەی 1500 جونەیهی ئینگلیزی بەرانبەر بوو ئەوا راستەوخۆ دەردەکرێ و سزاش دەدرێ، بۆ ئەم ئەرکەش 20 سواری لە ژێر فەرمانی دانا بۆئەوەی دەسەڵاتی بەهێز بێ لە جێبەجێ کردنی فەرمانی سوڵتان، بۆ ئەم مەبەستە کۆلۆنێلی جەندرمە بە یاوەری 5 لە باج وەرگرەکان دەستیان بە کۆکردنەوەی باج کرد، لە حالەتی نەدانی باج دەستیان دەگرت بەسەر مەڕ و ماڵاتیان، کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە کوردەکان کە لە دانی باج دوودڵ بوون خۆیان لە رێرەوە چیاکاندا قایم کردو سەنگەریان گرت، لێیان هاتنە دەست هەموو پیاوەکانی دەسەڵاتیان کوشت لەگەڵ سێ لە فەرمانبەرانی باج، تەنها دوانیان لە مردن رزگاریان بوو کە بە زمانی کوردی کەوتنە پاڕانەوە تا نەیان کوژن، دوای چەند مانگێک سوڵتان فەرمانێکی ئیمپراتۆریی لێبوردنی دەکرد بە مەدالیای ستایشەوە .

بەشی شەشەم



## کوردو تورکیای تازە ( 1908ز)

## 1

## کورد و شۆڕشی تورکی لە ( 1908ز)

پیاوە نەخۆشەکەی ئەوروپا ( دەوڵەتی عوسمانی) هیچ کاتێک لەو کاتە نەخۆشتر نەبوە کە لەسەردەمی سوڵتان عبدالحمیدی دوەم لە ( 1876-1908 ز) دا بوو،

رێژەیەکی کەم لە خەڵکان سودیان لەم ئاژاوەی ئەم چەند ساڵەی وڵات وەرگرت، سوڵتان خۆی سودمەندی یەکەم بوولەم ئاژاوەگێڕیە، سوڵتان لە ئیمپراتۆریەتێک کە سنورەکەی لە دەریای ئەدریاتیکەوە تا کەنداوی فارسی بوو خاوەنی چوار هەزار ژن و ژمارەیەک لە پادشا و کۆمەڵێک سیخورو کرێگرتە بوو، جگە لە چەندین کۆمپیالەی قەرزی ئەوروپی کە سودی ریباکەی خرابوە سەر تورکیاوە.

هەژاری بە ڕێژەیەکی دیار لە هەڵکشاندا بوو ،هەموو ساڵێک ئەو شەڕانەی دژی کورد وعەرەب وئەلبان و مەقەدۆنیەکان هەڵدەگیرسان خوێنیان لەبەر ژیانی تورکیا دادەچۆڕی، رۆشەنبیرە تورکەکان لە ناوەوە و لە دەرەوە پۆل پۆل دەچونە ریز لیژنە شۆڕشگێڕەکان بۆ سەرنگون کردنی تەختی سوڵتان و رزگار کردنی وڵاتە تازەکانی ئیمپراتۆریەت.

دەیان ووت سەردانەکەی ئەدواردی حەوتەم پادشای بەریتانیا بۆ قەیسەری روس نیکۆلا لە ساڵی ( 1907) پرۆژەی دابەشکردنی تورکیای لێ کەوتەوە :

بڵاو بونەوەی ئەم بەندو باوانە لەسەر چارەنوسی تورکیا بوە مایەی بێزاری تورکەکان، ئەنجامەکەی بەوە گەیشت کە سوپای تورکیای جێگیر بوو لە مەکەدۆنیا لە ساڵی (1908) یاخی بیێ و لە ئەنجامی ئەو یاخی بونە پارتی ( تورکیای فەتات) دەسەڵاتی گرتە دەست.

دەسەڵاتدارانی نوێ لە ئەستەنبۆلی پایتەخت وشارە مەزنەکانی نزیک پایتەخت توانیان زوو بەسەر لایەنگرانی سوڵتاندا زاڵ بن، بەڵام رەوشەکە لە شوێنەکانی تر جیا بوو بەتایبەتی لە چیای زاگرۆس و تۆرۆس و دەشتاییەکانی عەرەبی، هەر لە ساڵی یەکەمەوە حکومەتی تورکیای فەتات چەند کردەیەکی سەربازیی دژی کوردەکان ئەوانەی دۆستایەتیان لەگەڵ سوڵتانی لەکار لابردراو دا خۆش بوو، گرتنە بەر.

ئەوەی راستی بێ نە هیچ هۆزێکی کوردی نە هیچ ناوچەیەکی کوردی بە تەواوەتی نەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتە نوێکە تا ئەو کاتەی بنکەی سەربازیی لێ دانەمەزراند، بە دانانی بنکە سەربازیەکان بارێکی سەختو نادروست بۆ کوردەکان هاتە کا بەڵام دیارە کە ئەوان لەگەڵ ئەم دۆخ ورەوشانە راهاتبون بۆیە ژیانی ئەم بنکە سەربازیانەیان کردبوو بە دۆزەخ، مانەوەیان بەم شێوەیەو لەم شوێنانە باجی زۆری دەویست .

وێرای ئەمانە کێشە لە دوای کێشەو قەیرانی سیاسی لەدوای قەیران لە ماوەی مانگی چوارەمی شۆڕشی تورکی سەریان هەڵدەدا، ئەم قەیرانانە بونە مایەی دروست بونی روداوی دراماتیکی، لەسەرەتا بولگاریا سەربەخۆیی تەواوی خۆی لە تورکیا راگەیاند، ئەمەش بە هاوکات لەگەڵ نەمسا وهەنگاریا وسەنجەقی نۆڤی بازار.

ئەم تەنگژانە مستێکی بەهێزبو بەرسامی شۆڕشی تورکی کەوت، ئەم تەنگژانە ئەو کاتە ئاڵۆزتر دەبن کاتێک ئیتالیا لە پایزی ساڵی (1911) بریاری جەنگ دژی تورکیا رادەگەیەنێ و دوو هەرێم لە لیبیا داگیر دەکا، ئەوکاتەی



هەردوو وڵات لە پایزی ( 1912ز) خەریکی دانوستانی ئاشتی دەبن هێزەکانی هاوپەیمانان هێرش دەکەنە سەر دەوڵەتانی بەلکانی تورکی و زیانێکی مەزنی لێدەدەن وشکست بە سوپاکەی تورکی دەهێنن، هێزی هاوپەیمانان بەرەو ئەستەنبۆل هەڵمەت دەبا، ئا لەو کاتەدا دەبێ کە شەش وڵاتە مەزنە ئەوروپیەکە بە سەرپەرشتی ئەوروپا (پرۆژەی چاکسازی ) بەسەر تورکیادا دەسەپێنن بۆ ئاشتبونەوە لەگەڵ ئەرمینیا.

ئەو دەنگۆیانە کە لە دورو نزیک دەبیستران سەبارەت بە نزیک بونەوەی روخانی تورکیا، سەرکردە کوردەکانی چالاکتر دەکرد، ئەوەی راستی بێ حکومەتی تورکیای فەتات هەندێک چاکسازیی دەستوریی ئەنجام دان، وەکو ئازادی رادەبرین و چاپەمەنی وفەرهەنگی، لە پایزی (1908ز) بە دەست پێشخەری ئەمیر ئەمین بەدرخان ی نەوەی سەرۆکی مەزن بەدرخان کە لە (1482-1487) فەرماندایەتی شۆڕشی کرد ،یانەی کوردی لە ئەستەنبۆل دامەزرا، ئامانجی سەرەکیی ئەم یانەیە دیراسە کردنی بنەماکانی بنچینەیی بۆ رێکخستنی نیشتمان ونەتەوەیی بوو ، رۆژنامەیەکیان بڵاو دەکردەوە بەناوی ( هاوکاری وپێشوەچونی کوردی ).

لە ژمارەکانی بەراییدا هەندێک لە سەرکردەکان وەکو بابان زادە ،اسماعیل حەقی، سعید کوردی و شێخ عبدالقادر، جەختیان لەسەر ئامادە کردنی زمان وکۆکردنەوەی پیتەکان دەکرد بۆئەوەی ببێتە کلیلی فێربون و شارستانیەت ، وێرای بڵاو کردنەوەی زانیاری لەسەر فۆلکلۆری کوردی وئەدەبی کوردیی زارەکی، بەو نیازەی ئەم دیراسانە دەبنە بەردی بناغەی یەکیەتی نیشتمانی، ئەمەو ئەم یانەیە ژێر بەژێر هانی کوردەکانی دا بۆئەوەی چیتر بە زمانی تورکی نەخوێنن، وای تێگەیاندن کە کات بە فیرۆ نەدەن، مەرجی نوێی بۆ هاوڵاتی بونی کوردەکان دیاری کرد کە دەبێ رۆشەنبیر بن تا بسەلمێنن کوردی باشن، ئەم رۆژنامەیە لەمەش زیاتر هەنگاوی نا کاتێک پێشنیاری دامەزراندنی هێزێکی

نیشتمانی کوردیی کرد وەکو سەربازی کوردی لە رۆڵەی هۆزە کوردەکان پێک بێ وەکو کاکلی دامەزراندنی هێزێکی نیشتمانیی کوردی .

دواتر لە بەغداو موسل ودیاربەکر یانەی لە هەمان شێوە دامەزران، کە هەمان ئامانج و بیرۆکەیان بڵاو دەکردنەوە، ئازادی دەستوری مەودای فراوانتری رەخساند، حەز وسۆزێک لە نێو گەنجانی هەمو گەلانی ئیمپراتۆریەت بڵاو بوەوە کە بەدوای فێربونی زانست و یاساو زماندا بگەڕێن، دیاردەی شارەزابون لە فەرهەنگ و رۆشەنبیری بوە هۆکاری پەیوەندی نەک تەنها لە نێو ریزی خوێندکارەکان بەڵکو لە بۆنە کۆمەلایەتیە کانیشدا ، راو بۆچونەکانیان ئالو گۆر دەکردن سەبارەت بە گۆرانکاریەکان، ئاشتەوایی هەمو رەگەزەکان و هاوکاری لە ژێر پەرچەمی عوسمانی ببوە گرنگترین ئامانجی راگەیێندراوی شۆڕشی تورکی .

لەگەڵ ئەمەشدا بەڵگەی وامان بەدەستەوەیە کە ئەوە دەسەلمێنن پیاوەکانی بازنەی ناوەوەی لیژنەی (تورکیای فەتات ) کە زۆربەیان لە رەگەزە تێکەڵاوەکان پێکهاتبون، بە چاوێکی نارەزاییەوە سەیری ئەو گۆڕانە خێراییەی لەیەک تێگەیشتن و هاوکاریی نێوان گەلی کوردو ئەرمەن دەکرد. زۆربەی جارەکان ئەندامانی پەرلەمان لەو دوو گەلەی کورد و ئەرمەن لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا هاو هەلوێست دەبون، گەلێک جار گفتو گۆکانیان سنوری ناکۆکیەکانیانی رەت دەکرد ئەوانەی لەسەر مولک وکێشەکانی تردا هەیان بوو، بۆیە دەبینین لە هاوینی ساڵی ( 1909ز) فەرمانبەرە نهێنیەکانی لیژنەی تورکیای فەتات بە نێو هەرێمی رۆژهەڵاتدا دەخولانەوە و تۆی فیتنەو ئاژاوەیان لە نێو ریزەکانی گەلی ئەرمەن و کورددا دەچاند .

سەرەڕای گەردەلولی سیاسی وشەڕەکانی باکوری ئەفریکا وبەلکان، هەرێمەکانی کوردی وئەرمەنی ی رۆژهەڵاتی فورات لە کەشێکی ئارام وخۆشیدا بون لەو ناخۆشی وتەنگەژە ئابوریانە دەربازیان ببو کە لەسەردەمی



عبدالحمیدی دووەم بەسەریان هاتبوو، لە میانەی پێنج ساڵی ( 1908-1913ز) ئاسیای عوسمانی بەتایبەتی پشدێنەی کوردی - ئەرمەنی- عەرەبی بوژابوەوە و گەشەی بەخۆوە دەبینی بەرهەمەکانی بەشێوەیەک پەرەیان سەندبوو، ئازادی پرۆژەسازی و ئارامی و سەفەر بە ناوچە چیاکاندا خەڵکی هاندا بۆ پەرە دان بەو بەهرانەی ماوەی 45 ساڵێک بو سەرکوت کرابوو.

لە هەمان کاتدا هەندێک دیمەنی تریش هەبون کە بە پێچەوانەی ئەم دیمەنانە بوون، بۆ نمونە لە ساڵی ( 1908ز ) یەوە هەمو کەسێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئازادیی هەبوو، وشەی ئازادی و یەکسانی و برایەتی لەسەر لێوی هەموو کەسێک بوو زۆر ئازادانە بانگخوازیان بۆ دەکرد و ئازادانە بەو وشانە بەشداریان لە خۆپیشاندانی سەرکەوتن دەکرد، بەڵام ئەم دروشمانە وەکو شمشێری دوو سەرە بوو، بۆیە کوردێکی ئاسایی کە فێری بەندەکانی دەستور نەبوە لە بواری ناسینی مرۆڤایەتیی خۆیدا کەسێکی نامۆ ونەزان بوو، چونکە بە رێگەی تایبەتی و بە بیرو بڕوای خۆی لە وشەی ئازادی ناگا .

ئەو سەرکردەو هۆزە کوردانەی لە سەردەمی سوڵتانی لەسەر کار لادراو سودمەند بوون، لە لایەن دەزگا کۆنەپەرستەکانی پایتەخت هانی ئاژاوەگێڕی دەدران بۆئەوەی کێشەو ئاژاوە لە ناوچە دورە دەستەکان بنێنەوە و دۆخێکی نائارام دروست کەن تا دەسەڵاتی پێوە ماندوو خەریک کەن ،ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو ئاژاوە گێڕیە دزی و رێگری لە رێگە سەرەکی وناوشاخەکاندا لە زیاد بوندا بو مەڕو ماڵات و بەروبومی جوتیاران تالان دەکرا و وێڕای ئەمەش شکستی تورکەکان لە بەلکان لە بەردەوامی دابوو .

لە هەمان کاتدا شێوازێکی سیاسیی نوێ دروست بو کە دروشمەکەی ( کوردستان بۆ کورد ) بو ئەم ئاراستەیە لە تەکیەی شێخێکەوە بۆ تەکیەی شێخێک گواسترایەوە، بە دیدی ئەوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەم کارەساتەی لە نێوان ساڵەکانی ( 1912-1913) هاتە رێ لە ئەنجامی بروانەبون بە

خواپەرستی وماسۆنیەوە بوە کە دید وبروای پیاوەکانی تورکیای فەتاتە، وەکو نەریتی هەموو جارێک کورد وئەرمەنەکان جلەوی دەستپێشخەری شۆرشیان گرتە دەست .

بۆ دوبارە بنیاد نانەوەی سوپا لەبەر یەک هەڵوەشاوەکەی لە رۆژئاوا، دەسەڵاتدارانی تورک ئەوپەڕی پێویستیان بە سامان و سەرباز هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە گەڕانەوە بۆ حساباتە کۆنەکانیان تا سەرچاوەی تازەی پارەو سەرباز بدۆزنەوە، لەم روەوە والیی بدلیس نمونەی تورکێکی ئەستەنبۆلی شارەزا یە لە فەرەنسی، توانیی لە بەهاری (1913) ئەمە ئاشکرا بکا کە لە بیست ساڵی رابردودا خانەوادەی شێخ سەعیدی علی شێخ خیزانی کوردی (شێخ سعیدی پیران ..وەرگێر) یەک تاقە فلسی وەکو باج نەداوە، هەروەها بە یەک سەربازیش لە ئەندامانی هۆزەکەی بەشداریی لە خزمەتی سەربازی نەکردوە کە ژمارەیان دەگاتە چەند سەد کەسێک، بۆیە والی سڵاو بۆ شێخ دەنێرێ و زۆر بە ئەدەبەوە داوای لێ دەکا کە ئەو پارە کەلەکەبوانەی لەسەریەتی کە نەیداون لەگەڵ هەندێک لە پیاوەکانی بۆ خزمەتی سەربازی بۆی بنێرێ، شێخیش بە ئەدەبەوە وەڵامی دەداتەوە دەڵێ :

بەهۆی ئەوەی منیش وەکو هاوەڵەکانم لە سەرۆکە روحیەکان خاوەنی تەکیەم وهەزاران گەشتیارو مسافیر و هەژارو دەروێش ودەربەدەر و بازرگان ساڵانە رو لە تەکیەکەم دەکەن ئەوەی پێویستیان بێ لە خواردن و حەوانەوە بە خۆرایی بۆیان دابین دەکرێ، هەروەها ساڵانە هەزاران کەس وەکو حەج دێنە سەردان وزیارەتم، بۆیە ئەو باجانە ئەو ناگرتەوە و پیاوەکانیشی راستەوخۆ خزمەت دەکەن ولە ژێر ئەرک و فەرمانی ئائینیدان .

شێخ سەعید پیاوێکی سەرکێش بوو، ئەمەشی بۆ زیاد کرد ووتی:

حکومەتی خێرداری سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدی دوەم هیچ کاتێک ئەم جۆرە داوایانەی نەکردوە. ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی والیی تورکیای فەتات



تورە باک، والی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی (دەرەک) دەنێرێ بۆ دەستگرتن بەسەر مەرو ماڵاتی لایەنگر ومریدەکانی شێخ، نزیکەی هەموو کوردو هەموو موسلمانێکی سەر بە ناوچەی دیاربەکرو تا دەگاتە وان لەگەڵ بیرو بۆچونەکانی شێخ دا هاو سۆز بوون زۆربەیان بە پیرۆزی سەیریان دەکرد .

کاتێک شێخ سەعید لە نیازەکانی والیی تورک دەگا بەرانبەر بە مریدو هاوسۆزەکانی، نزیکەی حەوتسەد کەس لە باشترین جەنگاوەر و چەک کۆدەکاتەوە و بە سەرۆکایەتی خۆی روەو بدلیس هێرش دەبا بۆ دەست گرتن بەسەر بدلیس و وەدەر نانی رۆمە خوا نەناسەکان، ئەو جەندرمانەی لە رێگا توشیان بە توشی شێخ هات خۆیان پێ نەگیرا بەبێ تەقە پەرش و بڵاو و پەرەگەندە بون چونکە زۆربەیان کورد بوون تەقەیان لە شێخی خۆیان نەکرد. لە تەموزی (1913) شێخ شاری بەدلیس و دەورو بەری دەگرێ هەرچی فەرمانبەری تورک هەبوو بە والیەوە رایان کرد .

ئەمیش وەکو بەدرخان بەگ وشێخ عبیداللە وئەوانی تر راگەیاندنێک بڵاو دەکەنەوە کە تیایدا داوا لە ئەرمەن و ئاشوری و کلدانەکان دەکا پەلە لە پشتگیری بکەن بۆ ئەوەی وڵات لە ژێر ستەمی رۆم(تورک ) رزگار کەن، بەڵام کاتەکە گونجاو نەبوو کە شێخ هەڵی بژاردبوو چونکە هەمو تورکیای ئاسیایی لە ساڵی (1908) ەوە لە بەرژەوەندی و سودی هەمو لایەک گەشەی کدربوو بوژابوەوە، ، بۆیە ئەرمەنەکان پێیان باش بوو ئارامی ویاسا لە هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا ( ئەرمینیا و کوردستان) بەرقەرار بێ، بەدیدی ئەوان دەبێ پشتگیری لە حکومەتی تورکیای فەتات بکرێ بۆ ئەوەی بەسەر ئەو تەنگ و چەلەمانەی تازە سەریان هەڵداوە لە پایتەخت زاڵبن .

راستە حکومەتی تورکیای فەتات بە هەزارها ئەرمەنی لە کیلیکیا لە ساڵی ( 1909) جینۆساید کردبوو و ئەم هەرێمەی کردبو بە کەلاوە. بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا کورد وکریستەکان لەسەر ئەوە ڕێک بوون کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەکو یەکەیەکی ئابوری وسیاسی بەردەوام بونی زەرورە .

دەسەڵاتی شێخ سەعید عەلی لە بدلیس تەنها یەک حەفتەی کێشا، تا ئەو کاتەی تورکەکان لە دیاربەکر وموشیَ سەرباز کۆدەکەنەوەو دوای شەڕو کوشتارێکی زۆردوبارە شار داگیر دەکەنەوە، ئیتر شێخ وهەندێک لە لایەنگرانی داوای پەناهەندەی سیاسی لە کۆنسۆلخانەی روسی دەکەن، دواتر کاتێک هەوڵی خۆ دەرباز کردن دەدا بۆ ئەوەی دەستی لە چیاکان گیر بەڵام دوای چەند هەفتەیەکی کەم دەستگیر دەکریَ و بە ئاشکرا ولەبەر چاوی خەڵکەوە شێخ و چوار لە کەسە نزیکەکانی لە سێدارە دەدرێن .

## 2

## هۆزە کوردەکان و جەنگی یەکەمی جیهانی ( 1914 – 1918ز)

ئەستەمە لەوە بگەین کە هۆزە کوردەکان ئەوانەی لە باکوری موسڵ وبۆتان سو وئەرمینیا دەژیان لە میانەی جەنگی جیهانی مەزندا، لە ئەرمەنەکانیان کەمتر ئازار ومەینەت چێشتبێ، زۆربەی کوردە سادە وئاساییەکان تائێستاش سەبارەت بە کێشە مرۆییەکان و روداوە سیاسیەکان بڕوایان بە قەزاو قەدەرە، بۆیە لای ئەوان دانان بە زیانەکانیان و نوزاندنەوە، کەمکردنەوەیە لە سام وهەیبەتی هۆزەکەیان. کوردەکانیش وەکو زۆربەی دراوسێکانیان ئاگایان لە بەشداربونی تورکەکان لە جەنگی ئەوروپیدا نەبو، وێڕای ئەوەی هەردەم لە ئامادە باشی دابون بۆ هەر روداوو گۆڕانێکی جەنگی کە لە چەند خولەکێکدا یا سودمەند بن یا خۆیان لە زیانەکانی بپارێزن.



هەندێک لە هۆزە کوردەکان بە تایبەت کۆنە فەوجە سوکەکان کە دراوسێی ناوچەی پشت سنوری قەوقاز بوون، ناچار کران وەکو بەشێک لە سوپای تورکی بەشداری لە جەنگ بکەن، بەڵام سەرکردە کوردەکانی هۆشمەند ئەوانەی بە سۆزی نەتەوایەتی گیانیان ئاودرابوو، هێشتا ئەوەندە یەکگر نەبوون، تا ئەوکات خۆیان ڕێک نەخستبوو تا بتوانن پێڕەوی سیاسەتێکی نیشتمانیی کوردانە بکەن .

کورد وەکو نەتەوە هیچ بەرژەوەندیەکیان لە بەشداری کردنی ئەم جەنگە کاولکاریەدا نەبوو، لە روێکی تریشەوە هێرشەکانی سوپای روسیی قەوقازی بۆ سەر هەرێمەکانی ئەرمەنی لە تورکیا بوە هۆی ئەوەی گوند و پاوانی کوردان ببنە مەیدانی جەنگی دەولەتە شەڕکەرەکان، دیارە هیچ ڕێگەو بژاردەیەکی تر لەبەردەم کوردەکاندا نەبوە، تەنانەت ئەو هۆزە کوردانەی لە وڵاتی فارس لە باکور وباشورەکەی کە بێلایەنیش بون لەم جەنگە تێوەگلان، هەر چەندە ئەمە دژی ویستەکانیان بو، بەڵام ئەمە راستیەکەیە .

هۆزەکانی شکاک و موکری وهارتوشی وهۆزە کانی تری ناوچە سەر سنوریەکانی فارس وتورکەکان لە باکور هەروەها هۆزەکانی لور وسنجابی و کالخۆری و هۆزەکانی کە بەسەر رێڕەوە سەرەکیەکەی نێوان بەغداو کرماشاندا زاڵ بون لە باشور، ئەوانە هەمویان لە ئەنجامی گۆڕان و بێنەو بردەی جەنگ زیانی زۆریان پێکەوت بەتەواوەتیش بەقەدەر ئەو هۆزانەی لەتورکیا کە بەشداریان لە جەنگ کردبو زیانیان پیَ کەوت .

هەردوو ناوچەی ئازەربایجانی فارسی و کوردستانی فارسی لە باکور و باشور لە ئەنجامی شەڕو پێکدادان وململانێکاندا دەستاو دەستیان پێدەکرا لە نێوان تورک وفارس وبەریتانیەکان، دیارە لەم دەستاودەستەش ناوە ناوە توشی کاولکاری و خاپور بونی بنەماکانی ژیان و برسێتی وقات و قری دەبونەوە .

میر سورەیا بەدرخانی نەوەی سەرکردەی بەناوبانگ بەدرخان بەگ کە رابەرایەتی شۆڕشی ( 1842-1847) ی کرد سەبارەت بە پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن لە سەردەمی شەڕدا بەم شێوەیە دەنوسێ :

ئەو کاتەی جەنگ هەڵگیرسا نزیکەی هەموو ئەو گەنجانەی تەمەنیان بە تەمەنی سەربازی گەیشتبو چونە ریز سوپای تورکی، بەهۆی نەبونی هۆکاری گەیاندن و پەیوەندیەوە خەلکەکە لە هەموو ناوچەکاندا لە پیلان و بەرنامەی حکومەتی تورکی و کارەکانی لە کوردستان بێخەبەر بوون، سەرەڕای ئەمەش حکومەتی تورکی هەڵمەتێکی چاڵاکی بەرپا کردبوو لە نێو ریزی سەربازە فەرمی ونافەرمیەکانی کورد دژی ئەرمەن وکریستیەکان، بۆیە دژایەتی و رق وکینەی دەستکردی ئەرمەنەکان دژی کورد کە لە دێر زەمانەوە حکومەتی تورکی کاری بۆ دەکرد زیاتر چەسپاو بەردەوامیی وەرگرت، دیارە بەهۆی پرۆپاگەندەکانی تورکەوە ئەم دژایەتیە لە گوێچکەی کوردەکانیش جێگیر ببوو .

پیاوەکانی تورکیای فەتات لە نێو کورەدکاندا وایان بڵاو کردەوە کە ئەرمەنەکان بەر لەوەی سوپای تورکیا بەشداری لە جەنگ بکا بە چەند مانگێک ئەرمەنەکان رێککەوتنێکیان لەگەل هاوپەیماناندا مۆر کردوە ، هەروەها ئەرمەنەکانی تورکیا لەگەڵ روسیا چونەتە سەر هێل، بەوپێیەوە روسیا هاوکاریان دەکا بۆ ئەوەی ئەرمینیای تورکیا داگیرکەن و دەست بەسەر کوردستانیشدا بگرن، دیارە کە پاشخانێکی دژایەتی و رق وکینەیی کۆنیشیان لەگەل کورددا هەیە بۆیە ئاسایە ئەرمەنەکان تۆلەی خۆیان لە کوردەکان بکەنەوە .

ئەم جۆرە پرۆپاگەندانە کاریگەر و بڕواپێکەر بوون، بەهۆیەوە جەنگاوەرە کوردەکان لایەنگری سوپای تورکیای موسلمانیان کرد، بەم شێوەیە بونە یاری بەدەست تورکەوە ،



کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی رێژەیەکی زۆری ئازار ومەینەتیان کێشا و خۆشیان بەشداریان لە پرۆسەی کاول کردنی وڵاتەکەیان کرد، بێ هیچ بیرکردنەوەیەک یا رێکخستنێک ژمارەیەکی زۆری کوردەکان بونە ئامێر بەدەست رێگرە دژوارەکان ئەوانەی لە سالۆنیکا وئەستەنبۆلەوە بە نیازی تالانکردن وکاولکردنەوە هاتبون، مەبەستیان کوشتن وتاڵانکردنی نیوەی ئەرمەنەکان بوو واتە هەمو ئەرمەنەکانی تورکیا کە لە ئەستەنبۆل وسمیرنا دەژیان.

لە ماوەی ساڵەکانی (1915-1916) بەر لەوەی سوپای قەوقاز هێرش بکەن کە لە ناویاندا ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنی هەبون، زۆربەی کوردەکانی هەرێمەکانی بدلیس و وان و ئەرزەرۆم رایان کرد، جگە لەو هۆزانەی کە بەردەوام هاوکاری ئەرمەنەکانیان دەکرد، هۆزەکانی تریش یا بەزۆر یا لە ترسی سوپای تورک ئەوانیش رایان کرد و خۆیان لەو شاڵاوە حەشاردا ، کوردە نیشتە جێکانی هەرێمە ناوبردوەکانی سەرەوە لەبەر چاوی تورکە بەزیوەکان بەو سەرماو بەفری زستانە یا بەگەرمای هاوین ناوچەکەیان جێ دەهێشت .

دەبوایە کوردەکان خۆیان وماڵات وسەرو ماڵیان بەرەو باشور کۆچ بکەن بۆ شارەکانی دیاربەکر وموسل یا تا شاری خەربوت وقونیەش، بەهۆی ئەوەی کوردەکان لە ناوچەی شاخاویەکان لە کەش و هەوای سارد راهاتبون بۆیە بۆیە بۆئەوان بەرگەی گەرمای پێدەشتەکانیان نەدەکرد، بە سەدان کەس کەنار رێگاکانی ئەو دەشت وبیابانەی دەور بەری بەغدا کەوتبوون، یا لە دەشتە گەرمەکانی ئەنادۆل بە نەخۆشی مەلاریا دەمردن .

ناتوانین بە دروستی ژمارەی زیانەکانی کوردان لەم جەنگە بە ووردی دیار بکەین، لەم روەوە میر سورەیا بەدرخان دەڵێ تورکەکان لە میانەی ساڵەکانی (1914-1918) ژمارەی 700000 حەوت سەد هەزار کوردیان راگواستەوە کە نیوەیان تیاچون و ئەوانی تر بە زیندویی گەڕانەوە ناوچەکانیان

لە چیاکان و ناوچە ئەرمەنیەکاندا، بەڵام زۆر نەمانەوە چونکە ئەوسا نە بەرگدرو و نە پینەدۆز و پێلاو ساز و نە هیچ خاون پیشەیەک لە نێو ئەرمەنەکاندا مابو بۆیە مانەوویان کارێکی سەخت بوو .

## 3

## داواکاریەکانی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی ( 1919 – 1920 ز)

ئەگەر کوردەکان لە میانەی جەنگدا بە هەرەمەکی و بێ بەرنامەی نیشتمانی کوژران وخۆیان بە کوشت دا لە پێناو تورکدا، بە هەرحال ئەوان زۆر حەکیمانە و زیرەکانە بە دوو سیاسەت مامەلەیان لەگەل رەوشەکاندا کرد :

یەکەمیان / روکردنە کۆنگرەی ئاشتی کە هاوپەیمانان لە پاریس بەستیان .

دوەمیان / مانەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورکە شکست خواردوەکان .

لە قاهیرەش میر سورەیا بەدرخان و هاوەڵانی لیژنەی سەربەخۆیی کوردستانیان دامەزراند و جەنەرال شەریف پاشای کوردی نیشتمان پەروەری خەلکی دەرسیم یان کردە نوێنەری کێشەی کورد لە پاریس، شەریف پاشا تا ئەوکات بالوێزی تورکیا بوو لە سوێد .

ئەو کاتەی هەندێک لە داخوازیەکانی گەلی کورد لەسەر خاک دژی داخوازیەکانی ئەرمەنەکان دەهاتنەوە، نوێنەری هەردوو نەتەوە ( بوگوس نوبار هی ئەرمەن و شەریف پاشا هی کورد ) بۆ ئەوەی کێشە نەکەوێتە نێوانیان رێککەوتن نامەیەکیان مۆر کرد تیایدا پەیمانیان دا کە هەردوو لایەن بە دوای بەرژەوەندیە گشتیەکانی هەردوو نەتەوە دا بچن، بەم رێککەوتنە بسپۆر و دبلۆپاتە ئەوروپیەکان بە پلە یەک و رۆژنامە وانەکان بە پلە سێ لە هەردوو ئۆردوگاکە حەپەسان و سەریان لێ سورما، وەکو ئەوەی شەقازەلە یەکیان لێ بدرێ وا راچلەکین، چونکە ئەم لەیەک تێگەیشتنەی کورد وئەرمەن بەرنامەو



دزۆو دەلەسەکانی نیو سەدەی لەگۆر نا، گرەوی ئەوان ئەوە بوو کە ئەم دوو گەلە دراوسێیە دوژمنی سەر سەختی یەکترین بەدوریان دەزانی لەگەڵ یەک هەلبکەن و بگونجێن .

پێوەرەکانی پەیماننامەی سیڤەر کە هەردوو لایەنی تورکیا وهاوپەیمانان لە ئابی ( 1920) واژویان لەسەر کردوە رێگە خۆشکەر بوو لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە :

– ئارتیکلی (ماددەی) (62) : پێک هێنانی لیژنەیەک بارەگاکەی لە ئەستەنبۆل دەبێ ئەندامەکانیشی لە لایەن حکومەتی بەریتانی و فەرەنسی و ئیتالی دەست نیشان دەکرێن، دەبێ نەخشەیەکی سەرەتایی بۆ کێشانی نیشانەی سنورەکان ئامادە بکات کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتیان دا بوە ئەمەش لە ماوەی شەش مانگ لە رۆژی جێبەجێ کردنی پەیماننامەی تایبەت بە پرۆژەی سەربەخۆبونی خۆجێیەتیی ناوچە کوردیەکان دەست پێ دەکات،، ئەم ناوچانەش دەکەونە رۆژهەڵاتی روباری فورات وباشوری سنوری ئەرمینیای باشور، بە گوێرەی ئەوەی ئەوکات دەست نیشان دەکرێ، لە باکوری سنوری تورکیا لەگەڵ سوریاوە و وڵاتی نێوان دوو روبار، ئەم پرۆژەیە پاراستنی تەواوەتیی ئاشوری وکلدانی و کەمە ئاینیەکان و کەمە رەگەزەکانی تر لە چوار چیوەی ئەم سنورەدا مسۆگەر دەکا .

– ئارتیکلی ( 63) : بەپێی ئەم ئارتیکلە حکومەتی تورکی دەبێ رازی بێ لەسەر قەبول کردن وجێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەم دوو لیژنە راسپێردراوە ی لە ئارتیکلی (62) داهاتوە لە ماوەی سێ مانگدا، لەرۆژی پەیوەندی کردنیان بە حکومەتەکانی ناوبراو دەست پێ دەکات.

– ئارتیکلی (64) وەکو ئەوەی لە ناوەرۆکی ئارتیکلی 62 دا هاتوە، ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا گەلی کورد سەلماندی کە زۆرینەیان نیازیان سەربەخۆ بون و جودا بونەوەیە لە تورکیا، ئەگەر کۆمەڵەی نەتەوەکانیش بڕیاری دا ئەم

میلەتە توانای سەربەخۆبونیان هەیە، بەپێی ئەو پەیماننامەیە دەبێ تورکیا ڕەزامەندی بدا و ئەو ڕاسپاردەیەش جێبەجێ بکا و دەست لە هەموو مافەکانی خۆی لەو ناوچانە هەڵگرێ .

نێردراوە سیاسیە تورکەکان لەسەر ئەم پەیمان نامەیەیان مۆر کرد، بەڵام ئەندامە نهێنیەکان وایان دەبینی کە پەیماننامەی سیڤەر دان بە سەربەخۆیی کوردستان و ئەرمینیا دەنێ، بۆیە دەبێ ئەم داکۆمێنتە بە مردویی بمێنێتەوە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێی دا سەرکردە کوردەکان لەمە حەکیمانەو زیرەکانە مامەلەیان لەگەڵ حکومەتی تورکیادا کرد بەوەی پەیوەندیەکانیان نەپچڕاندن .

دوای ئاگربەستەکەی ( 1918) ڕاستەوخۆ زۆربەی بیرمەندە کوردەکانی بنەماڵە ناودارەکانی بەناوبانگی کورد دەستیان بە چالاکی سیاسی کرد لە ئەستەنبۆل، تائێستاش ئەوانەی لە ژیاندا ماون کاردەکەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەوانەش کامەران بەدرخان نوێنەری ڕاستەقینەی خانەوادەی بەدرخانی مەزن، کە ڕۆژنامەی (هاوار ) بە زمانی کوردی لە سوریا دەردەکا جگە لە چەند بڵاوکراوەیەکی تریش .

هەروەها لەو ناودارانەش، سێ کوڕەکەی جەمیل پاشا زادە لە دیاربەکر ئەوانیش، ئەکرەم بەگ و عومەر بەگ و قەدری بەگ، هەروەها سەنەتۆر (ئەندام پەرلەمان) سعید عبدالقادرکە تورکەکان لەساڵی 1925 لە سێدارەیان دا و مەمدوح بەگ و موستەفا پاشا لە سولێمانی و ئەمیر عەلی بەگ گەلێکی تر لە ناودارو سەرکردەو ئەفسەران .

کوردەکان چەند پەیمانگایەکی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەیەکیان لە ئەستەنبۆل و هەرێمی کوردستان دامەزراند، بەڵام ئەوکاتەی کەمال ئەتاتورک دەسەڵاتی بەهێز دەبێ وئەستەنبۆل داگیر دەکا لە 1923 کورد پەرووەرو سەرکردە کورەدکان ئەستەنبۆل جێ دەهێڵن بەرەو هەندەران ودەرەوەی تورکیا کۆچ



دەکەن بۆ ئەوەی درێژە بە چالاکیە نەتەوایەتیە کانیان بدەن ، بەڵام دواتر کارەسات ڕودەدا کاتێک لە ساڵەکانی ( 1923-1927) و سەرەڕای ئەو هەموو پەیمان وگفتە نێودەولەتی و مۆر کردنی پەیمانی سیڤەر، هێزەکانی هاوپەیمانان خیانەت لە کوردستان وئەرمینیا دەکەن لە پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی 1923 برگەو ئەرتیکلەکانی پەیوەست بە سەربەخۆ بونی کوردستان وئەرمینیا هەڵدەوەشێننەوە.

دوای ئەوە ڕاپەڕینی کوردەکان لە 1925 بە شێوەیەکی بەربڵاو دەست پێ دەکا، شێخە کوردەکان ئاماژەی هەڵگیرساندنی شۆڕشیان بە گەڵ دا، سەرکردەو نیشتمان پەروەرە کوردەکان کێشەو ناکۆکیە ناوەخۆییەکانیان لە بیر چونەوە، بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەر دەستیان لە پلەو پایەکانیان هەڵگرت، هەمویان بەیەکەوە چونە ریز ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی ( خۆیبون) کە تاکە ئەنجومەن و بەرزترین ئەنجومەن بۆ ئامادەکاری حکومەتێکی کوردی .

سەرکردەی هۆزە کوردەکان ئەوانەی دەمار ئەستورو پێداگیر بون کە تاکڕەوانە کاریان دەکرد، لە هاوکاری کردنی ئەنجومەنی خۆیبون نەسڵەمینەوە، هەندێک لە سەرکردەکانی تری کورد هەمو تواناو پێداویستیە تایبەتیەکانی خۆیان خستبوە خزمەت حوکمەتی نیشتمانی، بەم شێوەیە ئەو ڕۆژهەڵاتە بێدەنگ و ئارامە کەوتە جولە و وشیار بونەوە، ئەمەش مەترسی بو لەسەر هەمو ئەوانەی پەیوەندیان بەم کارەوە هەبوو .

پادشای گۆتیە و گۆریەکان و گۆبارۆی جێگری پادشا وسوڵتان سەلاحەدین و کەریم خانی زەند ئەمیر بەدرخان شەهیدە کوردەکان لە سەردەمی نوێ کە لە پێناو ئازادی نیشتمان گیانیان بەخشی، هەموو ئەوانە لە گۆرەکانیاندا دڵیان خۆش دەبێ .

کوردەکان بەمەیان زانی کە لە دونیای خۆجێگیرکردنی نەتەوایەتی و ئاژاوەی جیهانیدا سیستەمی خێلەکی خواستراو نیە، ئەگەر ئەم سیستەمە کۆنە

بەردەوام بێ ئەوا دەبێتە مایەی کاول کاری بۆ هەموو لایەک، ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین بەر لەوەی جەنگ هەلگیرسێ بە ماوەیەکی دور، تاوانەوەی خیلەکان لەبەر چەندین هۆ دەستی پێکردبوو، هەر لە کاتی دامەزراندنی تیپی حەمیدی لە سالی (1891) ەوە دەبینین هەستی پیاوەتی لە نێو هەندێک لە سەرکردەی هۆزەکان جولەی دەکرد بۆیە سەنگەریان دەگواستەوە لە تیپی حەمیدیەوە بۆ سەنگەری گەل. هەندێک جاریش لە کتو پری هۆزێک یاخی دەبوو خۆی جیا دەکردەوەو لە دەم روبارێک یا لە سەر پاوانێک جێنیش دەبوو، بۆ ئەم جیا بونەوانە گەلێک هۆکار هەبوون .

تۆرانی کەسێک ،یا بروا بونی ئەوکەسەیە بە خۆیە وە کە توانای ژیانی تەنیایی هەیە لە ناوچەیەکی سەربەخۆ یا چیایەکی لابەلا، یا گەلێک جار هەستی خۆ بەزل زانین وجیابونەوە لە خانەوادەی لە پشت بوە، هەندێک مندال بروایان بە دەسەڵاتی باوکیان نەبوو بۆیە خۆیان جیا دەکردەوە وەکو سەرکردەیەکی تیرەکەیان خۆیان دەدایە ناسین، یا هەندێک هۆز سەرکردەکەیان یا لاواز دەبێ یا بە تەمەن دەبێ دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە هانی کەسانی تر دەدرێ تا خۆیان جیا بکەنەوە دەسەڵات بکەوێتە دەست خۆیان .

لە هەندێک ناوچەدا هەڵوەشانەوەی گردبونەوەکان بەرەو پێش دەرۆیشت، هەندێک جار سەرکردەیەکی بەهێزی لقێکی هۆزە لاوازەکە کاتێکی گونجاوی هەڵدەبژارد بۆ نانەوەی کێشەو جەنگ لەگەڵ رکابەرەکەی یا دراوسێکەیدا، لە ئەنجام ناچاری دەکرد کە دەسەلاتی قەبول کا، بەم شێوەیە ناوی دەردەکرد و دەبوە کەسێکی ناودارو پلەو پایەی لە نێو هۆزەکانی تردا بەرز دەبوەوە .

بەهەرشێوەیەک بێ ئێستا دور نیە ئەم جۆرە کێشەو ململانێ و یاخی بونە تاکە کەسیانە نەمابن ، شەری مەزن و زیانی وێرانکار و ئەنجامەکانی رەگەزی کوردی هێنایە هەژان، کاری گەریان لە سەر بیری شۆرشگێری هەبو،



سەرەرای ئاستەنگ و لەمپەرەکانی سیاسی ی مەترسیدار کە دەکەوتنە سەر رێگا، هیچ هێزێک نیە رێگە لە لێشاوی جەماوەر بگرێ کە لە پێناو جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی نیشتمانیی دادپەروەر خەباتیان دەکرد .

ئەوەی شیاوی باسە سەرکردە کوردەکان واقیع بینن، هەر لە منداڵیەوە درک بەوە دەکەن کە ئازادیی راستەقینە هیچ کاتێک لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکەرەوە نابەخشرێ، بەڵکو دەبێ بە هێزی چەک و رێکخستنی جیهانی بسەندرێ، نیشانەش ئەوەیە کە سەرکردەکانی کورد لەم راستیە گەیشتبون بۆیە لە( 1923) سێ جار دژی تورکیا راپەرینی چەکداریان بەرپا کردوە .

## 4
## یەکەم راپەرینی شۆرشگێرانەی کوردی ( 1925ز)

گەلی کورد خزمەتی زۆری بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کرد، لە پێناو بەرەگری لێ کردنیاندا خوێنیان بۆ رشتن، لە بواری خزمەت گوزاری شارستانیدا پیاوی دەولەت و ئەفسەریان پێ بەخشین ئەوەی پێویست بو بۆیان بەردەست کردن، پچرانی پەیوەندیەکانی نێوان گەلی کورد وتورک بە هێواشی رویان دەدا، بەڵام ئەو کاتەی هەردوو لایەن هەستیان بە دروست بونی کەلێنێک کرد لە نێوانیان، دابران و لەیەک دور کەوتنەوە زۆر بەخێراو بەهێز دەرۆیشتن بەرێوە ، شێوازو دۆخێکی تری بەخۆوە بینی .

ئەوکاتەی هێزەکانی روسی لە ساڵەکانی نێوان ( 1915-1916) بەرەو تورکیا هەڵمەتیان برد، بەرپرسانی (تورکیای فەتات ) فشاریان خستە سەر سوڵتان رەشادی پێنجەم تا داکۆمێنتێک لەگەڵ سوپای روس مۆر بکا بۆئەوەی

گەلی کورد لە بەرەکانی جەنگ لە ئەرمینیاو کوردستان بۆ ناوچە تورک نشینەکانیان لە ئەنادۆل ی رۆژئاوا بگوازێتەوە بە شێوەیەک کە لە 100 تورک دەیان کورد بن و ناچاربکرێن لایەنگری خۆیان بۆ دەولەتی تورکی رابگەیەنن، چونکە کورد وتورک هەردوکیان موسلمانن وبەهۆی ئەوەی کە کوردەکانیش ناچار کراون بە تورکی بدوێن بۆیە نەوەی دوەمی کوردەکان دەبنە تورکی تەواو .

بۆئەوەی ئەم تاڵیە بە ئاسانی بچێژرێ، سەرەتا کۆمەڵێک لە سەرکردە کوردەکانیان دور خستەوە، زۆریان پێ سەیر بوو کە کوردەکان رقیان لە تاواندنەوەی نەتەوەییانە، رازی نین بگۆڕدرێن بۆ نەتەوەی تورک، وەکو ئەرمەنەکان کە کرانە تورک، تۆمارگاو داکۆمێنتەکانی بەرێوەبەرایەتی کۆچی تورکی لە ئەستەنبۆل وا دەردەخا کە لە ساڵی 1915 نزیکەی 700 هەزار کورد لە کوردستانەوە بۆ ئەنادۆلی رۆژئاوا راگواستراونەتەوە .

لە ساڵی 1915 تورکیای بەزیو بەرانبەر بە هاوپەیمانەکان چۆکی دادا و ئیتر بەهۆی نالەباری تورکەوە رویان لە کوردەکان خۆش کرد و دەیان لاواندنەوە، لە دانیشتن ودیوەخانەکان دەیان ووت: تورکیا خاکی باب وباپیرانی تورک وکوردە بەبێ جیاوازی، هەر ئەو دوو گەلە بۆیان هەیە بەناوی تورکیا بدوێن، تورکەکان بە سەرکردە کوردەکانیان ووت : تورکیا لە مەترسی دایە کە لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە دابەش بکرێ، ئەرمەن و یۆنانیەکانیش لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای ناوچەکانی کوردی – تورکی پشتگیریان لێدەکەن .

تورکەکان پەیمانیان بە کوردەکان دا ئەوکاتەی بەسەر کێشەکاندا زاڵ دەبن، چارەسەریەکی دادپەرەرانە بۆ پرسی کورد دەکەن، ئەوان بەوەیان دەزانی کە شەریف پاشای نێردەی کوردستان بۆ کۆنگرەی ئاشتی کێشەی



کوردی لەبەر دەم ئەمان داناوە و لە پەیماننامەی سیڤەریش هەندێک مەرج دانراون بۆ نیمچە سەربەخۆییەک بۆ کوردستان .

بەلام تورکەکان لە سەپاندنی پەیماننامەیەکی تری ئاشتی لە شوێن پەیماننامەی سیڤەربەسەر هاوپەیمانان و هێزە بەشداربوەکەی ساڵی 1923 دا سەرکەوتن، ئەویش پەیمانی لۆزان بووهەر زوو هەڵوێستیان بەرانبەر بە کورد دەگۆڕێ، لە هەموو پەیمان وگفتەکان پەشیمان دەبنەوە کە لە کاتی لاوازیدا بە کوردیان دابون لە ساڵەکانی نێوان ( 1918-1922). بێگانەکانی هەڵگری دۆکۆمێنتەکان ئەوانەی لە دەرفەت دەگەڕان، ئەوانە لە ئۆردوگاکاندا دە سورانەوە بەدوای نەوتدا گیریان دەخوارد، نیشانە کردنی سنورەکانی نێوان باکوری عێراق و تورکیا ( نەوتی موسل) لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان لە جنێف پەسند کرا .

بەرانبەر بەم بارو دۆخە ناهەموارە سەرکردە کورەدکان بە بێ ئومێدی لە کارو چالاکی نەوەستان بەرانبەر بەو دیمەنانە کە لەبەر چاویان میرات وجێماوی بابو باپیرانیان دابەشی سەر خۆیان دەکەن دەستە وەستان نەبون کوردو ئاشوریەکان کە ساڵەهای ساڵ بو خاوەنداریێتی ئەو مولکانەیان دەکرد ئەمرۆ بەبەر چاویان دەستی بەسەردا دەگیرێ و لەسەری بە کێشە دێن، پانتاییەکی زۆر لە خاکی نێوان سنورەکانی عێراقی وتورکی، سوری وتورکی، عێراقی و ئێرانی، سوری وعێراقی هەموی خاکی کوردان بوو نیشتمانی هۆزەکانیان بوو کە چەندین شەڕو ململانێیان لە پێناودا کردوە، ئەوان بۆ تورکیا مەترسی بوون بۆیە هەولی زۆر درا بۆئەوەی بیان توێنێتەوە .

چونکە کوردەکان لە تاریکی دەربازیان بوو و چاویان ببوەوە، سەرکردەی کوردەکان کە زۆر لەو رەوشە تورەو رق ئەستور ببون خۆیان رێکخست بۆ شۆڕشێکی مەزن دژی تورکیا لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان، ئەگەر لە بێ شەنسی خۆیان نەبوایە ئەم شۆڕشە سەری دەگرت و مەزنترین گۆڕانی

دەخولقاند کۆمارێکی کوردیی دادەمەزراند بەسەرۆکایەتی شێخ سەعید ی پیران و بژاردەیەک لە ئەفسەرە پێگەیشتوەکان، بۆ ئەم مەبەستە زەخیرە دابین کرا و بریار درا کە رۆژی 21 ی ئاداری 1925 لە سەرتا سەری کوردستان راپەرین دەست پێ بکرێ بە ئامانجی وەدەرنانی تورک بۆ دەرەوەی کوردستان .

بەڵام تورکەکان بە هەولْ و یارمەتیی سیخورەکانیان ئەم پیلانەیان ئاشکرا کرد و بانگی شێخ سەعیدیان کرد لە بارەگای فەرمانداریێتیی تورکی ئامادەبێ، کاتێک شێخ لە نیازە گڵاوەکانی تورک گەیشت، داوای لە یاوەرو لایەنگرانی کرد کە چەند سەد جەنگاوەرێکی ئازاو بەجەرگ بون خۆیان ئامادە بکەن و لە جیات 21 لە 17 ی ئادار راپەرین دەست پێ بکەن .

کوردەکان خاوەنی هیچ ئامێرێکی پەیوەندیی وەکو بێ سیم یا تەلەفۆن نە بون تا پەیوەندی بە جەنگاوەرە کانیانەوە بکەن ولەم گۆڕانکاریانەیان ئاگادار بکەنەوە، بۆیە سوپای تورک لە سێ لاوە بە سێ تیپ سەرباز هێرش دەکاتە سەر بنکە کوردیەکان، بەڵام جەنگاوەرە کوردەکان پاڵەوانانە دەجەنگین، بەتایبەت چونکە ئەوان لە مەبەست وئامانجی ئەم جەنگە دەگەیشتن کە لە پێناو کێشە نەتەوایەتیە دادپەروەریەکەیانە، زیان وشکستی مەزنیان لە تورکەکان دان هەڵمەتیان بۆ شارەکانی ئورفەو سویریک ودیاربەکر ی پایتەختی کوردستان دەبرد، بەشی باشوری دیاربەکریان رزگار کرد .

بەهۆی ئەو فشارەی کەوتبوە سەر هێزەکانی تورک لە باشور ناچار دەبێ فەیلەقێک سەرباز لە رێگەی هێلی ئاسنینی سوریاوە کە ئەوکات لە ژێر ئینتدابی فەرەنسیدا دەبێ بگەیەنێتە بەرەکانی جەنگ لە باشور، هێزەکانی تورک گەمارۆی دوایینەکانی هێزە کوردیەکانیان دا لە ناوچەی نارین، بۆیە ناچار دەبن شوێنەکانیان جێ بهێلن و بەرەو ناوچەو بنکەی ستراتیج بچن، شەڕەکان دریژەیان کێشا لە باکوری روباری دیجلەوە تا باکوری چیای ئەرارات کە



دەیروانیە سەر قەلایەکی پۆلایین، ئا لەوێ کورەدکان سەنگەر لێدەدەن بە درێژایی بناری چیای ئەرارات لە بەرەکانی پێشەوە، کە بە هۆیەوە هەردوو دیوی چیاکەیان یان پێ پاراست، وەکو کۆماری ئەرمەنی وئازەربایجانی .

لە ساڵی 1926 هیزەکانی تورک توانیان دەستێکی کاریگەر لە بارەگای سوپا سالاری هێزەکانی کوردی بوەشێنن لە چیای ئارارات. بۆردومان و روبەروبونەوە لە هەردوو لا رویدا، لە ماوەی ساڵەکانی 1927-1928 کە کوردەکان ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرو سەربازی تورکیان بەدیل گرت و دەستیان بەسەر چەکو تفاقێکی زۆری ئەوانیاندا گرت .

لە گەل دەسپێکی ساڵی 1924 و لە میانەی گفتوگۆ گەرمەکانی سەبارەت بە موسل، تورک ( دادگای سەربەخۆ)ی لە دیاربەکر و قونیە و هەندێک شوێنی تر دامەزراند، مەبەست لە دامەزراندنی ئەم دادگایانە، دادگایی کردنی هەر کەسێک بووکە بڕوای بە گۆڕانەکانی تازەی کەمال ئەتاتورک نەبێ، ژمارەیەکی زۆری کورد کە لەم شۆڕشە بە دیل گیرابون لەگەلْ ئەو کەسە سڤیلانەی دەستیان لە ئامادەکاری ئەم راپەڕین وشۆڕشەدا هەبو رەوانەی ئەم دادگایە کران لە دیاربەکر، نزیکەی 53 رۆشەنبیر و سەربازو ئەفسەری کورد بە مردن بریاریان لەسەر درا. ئەوکات بە ئاشکرا لەسێدارە دران .

لە ئۆکتۆبەری 1927 سەرکردەی کوردەکان لە هەمو بیروراو کەسایەتیی سیاسیی جۆراو جۆر لە دەرەوەی کوردستان کۆنگرەیەکیان بەست بۆ مەبەستی پەرە پێدانی میساقی نیشتمانی و دەست نیشان کردنی هەنگاوە پێویستەکانی ئەم قۆناغە کە لەگەل ئامانجە نەتەوایەتیەکان بێنەوە، ئەوەی لەم کۆنگرەیە کەوتەوە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نەتەوایەتی بوو بە ناوی حکومەتی کوردی بە دەرکردنی رۆژنامەی ( خۆیبون) وەکو زمانحالی ئەم حکومەتە، حکومەتەکە سەرفراز و رێگە پێدراو کرا بۆ نوێنەرایەتی کردنی کورد لە ناوەوە و لە دەرەوە و لە مەحافلە نێودەولەتیەکانیشدا .

به پشت بەستن بەم بڕیارانەی کۆنگرەکە، پارتی خۆیبون لە 8 ی ئۆکتۆبەری 1927 لە هەرێمی ئاگری داغ (ئەرارات)، سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند ، ئەمەش بە پشت بەستن بەو بڕگانەی کە لە پەیماننامەی سیڤەردا هاتبون، ئەوەی پێی دەوترێ کورد ئاڤا، ئەم بڕیارە هەستی خۆشەویستیی کوردەکانی بەرانبەر بە فارس وئەرمینیا وعێراق و سوریا دەربڕی، پەیمانیشی دا کە ئەم هێرش و جەنگە لەگەڵ تورک بەردەوام دەبێ تا هەموو ئاواتەکانی کورد دێنە دی وخاکی کوردیش لە ژێر پای تورکەکان دەر دەهێندرێ .



ئیحسان نوری پاشا وهاوسەری

هەریەک لە میر جەلادەت بەدرخان، میر کامەران بەدرخان، مەمدوح سەلیم بەگ، شاهین بەگ، چەند بیرمەندێکی تر وەکو ئەندامی لیژنەی جێبەجێ کردن دیاری کران، ئەم لیژنەیەش ئیحسان نوری پاشایان وەکو فەرماندەی سوپای نیشتمانی کوردی دامەزراند، پیاوێکی نوێ خوازو پالەوانی پلە یەک بوو، کۆنە ئەفسەری سوپای تورک بو لە جەنگی یەکەمی جیهانی، تورکە



کۆماریخوازەکانی لە ناخەوە دەناسی، چاوکی هێز و خاە لاوازەکانی دەزانی، لە ماندو بونیان بە ئاگابوو .

## 5

## دووەم جەنگی کوردیی شۆڕشگێڕانە ( 1930 – 1932 ز)

پارتی خۆیبون وئیحسان نوری پاشای فەرماندەی سوپای کوردی سور بون لەسەر ئەوەی گیانیان لە پێنا و ڕزگار کردنی کوردستان ببەخشن و لە خەبات بەردەوام بن تا ئەو کاتەی کوردستان ڕزگاری دەبێ لە چنگ تورکەکان. بۆیە ڕویان لە هەموو شێوازێکی خەبات کرد لە پێنا وئامادەکردنی هێزەکانیان بۆ ئەم مەبەستە. بەهۆی شکستخواردنیان لە هەوڵەکانی ساڵی 1929 دا پەندیان وەرگرتبوو، پارتی خۆیبون بەهۆیەوە بە وریایی و وشیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕەوشو گۆڕانەکانی دەوروبەر دەکرد، هەموو هەوڵو تەقەلاکانیان بۆ ئەم مەبەستە خستنە گەڕ، لەم ڕووەوە پەیوەندیان لەگەڵ هۆزە بێباکەکان وکوردە جێنیشەکانی هەرێمە کۆچپێکراوەکان کرد توانیی سۆز ولایەنگریی هەندێکیان وەدەست بێنن لەگەل هاوکاریی گەلە دراوسێکان کە هاو ئامانجن لەگەڵ کورددا .

شەرو پێکدادانەکان لێرەو لەوێ لە ساڵی 1929 بەردەوام بون، بەڵام لە بەهاری 1930 مەشخەڵی ئاگری جەنگ لە چیای ئەرارات بەرز بۆوە، کە بنکەی فەرماندایەتی سوپای کوردی لێ بوو، لەوێوە بەرەو دۆڵو ناوچەکانی ویلایەتی وان پەرەی سەند، دواتر بۆ بەدلیس ودیاربەکر و بۆتان، ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تورک بە هاوشان لەگەڵ تۆپخانەو فڕۆکەکانیان لە ماوەی ئەو مانگانەدا دژی کورد کەوتنە کار، ئا لەم کاتەدا هێزە ئەوروپییەکان کە خۆیان ئامادەکار و ئیمزا لەسەرکەری پەیماننامەی سیڤەر بوون و دانیان بە نیمچە سەربەخۆییەکی کوردستان نابو، بەدوای ئەو زاراوەو چەمکانەدا دەگەڕان کە خۆشحاڵی خۆیان بەرانبەر بە کۆماری تورکیا پێ دەربڕن.

لە دەسپێکی ساڵی 1915 ەوە تورکە ریفۆرم خوازەکان رویان لە رەفتاری دڕندانە کرد بۆ سەرکوت کردن و لەناو بردنی ئەرمەن و یۆنانیەکان، کوشتارگەیان بۆ ژن ومنداڵی کوردی بێ گوناە نایەوە و ئەوانی تریشیان بۆ ئەنادۆڵی رۆژئاوا راگواستنەوە هۆزی کوردی وا هەبوو کە هەمووی ناچار دەکرا موڵک ومالٌ وپاوانیان جێ بهێڵن وبەرەو دەشتاییەکانی مەلاریدار لە رۆژهەڵات و ناوەراست بگواسترێنەوە، بە هەزارە ها ژن ومنداڵ وکچیان لە یەک جیا دەکردنەوە، کاروانی راگوێزراوەکان بە نەخۆشی و برسێتی وشەکەتی ملی رێگایان دەگرتە بەر، کەڵەکەی لاشە لەم بەرو ئەو بەری رێگاکان کەوتبون، کەند و دۆڵەکانی رێگایان لێ پر کردبون، نیوەی ئەوانەی راگواسترانەوە بە زیندوێتی نەگەیشتنە شوێنی مەبەست، ئا ئەمەیە شارستانێتی بە شێوازی تورکی .

دڕێژەی ئەم ئابرو چون وکارە دڕندانەییانەی دژی کورد ئەنجام دراون، بەتایبەت دژی ژن ومنداڵ وکچ، لاپەڕەکانی رۆژنامەی خۆییون بڵاوی دەکردەوە، ئەو رەفتارانەی سوپای تورک لەگەڵ ئەو خەڵکە سڤیلەی پیادە دەکرد ئەوەندە قێزەوەنن کە لێرە ناتوانین باسیان لێوە بکەین.

هەڵمەتی راماڵین وکاولکردنی هەرێمی رۆژهەڵاتی فورات کە لە ساڵی 1915 بە کوشتن ولەناو بردنی ئەرمەن و تاڵانکردنیان دەست پێکردبو لە ساڵەکانی ( 1925 تا 1932) دەتوانین بڵێین بە تەواوەتی پێگەیی بو ئەویش خۆی لە کوشتن وتاڵانکردنی کوردەکان دەنواند .

لە ساڵە سیەکان پەیامنێرە تورکەکان لەسەر کاولکاریی هەرێمەکانی رۆژهەڵات دەنوسی، لە رۆژنامەکانی ئەستەنبۆل ئەو وێرانی وکاولکاریەی هەمو ناوچەو هەرێمەکەی گرتبووەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەریتانیای مەزن هاوپەیمانی تورکیا، مەبەستی بوو سەربەخۆیی سیاسیی تورکیا و سەروەری خاکەکەی بپارێزێ .



***

## 6

## دێرسیم بونی نەما

## سێیەم جەنگی کوردی (1937 – 1938ز)

ئەورووپیەکان کە لە سەر قازانجی سیاسی کێبرکێیان بوو گوێیان بە روداوەکان نەدەدا، ئەمە هانی تورکیای ئەتاتورکی دا کە وا هەست بکا، گوایە دەرفەتە کە گونجاوە بۆئەوەی دەسەڵاتە نوێکەی بە تەواوەتی بچەسپێنێ، لەم روەوە دەبوایە هەندێک کارهەبون لە درێژایی چیای دێرسیم بیکردایە ، ئەو کەرتەی دەکەوتە لێژاییە مەزنەکەی روباری فورات لە ئەرمینایی رۆژئاوا، کە دەتوانین بلێین لە هەموو لایەکەوە بە چیای بەفراوی دەوری دراوە، وەکو چیای مەرجان داغ نزیکەی 1100 پێ بەرزە، چیای مەنتسور داغ و هی تریش.

دێرسیم یەکێک بو لە کێڵگە سەوز و دۆڵە تاریک و دارستانە کۆن و باخچە جوانەکان ، تا ساڵەکانی 1908 لە لایەن تورکەکانەوە ناسراو نەبوو، ئەم ناوچەیە بە دابراوی و تەنیایی بە پشت بەستن بە کێڵگەو کشتوکاڵ ومەرو ماڵاتەوە دەژیا، دانیشتوانی دەگەیشتنە 700 هەزار کەسێک، لە ئەرمەن وکورد و قزل باشی ( بە زازا کانیان دەوت قزل باش کە ئەوانیش شێوەیەکن لە شێوە کانی دیالکتیکی کوردی .. وەرگێر) کە لە سەر چیای تۆرۆسی ئەرمەنیەکان نیشتە جێ ببون ( بەشێک لە چیای تۆرۆس دەکەوێتە نا وئەو خاکەی کە ئەرمەنیەکان سەردەمانێک لێی دەژیان، دەبێ نوسەر لێرە بە خاکی ئەرمەنیی ناو بردبێ کە ئەمەش هەڵەیەکی مێژووییە ... وەرگێر )

دیمەنە رازاوەکانی لە پایەکانی بومەلەرزە دەچون کە لە کۆنەوە بەر لە میژوو لێی رودراوە، دەکرێ بلێین ئەم جۆرە دیمەنە جوان ودۆلە پێچاو پێچ لە شوێنێکی تردا بەدی ناکرێ .

کێشەو جەنگی بگرەو بردەی نێوان کوردو دەسەلاتدارانی تورک لەسەر باج و خزمەتی سەربازی نەوەستابوو بەردەوام بوو، بەڵام ئەم جارەیان کوردەکان دەستپێشخەر نەبون بەڵکو تورکیا خۆی مەبەستی ئەوەبوو توانای سوپا و دەستکەوتەکانی کۆماری بەدیار بخا، لە هاوینی 1937 تورک سەرەرێکانی دێرسیم یان دەست بەسەردا گرت و داوایان لە چەند سەرکردەیەکی کورد کرد خۆیان بدەن بەدەستەوەو روەو ئەنقەرە بەرێ بکەون .

ئا لێرەوە روبەرروو بونەوەی چەکداری بوە کارێکی حەتمی، ئەنجامەکەی بەوە گەیشت، وەکو نەریتی پێشتریان سەرکردەکان خۆیان لە جەماوەری سڤیل جیاکەنەوەو روەو شاخ و بەرەو ئەشکەوتەکان بچن تا خۆیان لێی قایم کەن، هەر، بۆیە تورکەکان لە 1938 کە نەیان توانی هیچیان لەگەڵدا بکەن ئەوەندە نەبێ دەروازەیان لێ بگرن وبە تۆپ وفرۆکە بۆردومانی شارو ناوچە شاخاوی و خێوەتگاکەیان بکەن . دوای ئەوەی لە توانای گەلی دەرسێم دا نامێنێ بەرگەی ئەو هەموو تۆپیارانە بکا شێخ سەید رەزا کە تەمەنی 83 ساڵ بوو خۆی و کوڕەکەی و لایەنگرانی ناچار دەبن خۆیان بدەن بەدەستەوە، ئیتر تورکەکان دادگایەکی گاڵتەجاڕیان بۆ دادەمەزرێنن و12 لە سەرکردەکان لە سێدارە دەدەن .



ماوەی چەند حەفتەیەک بوو راگەیاندنەکانی تورک نەیان دەبریەوە ئەوەندەی بەو داگیرکاریەیان هەڵدەوت، ئەو کات بوو کە سرودێکیان هونیەوە بە ناوی ( دێرسیم بونی نەما)، بەڵام هێزە ئەوروپیەکان یارمەتی تورکەکان و گەلە خێلەکیەکەی هاتوو لە ئاسیای ناوەراستیان دا، هاوکاریەکە بریتی بوو لە هاوکاری مادی وچەک و تەقەمەنی، بۆ ئەوەی گەلێکی رەسەنی وەک کورد وئەرمەن و ئاشور کە بە درێژایی 4000 ساڵ دەبێ لەم ناوچەیە دەژیێ لەناو بەرن .

لە روێکی تریشەوە ئەوروپیەکان فێل وخیانەتیان لەو گەلانە کرد بۆیە کارەکان بەم ئەنجامە گەیشتن، ئەگەر کەمێک ئابرو وهەست بە مرۆڤایەتیان هەبوایە یا هەندێک پاساوی رەوشتیان بوایە کارەکان بەم کارەساتە نەدەگەیشتن .

## 7

## دابەش بونی سیاسیانەی کورد

کوردستان بە پێی زاراوەی سیاسیی هاوچەرخ، دەربڕی جوگرافیایەکی نادیارە، حکومەتێکی کوردی دانەمەزراوە تا حوکمڕانی لە کورد باکا لە نیشتمانە مێژوییەکەی گۆتیۆم و کاشو وبوتان. لەگەڵ ئەوەی هۆزە نیشتەجێ بوەکانی ئەم هەرێمانە خۆیان حوکمڕانی خۆیان کردوە .

له ئەنجامی پەیماننامەکانی ئاشتیانە ی ساڵی ( 1920-1923 )کوردیان لە نێوان تورکیاو عێراق و ئێران و سوریا دابەش کرد، جگە لەوەی کە نزیکەی 80 هەزار کوردێک لە نێوان کۆمارەکانی سۆڤیەتی لە ئەرمینیا و ئازەربایجان جیٚ نیش ببون، بەڵام بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە (1914-1918) کوردستان ئەوکات لەنێوان تورکیای عوسمانی وئێرانی سەفەوی دابەشکرابوو.

سەرەڕای تاوانەکانی دەوڵەتی عوسمانی و کارەساتە کوشندانەییەکانی، تورکیا ئەوساش وەکو یەکەیەکی ئابوریی تەواو مابوەوە، مامەڵەو ئالوگۆڕە بازرگانیەکان بە ئاسایی وەکو جاران بەڕێوە دەچون، هۆزە کوردەکان کە لە دەشتاییەکانی روباری دیجلەو فورات نیشتە جیٚ ببون لە کۆچەرایەتیی هاوینە کوێستان و زستانە گەرمیانی خۆیان بەردەوام بون کە تا هەرێمەکانی باشوری دەریاچەی وان رەوەندیان دەبرد. بەڵام ئەو کاتەی لە 1924 سنوری سیاسیی تورکیاو عێراق نیشان کرا، تورکیا رێگەی بە هۆزە کوردەکان نەدەدا لە کۆچەری بەردەوام بن ومافی پاوان لەوەڕاندن وکوێستانی کردنیان وەکو جاری جاران پیادە بکەن کە بە دیدی ئەوان سنور بەزاندنە، هەروەها دەسەڵاتدارانی عێراقیش بەهەمان شێوە رێگەیان بەکورەدکان نەدەدا سنوری نێوان تورکیا وعێراق ببەزێنن ( ئەو سنورەی تازە بە دەستکرد نیشان کرا بوو ... وەرگێڕ ) .

ئەم لەیەک دابڕانەی هۆزە کوردەکان ئاسەواری مەزنی بەسەر ژیانی ئابوری و کەمە سەرچاوەکانی ژیانی کوردەواریەوە هەبوو، ئەمانە تاقە هۆکاری راپەڕین وشۆڕشەکانی کورد نەبون، جگە لەم هۆکارانە تورکەکان ژمارەیەکی زۆری سەربازیان لە سەر سنورەکانی نێوان تورکیاو عێراق و سوریا جیٚ هێشتبوو کە رێگەیان بە خێڵە کۆچەرەکان نە دەدا دەستیان بە کوێستان ولەوەڕگەکانیان بگا .



سەرەڕای ئەوەی حوکەمەتە پەیوەندیدارەکانی ئەم کارە زۆر بە هەستیاریەوە مامەڵەیان لەگەڵ بڵاو کردنەوە وئاشکرا کردنی مافە کۆنەکانی هۆزە کوردەکان دەکرد بۆ ئەوەی لە مافەکانیان شارەزاو ئاشنا نەبن، بەڵام لە ژێر چەند مەرج و رێنماییەکی قورسەوە رێگەیان بە هەندێک لە هۆزەکان دا بە شێوەیەکی سنوردار دەستیان بە کوێستان و لەوەرگاکانیان بگا .

کێشەی کورد وچارەنوسی سیاسیی کوردی لە لایەن حکومەتە پەیوەندیدارەکانەوە وەکو خۆی بە کێشەیەکی پڕ بایەخ مایەوە. لێرەدا ماوەتەوە بڵێین هێزی هاوپەیمانان کە یەکەی ئابوریی لەناو بردو کوردیان توشی ئەم چارەنوسە رەشە کرد، ئەوان بەشێکی زۆری ئەم بەرپرسیارێتییەیان بەر دەکەویٚ .

دەکریٚ لە سەرچاوە کانی بەرپرسیار بکۆڵینەوە کە بۆمان دەردەکەویٚ سەرکردە کوردەکان هیچ داواکاریەکیان لە دژی ئێران نەبوو، سەرەڕای پەیوەندی کردن لەگەڵ بزوتنەوە سیاسیە نوێکاندا لە ئازەربایجانی ئێرانی، هاوپەیمانێتی مەزن لە نێوان هۆزەکانی موکری و بلباس وشکاک و هەندێک لە هۆزەکانی تر لەوانەی لە باشور و رۆژئاوای دەریاچەی ئورمیە دەژیان هەبوو، ئەوان خاوەنی میژوێکی مەزن بوون، بۆیە سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند و شاری مەهاباد یان کرد بە پایتەختی هەرێمەکەیان .

هاوپەیمانێتیی کورد لە عێراق کاکلی میرنشینی گوتیە کۆنەکانی پێک دەهێنا، ئەمڕۆ زۆربەی خانەوادە ئوروستوکراتیە کۆنەکانی گەلی کوردی لە خۆ دەگریٚ وەکو : بابا زادە لە سلێمانی ( دەکریٚ مەبەستی نوسەر بابان بیٚ .. وەرگێڕ ) و سۆران وهەمەوەند وجاف وهەندێک لە هۆزی تر کە بە رەگەز دەچنەوە سەر هۆزەکانی گۆران و رەواندزی لە چیای رەواندز و رێرەوی کێلەشین و بارزانیەکانی نزیک سنوری تورکیا . ئەمەو لە لێژاییەکانی چیای جودی تا جەزیرا بۆتان وسنوری تورکیا شەش هۆزەکە دەژین کە لە مێژوی

پەهلەویی ئەردەشێر بابکانی پادشای ساسانیەکان بە ( هەفت بەخت ) دەناسرێ، سەبارەت بە بەشی باشوری چیای بانجی ( بۆتان ) ئەمیش بە مسۆگەری لە سالنامەی پادشاکانی ئاشوردا هاتوە. کۆمەڵگای مەزنی ئێزدیەکان لە شەنگار لەم سەین و بەینە لە چلاکیەکانی سیاسی دور بون، هەموو گەشتیارە ئەوروپیەکان کە پەیوەندیان بە ئێزدیەکانەوە کردوە لە کوردستان وئەرمینیا، جگە لە کەمیان نەبێ دەنا هەمویان بە بێزاری و سوکی ناوی ئەم گەلە ئازایەیان هێناوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەم گەشتیارانە خاوەنی فەرهەنگ و زانیاریەکی مام ناوەندی بوون نەیان توانیوە زانیاریەکی مێژویی لەسەر ئاین ومێژوی ئاینپەرستیی کۆنی ئەم گەلە وەدەست بێنن .

***

## 8

## کورد لە سوریا ولوبنان

کارێکی ئەستەمە بتوانین لە رێگەی سەرچاوە مێژوییەکانەوە ژمارەی راستەقینەی ئەفسەرو سەرکردە کوردەکانی لایەنگری سوڵتان سەلاحەدین بزانین کە لە دوای مردنی سەلاحەدین لە شارەکانی سوریا لە دیمەشق وحەلەب جێنیش بوون. لە تابلۆکانی مسماری بۆمان دەردەکەوێ کە کۆیلەکانی پێست سپی لە گوتیۆمەکان بون ئەوان لە شارەکانی سۆمەری وبابلی کاریان دەکرد، تائێستاش هەندێک لەم جۆرە کەسانە لە نەوەی چیاکان لە شارەکانی عێراقی وسوری خاوەنی پیشەی نانەوایی وباخچەدارین. ئەوکاتەی تورکیا هەڵسا بە چەوساندنەوەی کوردەکان، ناچاردەبن بە لێشاو رو لە سوریا دەکەن و لەوێ دەگیرسێنەوەو جێنیش دەبن، خەریکی کاری مەڕو ماڵات بەخێوکردن وکاری کشتوکاڵی دەبن بە درێژایی هێلی ئاسنینی رێگای بەغدا و سوچە سنورەکەی نێوان تورکیاو عێراق، ( ئەمە رای نوسەرە، بەڵام ئەوەی لە دۆکومێنتەکان



دەیسەلمێنن بەر لە دروستکردنی ئەم هێلە ئاسنینە کوردەکان لەوێ بونیان هەبوەو بە نیشتمانی خۆیان زانیوە ...وەرگێڕ ) .

***

## 9

## کێشەی کورد لە تورکیا

لە هەموو دیاردە سیاسیە سەیرو سەمەرەکانتر ئەوەیە کە هەموو وڵاتە دراوسێکانی تورکیا داوایەکی هەرێمیی بچوک یا مەزنی لە سەر خاکی تورکیا هەیە، جگە لە داواکاریەکانی وڵاتانی بەلکان وداواکاریەکانی نێودەولەتی و سوری و کوردو ئەرمەن و گورجستان .

گۆتیۆم وکوردیین وکوردیاتان وئاشور وئەرمینیا وئیبیریا و سوریا هەمویان ناوی مێژویین خاوەنی دیرۆکێکی کۆنی نوێکراوەن، هەموو خوێندکارێکی ئاسەواری ئەغریقی و رۆمانی دەتوانێ بە ئاسانی دەست بخاتە سەر ناوچەکانیان، هەروەها هەموو کەسێکی رۆشەنبیر دەتوانێ دەست بخاتە سەر لیدیا یا فەرجینیا یا کاپادۆسیا و هەندێک لە داستانەکانیان بگێرێتەوە و زانیاریان لەسەر بنوسێ، ئەمە لە کاتێکا ناوی ئەو هەرێمانە بۆ ئەو کەسانەی لەوێ دەژیێن ولە دایک بونە ئێستا هیچ مانایەک نابەخشێ !( مەبەستی ئەوەیە ئەو کەسانەی ئێستا لەوێ دەژیێن هەمویان داگیر کەرن، مەبەستی تورکەکانە ... وەرگێڕ ) .

هەرچوار داواکارەکانی خاکی نیشتمانیان هەریەکە لە سوریا وکورد وئەرمەن وگورجی، هەمویان لەسەر ئەوە کۆکن کە تورکیا ئەمرۆ خاوەن دەسەڵات و بەهێزە، دەولەتێکی دراوسێیە خاوەنی پایەیەکی زیندوە، بەڵام کاتێک داوا رەواکانیان بەیەک دەگەن ئەوان دەتوانن کارەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، هەروەکو لە سەدەکانی پێشودا وا رێککەوتبون .

دیارە کە کوردیش یەکێکە لەو چوار داواکارە، تەنها ئەوانن کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین و بنکەو سەنتەرێکی نیشتمانیان نیە تیایدا کۆببنەوە بۆئەوەی خۆشەویستی ودڵسۆزی نیشتمانی لێ دەربڕن .

سەرکردەی پارتی خۆیبون مەبەستیان بوو کە هەر نەبێ سوچێکی بچوک لە نیشتمانی باپیرانیان بەدەستەوە بوایە بۆ ئەوەی بە ئازادی وبێ هیچ لەمپەرێک و دەستێوەردانێکی دەرەکی منداڵەکانیان بە زمانی دایک لێ فێری خوێندن و نوسین بکەن، یا پەرتوک و بڵاوکراوەی لێ بە چاپ بگەیەنن و کەلتورو فەرهەنگی نەتەوایەتیان لێ زیندو بکەنەوە و مێژوی کۆن وهاوچەرخی خۆیان لێ بخوێنن و یاسای تایبەتی بەخۆیانی لێ دارێژن و خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، ئایا هێزە زەبەلاحەکانی دونیا دەتوانن نکۆلی لەو کەمە ئازادی ومافە سەرەتاییەی گەلی کوردی ئازاو چالاک بکەن ؟

خوا وای پێ پەسند بوو کە کوردەکان لە چوار هەزار ساڵی رابردو لە ناوچە شاخاویەکانی پر لە بایەخ جێگیر بن، پێشتر ووتمان کە ئەوان سەلماندیان کە توانای وروژاندنی تەگەرەکانی جیهانیی دەرەوەی نیشتمانەکەیان هەبو .

تا ئێستاش سەرژمێریەکی وردی کوردەکان لە تورکیا ئەنجام نەدراوە : گابریل ئەفەندی نوردونقین کە راوێژکارێکی یاسایی نزیک لە کۆشکی سوڵتان و سەناتۆرو وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو لە ساڵەکانی 1912-1913 ناوبراو ئاگاداری کردمەوە کە بەر لە سالی 1914 رێنماکانی تورکی لە ئامارکردن ئەوە بوو کە بە رێژەی لە 25% لە ژمارەی راستەقینەی تورکەکان زیاد بکرێ و، رێژەی لە 25% یش لە ژمارەی رەگەزە نا تورکەکان لە سەرتاسەری ئیمپراتۆریەت کەم بکرێتەوە. لەم رووەو لەسەر یەکەم ئاماری تورکیام لێی پرسی کە لە ساڵی 1927 ئەنجام درابو، لە وەڵامدا ووتی : تورکیا لە ساڵەکانی نێوان 1911تا 1923 زیانی گیانی زۆری لێ کەوتبوو بۆیە



ژمارەی تورکەکانی بە دووبەرانبەر تۆمارکرد، لە بەرانبەریشدا ژمارەی خەڵکە نا تورکەکەیان بە رێژەی لە 50% کەم کردەوە .

لە نوسراوێکی باوەرپێکراودا لەسەر تورکیا، راوێژکاری وەزیری ناوەخۆی تورکی ساڵی 1915 بڵاوی کردەوە، تیایدا هاتوە کە ژمارەی دروستی دانیشتوانی کوردەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا 800 هەزار کەسن، دیارە ئەم ژمارەیە زۆر کەمەو دورە لە راستی بە تایبەت کاتێک زانیمان کە کوردەکانی سوریاو عێراقیش لە ناویاندایە. دوای ئۆپەراسیۆنەکان راگواستنەوەو کۆکوژی وکارەساتە دڵتەزێنەکان کە لە دوای راپەرینقو شۆرشەکان بەسەر کوردەکاندا هات، وا پێدەچێ کارێکی سەختە بتوانین ژمارەی دانیشتوانی کورەدکان دیاری بکەین، بەڵام نمایندەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی 1925 لە کاتی کێشەی سنوری موسل بە فەرمی ئەم ژمارەی راگەیاندوە :

= لە تورکیا 1500000 یەک ملیۆن و نیو .

= لە ئێران 700000 حەوسەد هەزار.

= لە عێراق 500000 پێنجسەد هەزار .

= لە سوریا و شوێنەکانی تر 300000 سێسەد هەزار .

واتە کۆی کوردەکان بە 3 ملیۆن تەخمین کراوە ( پێم وایە پێویست بە رونکردنەوەو تێبینی کردن ناکات چونکە ژمارەکە ئەوە نیە تەنانەت ناحەزانیش بروای پێ بکەن، ئەوەی تا ئێستا لە هەمو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەدەن هیچ سەرچاوەیەک لە 40 چل ملیۆن کەمتر تەخمین ناکا ..وەرگێڕ )

نابێ ئەم هەڵمەت و پرۆسەی راگواستنی ساڵی 1925 ی کاتی راپەرینەکان لە بیر بکەین کە زۆر بە بەر بڵاوتر لە ساڵەکانی 1930-1932 رویدا .

# 10

## کوردەکانی ئەودیو قەوقاز

نزیکەی 80000 هەشتا هەزار کوردی ئێزدی لە کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی ئەودیو قەوقازهەن، زۆربەشیان لە کۆماری ئەرمینیان کە خەریکی بەخێو کردنی مەرو ماڵاتن لە بنارەکانی چیای ئالاگز ودۆڵەکانی، لە ساڵی 1927 ئەبجەدیی لاتینیان بۆ دامەزراند کە دەتوانن هەمو دەنگەکانی پێ بگوازنەوە، هەروەها خوێندنگایان لە شاری یەریڤانی پایتەخت بۆ دامەزراندن، ئەوان ئێستا خاوەنی خوێندنگا ومامۆستاو شانۆو ویانەی وەرزشی تایبەتی خۆیانن .( وا پێدەچێ ئەم زانیاریانەی نوسەر گەلێک کۆن بن، چونکە ئێستا لە یەریڤا کۆلیج ودانیشگای کوردی هەن، بروانامەی ماجستێرو دکتۆرا بە خوێندکاران دەبەخشرێ، یەریڤان بۆتە سەرچاوەی گەلێک زانیاری ورێنمایی زمان ومێژوی کوردی ... وەرگێڕ )

لەم ماوەی رابردودا هەندێک لە دانەرو نوسەری کوردی چیرۆک وداستانە کوردیەکانیان کردن بە شانۆ وەکو داستانی مەم وزین کە لەسەر شانۆ پێشکەش کراوە، هەوڵی زۆر دران بۆئەوەی هەموو گۆرانی وهەڵبەست و پەندی فۆلکلۆری کوردی کۆبکرێنەوە، ئێستا بڵاوکراوەی کوردی بە نوسینی لاتینی لە سوریاش بە چاپ دەگەیەندرێ، بەڵام کوردەکانی ئێران وعێراق ئەلفابێی عەرەبی بەکار دێنن.



# 11

## ئەتنۆلۆژیا( زانستی رەگەزی ئادەمیزاد) و خوو رەوشتی گەلی کورد

لە گوتارێکی نهێنی یدا شێخ عبیداللەی نەهری کە سەرکردەیەکی ئایینیی پایە بەرز بوو بەم شێوەیە لەگەڵ کونسولگەری بەریتانی لە 1880 لەسەر راستیەکان دواوە، کە تایبەتە بە ئاین و رەگەزی کوردی، شێخ دەنوسێ دەڵێ :

( گەلی کورد تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئاینەکەی و داب ونەریتی جیایە لەگەڵ ئاین وداب و نەریتی رەگەزەکانی تر ....)

ئەگەر شێخ بە راشکاوی لەسەر ئاینی کورد بدوابایە، ئەوا دەینوسی کە کوردەکان موسلمانن، مەزهەبەکەشیان سونیە، ئایندارو خوا پەرستن، ئەمە سەبارەت بەو کوردانەی لە گەڵ عەرەبەکان دراوسێن، بەڵام کوردەکانی ناوچەکانی تر ئەوەندە بە کاری ئاینداریەوە پەیوەست نین هەر وەکو روکەشی بەشداری لە رێورەسمە ئاینیەکان دەکەن، دەنا زۆریان لە رێورەسمە ئاینیەکانی کریستیدا بەشداری دەکەن وسەردانی مەزارگەکانیان دەکەن وقوربانیان بۆ دەدەن .

سەبارەت بە پرسی ئاین وخواپەرستی، دەبێ کوردەکانی شارنشین لە کوردەکانی کۆچەرو گوند نشین جیا کەینەوە، چونکە کوردە شارنشینەکان بە زمانی عەرەبی قورئانیان دەخوێندو ئەو کاتەی تورکیا لەوپەری بەهێزی دابوو تەنانەت تا سیەکانی سەدەی بیستەمیش، ئەوەی لە توانایدا بوایە دەچوە حەج،

بەڵام لەو کاتانەی کە دەسەلاتی تورک و ئێران لاواز دەبێ ڕەوشەکان دەگۆڕێن، کوردەکان داوای یارمەتی لە کریستەکان دەکەن .

بەرز بونەوەو نزم بونەوەی سۆزی ئاینی لای کوردەکان کە تاوێک بە سۆزی ئاینەوە دەگرن وتاوێک بە سۆزی تایەفەگەرێتی، هۆکارەکەی بۆ هەڵکەوتی جوگرافی ومێژوییان دەگەرێتەوە، لای کورەدکان ئاین لە قەوارەیەکی نەگۆڕدا نەبوو، بیرو باوەڕی مەزنی خوا لای ئەوان ڕەگ وریشەی داکوتاوە، ئەم جۆرە بیرکردنەوە لای هەموان دیارە .

بەلام بۆ خوا پەرستی وبروای ئاینیەوە ئێزدیەکان جیان، چونکە ئەوان پەرتوکی پیرۆزی خۆیان هەیە بە کوردی وعەرەبی نوسراوەتەوە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو کوشتارگەری وکاولکاریەی لەلایەن تورکەکانەوە لەگەلیاندا ئەنجام دراوە بەهۆیەوە سەرچاوەیەکی ئەوتۆی ئاینەکەیان نەماوەتەوە، لە کاتێکا هەوڵی ئەوە درابو کە پەرتوکەکەیان وەربگێردرێتە سەر زمانی ئەوروپی. ئەوەی راستی بێ شێوەی ئاینداریێتی وخواپەرستیان زۆر بە نهێنی وسەختە، هەڵەیە ئەگەر بە شەیتان پەرستیان ناو بنێین بێ ئەوەی لە نهێنیەکانی خوا پەرستیان بگەین .

ئەوەی ئاشکرایە دۆزینەوەکانی ئاسەوار لە ماوەی 30 ساڵی رابردو روناکیی خستۆتە سەر هەندێک ناو کە هی دەولەتی لەبیرکراو نیە، بەڵکو هی رەگەزی کۆنیشە، ئەم دۆزراوانە کێشەی زۆریان نایەوە بەڵام لە دواییدا چارەسەریان بۆ دۆزرایەوە : بۆ نمونە هەمە جۆری لە نمونەی وێنەکانی کێشراو لەسەر پەیکەرە کۆنەکان لە رۆژهەڵاتی کۆن تا ئێستا وا ساغ بۆتەوە کە دەربڕی ناوچەگەرێتین .

لە سەدەی 14 ی بەر لە زاینی زۆر کەم رەگەزەکان تێکەڵ بەیەک دەبون، وەکو ئەوەی لە چەرخی نوێ کە لە ناوچە شاخاویەکان ئەم تێکەڵاویە کەم رویدەدا. سەرەڕای ئەمەش فرە جۆری لە هۆزە کوردەکاندا بە شێوەیەکی



سەرسورهێنەرە، کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی کەلەی سەریان چوارگۆشە هەڵکەوتوە، خەسلەتە جیاکانیان زۆر بەرونی بەدی دەکرێ، ڕەنگی چاو و قژیان رەشێکی باو قەهوائیە، زۆربەیان لوتیان کەوانەیی هەڵکەوتوە هەندێکیان نەبێ کە لوتیان راستەوراستە، بەڵام هەندێکیان چاویان شین وپرچیان زەردە، ئەم هەمە جۆریە هیچ پەیوەندیەکی بە تێکەڵاوی رەگەزیەوە نیە چونکە ئەم خەسلەتانە لە هەندێک هۆزی کورددا هەیە کە لە دێر زەمانەوە بە پەراوێزی و نامۆیی ژیاون و ژن وژنخوازیشیان لەگەڵ دراوسێکانی خۆیان ئەنجام داوە، ئەم خەسلەتانە بەنمونەی ئەرمەنی دەناسرێ .

بەپێی زانیاری زاناکانی ئەنترۆپۆلۆجی ئەم جۆرە دیاردەیە لە خوێنی دانیشتوانی ناوچەی ئیجا تا دەگاتە چیای زاگرۆس و لە قەوقاز ودەریای قەزوینیشەوە لە باکور تا دەگاتە کەنداوی عەرەبی دا هەیە، دیارە ئەمەش نمونەیەکی مێژوییی کۆنی حەتیەکان وخوریانی ومیتانی وگوتی و عیلامی وسۆمەری یە، جگە لە سۆمەریەکان ئەوانی تر لە گەلە هەرە کۆنەکانی ئاری دەژمێردرێن. شان بەشانی چینی جوامێرەکان بە پاچ دەجەنگین. بۆ بەد بەختی کەم کەس هەیە شارەزایی لە داب و نەریتی کۆنی ئەوان هەبێ ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تا ئێستا ئاسەواری کۆن لە خاکی کوردو ئەرمەن بە دروستی نەدۆزراوەتەوە .

## 12

## گەشەکردنی کورد وتواناکانی سەرکەوتن

کاردانەوەی روداوە وروژێنەرەکانی ماوەی 30 ساڵی رابردو لەسەر بیرکردنەوەو سیاسەتی کورد وێڕای دۆخی کۆمەلایەتی کە هاوشێوەیە لەگەڵ گەلانی ئاسیای بچوک، کاردانەوەیەکی ریشەیی بو دەتوانین بڵێین کە ئەم

گۆڕانە سیاسیانەی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا هاتبو، بیگانەکان بە شێوەیەکی دروست شیان نەکردبۆەو لێی تێنەگەیشتبون.

بۆیە دەبینین کورد لە ئاستی لەت لەتی وململانێ و کێشمەکێشمە خێلەکی وناوخۆییەکاندا بەرەو ئاستی وشیاری نەتەوایەتی ویەکگرتنی کۆمەڵایەتی هەنگاوی نا کە پێشتر ئەمەی بەخۆوە نەدیبو، هەر بانگخوازیەک لە هەر سەرکردەیەکی کورد بهاتایە هەمو گەلی کورد بە پیریەوە دەچو، لە روی شێوەکاریشەوە بزوتنەوەی کوردی بە شێوەیەکی ئەوتۆ یەکگرتو نەبو کە لە ئاستی حەزەکاندا بێ، بەڵام هەڵەیە گەر سوکایەتی بە توانا و وزەیان بکرێ .

داب ونەریت و رەوشتی سەرەتایی کوردەکان لەلایەن زۆر لە گەشتیارن بە گاڵتەجاری باسی لێوە کراوە، بەڵکو ئەم رەوشە لە نێو کوردەکانی دور نشین لە بەرزاییەکانی چیاکاندا بەردەوامی هەبێ، کە لە کۆنەوە رەوشی کوردە شارنشینەکانیش ئاوا بوبێ بەڵام ئەمرۆ رۆشەنبیرە کوردەکان ئازایەتی و تواناکانی خۆیان سەلماند کە مرۆڤی چالاکن، ئەو راستیەی کە نابێ لە بیر بکرێ ئەوەیە کە کوردەکان لە دێرزەمانەوە لە بارو دۆخێکی سەخت و نالەبار دا ژیاون توانیویانە بون و مانی خۆیان بسەپێنن، خۆڕاگرو بە توانا بن لە ژێر ئەم دۆخە ناهەموارەدائەرکەکانی خۆیان ئەنجام داوە .

ئەمرۆش گەلێک نیە بەناوی حیپەکان وعیلامیەکان وسکتیەکان بەڵکو گەلێک هەیە پێی دەوترێ کورد ئەوانیش لە هەمان روبەرە جوگرافیای ئەوان دەژین کە گوتیەکان بەر لە 4000 سال لێی دەژیان .

کوردەکان هەروەکو جاران خاوەنی هەست و روێکی گەش و بەخەندەن، لە روی جەستەییەوە تەندروستن، هیچ ئاسەوارێکی دەمارگیریان پێوە دیار نیە، کوردی ئاسایی بایەخ بە ئامێر دەدا، خزاونەتە نێو پیشەو پیشەسازیەوە، دەتوانن بە ئاسانی بەسەر تەگەرەو کێشەکانیاندا زاڵ بن، لە دێر زەمان و بە درێژایی سەدە رابردوەکان توانیویانە چەک و شمشێرو رمەکانیان



لە فەوتان بپارێزن چونکە هەر بەو چەکانەن دەتوانن ئازایەتی و دلێری خۆیان پێی بنوێنن، ئەوان دڵنیان کە لە داهاتو وەکو گالانی تر دەتوانن بە ئاسانی لەگەل کیمیاو فرۆکەوانی دا مامەلە بکەن و رابێن.

بەڵام ژنی کورد سروشتی وکارئاسانن، خاوەنی رەوشتی بەرزن، هەرچەندە ئەوان بە بەراورد لەگەڵ ژنی ئەوروپی لە روی جەستەییەوە ناسک و نیان نایەنە بەرچاو بەڵام هەڵگری خەسلەت ونیشانەی جوانین، دەستە رەنگینەکانیان کاتێک ئەو مافور و جلوبەرگە جوانانە دەرەنگێنن دڵنیام کە دەیان گەیەنێتە دوارۆژێکی پڕشنگدار ، ئەوان وەکو پیاوەکانیان هەستیارن، هەوەستیان بە مۆزیک دێت .

لە زۆزانەکان کە پیاوەکانی هۆزی جبران لێی نیشتەجێن کە دەکەونە لوتکەی چیای بنگۆل داغ لە نێوان ئەرزەرۆم و مۆشێ، شەوێکیان دیمەنێکی سەیرم بینی، هەڵبەست وانێکی گەنجی کورد بە هەڵبەستە جوانەکان و دەنگە خۆشەکەیەوە داستانی کوڕە جەنگاوەرێکی دەگێڕایەوە کە ئەو جەنگاوەرە بە دەستێک روبەڕوی 13 هێرشبەر دەبێتەوە کە هێرش بۆسەر بوکەکەی دەهێنن لە کاتی ژوانیدا، لە گێرانەوەکەیدا دەڵێ ئەو کاتەی جەنگاوەرەکە لە بەرگری کردنیدا، بوک بریندار دەبێ و دەکەوێتە سەرزەوی و بە خەنجەرەکەی بەرگری لە خۆی و بوکەکەی دەکات دەلێ بوک خۆی دەکاتە قەلغان بەسەر زاوادا، گێرانەوەکە زۆر بە سۆز وهەست بزوێن بوو لەو کاتەدا کە نزیکەی 30 کەس لە ژێر رەشماڵەکە دادەنیشن وگوێ لە هەلبەستوانەکە دەگرن چۆن کارەساتەکە دەگێڕێتەوە، لە ژێر کاریگەری رستە هەست بزوێنەکاندا هەمو گوێگرەکان لێیان دەبێتە پرمەی گریان .

ئەوەی راستی بێ هیچ شتێک نەماوە کورد بە خێرایی و وشیاریەوە فێری نەبوبێ. ئەم توانا فێربونە خۆرسکیەی کوردەکان بۆتە مایەی ناڕازی بونیان لە دۆخە سیاسیەکان ، بەتایبەت کاتێک دەبینن نیشتمانەکەیان دابەش بوەو لە

بچوکترین مافە سەرەتاییەکان بێبەش بونە وەکو مافی ئۆتۆنۆمی. هەر ئەو هۆکارانەشن دەبنە هەوێنی تەقینەوەی کێشەکان لە ئاسیای رۆژئاوا، کوردەکان بە زمانی ئاری دەدوێن هەندێک لە وشەکانیان رەگ و ریشەی کۆنی لە نێو زمانەکانی هندو ئەوروپیدا هەیە .

پارتی خۆیبون لە 1927 بانگەوازی سەربەخۆیی کوردستانی کرد، دیاربەکری وەکو پایتەختی کوردستان دەست نیشان کرد، ئەم دەست نیشانکردنەش زۆر لە جێی بوو چونکە هەڵکەوتی ئەم شارە دەکەوێتە ناوەراستی کوردستان وچونکە کوردەکان لە دەوروبەری ئەم شارە بەم شێوەیە جێنیشن، لە مالاتی وفوراتی ناوەراست وهەرێمەکانی دەوروبەری و لە سەرچیای تۆرۆس ولێژاییەکانی هەردولای وکەناری روباری دیجلە تا جەزیرا بۆتان کە دەکاتە شوێنەواری میرنشینی گوتیەکان وکاشو یە کۆنەکان، کە لە چەرخی ناوەراست پێی وتراوە شارەزور( نوسەر لێرە بە هەڵەدا چوە .. چونکە شارەزوور ناوچەیەکی بچوکی پاریزگای سولێمانیی ئیستایە، نەک ئەو ناوچە بەرینەی لە سەرەوە نوسەر ئاماژەی پێ داوە ... وەرگێر) .

پەیماننامەی سیڤەر لە 1920 بە شیوەیەکی راست سنوری کوردستانی کێشاوە ئەمەش بەپشت ەبستن بە راستیە رەگەزیو ئابوریەکانی حالی حازر، مێژوی دونیا ناوبژیوانی دونیایە. مێژوی 40 سەدە و چالاکیەکانی بە پشتیوانی سەرچاوە سروشتیەکانیەوەیەتی بۆیە کارێکی سەختە کورەدکان بروا بەم رۆژگارە سەختە بکەن کە ئەمرۆ تێی کەوتون .

کوردەکان ئەو راستیە دەزانن کە رەگو ریشەیان لە خاکی نیشتمان داکوتراوە، ئەم راستیە لە ئاستی نێودەوڵەتیش ناسراوە، ئەمە وێرای بونی ئیمپراتۆریەتی جۆراو جۆر لە رۆژئاوا ورۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی رابردودا کە ببونە مایەی نانەوەی کێشەی سیاسی وسەرئێشەی زۆر بۆ گەلی کورد .



وڵاتێکی گرنگی وەکو کوردستان شایەنی بایەخییێکی زۆرە، دواتر گەلێکی رەسەنی وەکو گەلی کوردیش شایەنی مامەڵەکردنێکی باشترە لەوەی ئێستا لەگەڵی دەکرێ، مێژوی کۆن ونوێی کورد ئەوەیان سەلماندوە کە کوردەکان توانای گەمارۆدانی مەترسیەکانیان هەیە بۆیە کاتێک هەست بە مەترسیی سیاسی دەکەن ئامادەن لە پێناومافە سیاسیە نیشتمانیە کانیاندا بجەنگن. لە ژێر بارو دۆخی جیهانیی ئێستادا دەکرێ دەنگدانەوەی نوێ لەسەر کوردەکان لە ودیو سنورەکانی ئاسیای رۆژهەڵات ببیسترێن.

زنجیرە* کتێب* نما 1999–2010

| ژ | ناو* کتێب | نوسەر یان وەرگێر |
|---|---|---|
| 1 | مۆمیا* عەرش* سپێدەیەک | ن/ ئیسماعیل کوردە |
| 2 | گیروگاز* چەمک* کۆمەڵ* مەدەن*1 | و: ئیسماعیل کوردە، نور* بێخاڵ*، رەوشت رەشید |
| 3 | دیموکراسیەت جیاواز*ء پێکەوەژیان | ن. و: ئیسماعیل کوردە |
| 4 | | |
| 5 | چەمکە ئەنترۆپۆلۆژییەکان | و: دیار عەزیز شەریف |
| 6 | لەسەرما ئاژاوەیەک هەیە بۆ خۆکوشتن | رامیار مەحمود |
| 7 | مۆدێرنەکان | و: ئازاد بەرزنج* |
| 8 | دەنگء سێبەر | و:ئازاد سوبح* |
| 9 | ترس* ژمارەکان | شەهرام نامق |
| 10 | بۆشایی دنیا | نەبەز گۆران |
| 11 | سێبەر* با | د. موحسن عومەر |
| 12 | سەفەر* بۆ رۆژهەلات | و: کەریم دەشت* |
| 13 | باخ* زەمەنە بەرزەخیەکان | بابان حەمە |

| | | |
|---|---|---|
| 14 | گەمە* وەردە ماسە* | ن: سەلاح عومەر |
| 15 | رۆژێک کە تاکء تەنیایە | سەرهەنگ حەمەعەلە* |
| 16 | فەروغ* فەروخزاد | و:سۆران نەقشبەند* |
| 17 | قوتابخانە* فرانکفۆرت | و:ئیسماعیل کوردە، ڕێبین ڕەسول، نور* بێخاڵ* |
| 18 | | |
| 19 | مارتن هایدگەر | و: ئیسماعیل کوردە |
| 20 | سونەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە | و: راسان موختار |
| 21 | دەربارە* عەلمانیەت | بەختیار عەلە*، شاهۆ سەعید، هەڵکەوت عەبدوڵلا، توانا ئەحمەد، جەمال حسێن، ئیسماعیل کوردە |
| 22 | پێکهاتەو راڤە* دەق4 | و: مەسعود بابایی |
| 23 | راپسکاڵ* لەدنیا* سیاسەت | ن: ماجید نور* |
| 24 | گلگامێش | و: ئیدریس شێخ شەرەفە* |
| 25 | جەژن* مەرگ | کەزال ئیبراهیم خدر |
| 26 | شوێنکاتە* یەکەم | ن: موتەڵب عەبدوڵلا |
| 27 | دەرونزاڵ* | و: یوسف عوسمان حەمەد |
| | | |
| 28 | عەلمانیەت* ئەوانء .. | و: ئیسماعیل کوردە |
| 29 | دەسەڵاتء حەقیقەت | و: ئیدریس شێخ شەرەفە* |
| 30 | کۆمەڵناسە* | و: ستار باقە* کەریم |
| 31 | بیرمەندان لەهەزارە* سێیەم رادەمێنن | و: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| 32 | لەهۆرکهایمەرەوە تا هابرماس | و: ئیسماعیل کوردە، جەمال پیرە |



| | | |
|---|---|---|
| 33 | عەلمانیەتء کاریگەریەکانە* | و: جەمال پیرە |
| 34 | خۆرهەڵاتء خۆرئاوا | و: ئاسۆ جەلال |
| 35 | هیگڵ | و: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| 36 | پێکهاتەو راڤە* دەق 1 | و:مەسعودبابایی |
| 37 | لەودیو دەرگا داخراوەکان | ن: ئاریز عەبدوڵلا |
| 38 | قولاپ* ماسە* | و:دلشاد کازم محەمەد |
| 39 | گیروگاز* چەمکە* کۆمەڵە* مەدەنە*2 | و: ئیسماعیل کوردە، نور* بێخاڵ*، ڕەوشت ڕەشید |
| 40 | داستانە* سەفەر | ن: باهۆز مستەفا |
| 41 | ئیسلامء رۆشنگەر* | و: هێمن مەحمود |
| 42 | پێکهاتەوراڤە* دەق 2 | و:مەسعود بابایی |
| 43 | ئاشنابوون بەهیگل | و: ڕێباز مستەفا |
| 44 | ئدۆنیس | و: موتەڵیب عەبدوللا |
| 45 | تەختە* شانۆ | و: کامەران حاجە* ئەلیاس |
| 46 | لەدنیار* شارەوە تا شار* دنیا | و: مەلا رەشاد |
| 47 | بێوار | ن:کامەران مەنتک |
| 48 | ڕێگا* یاخیان | ن: ئاریز عەبدوڵلا |
| 49 | ئیگۆو ئید | و: یوسف عوسمان حەمەد |
| 50 | فەلسەفە* کۆچەر* | و: هەندرێن |
| 51 | رەخنەو ئایدیۆلۆژیا | ن: حەیدەر* حاجە* خدر |
| 52 | کۆمەڵناسە* هاوسەرگیر* | و: ستار باقە* کەریم |
| 53 | چارلە* چاپلن | و: کەمال محەمەد |
| 54 | ئەو گوڵانە* بەلێومانەوە | ئارام قادر |
| 55 | ویستە* هێز یان ویستە* هەقیقەت | و: مەسعود بابایی |
| 56 | پێکهاتەوراڤە* دەق 3 | و:مەسعودبابایی |

| | | |
|---|---|---|
| 57 | ئاومار | ن: شاخەوان مەلا محەمەد |
| 58 | بوک٭ نەورۆز٭ خۆشناو | ت: د. کەمال مەعروف |
| 59 | ئیسلامء عەلمانیەت | و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد |
| 60 | نوسین خۆکوژیەک٭ تەواو نەکراو | و: موتەڵب عەبدوڵلا |
| 61 | موساو یەکتا پەرست٭ | و: محەمەد جەواد مستەفا |
| 62 | ئەهریمەن لەدەرونشیکاریدا | و: ستار باق٭ کەریم |
| 63 | مرۆڤء مشکەکان | و: خالید مورتەزازادە |
| 64 | گوڵنارەکان٭ شوێنپ٭ | ن: هەندرێن |
| 65 | مێژوو٭ رامیار٭ کورد | و: وریا قانع |
| 66 | 955 دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا | ئا: شێرزاد هەین٭ |
| 67 | جیهان٭ لەدەست دەرچوو | و: ئاوات محەمەد |
| 68 | گوڵەستێرەکان ئەکوژێنەوە | کەریم کاکە |
| 69 | هۆلۆکۆست | و: شێرزاد هەین٭ |
| 70 | ولگە٭ سزا | د. ئازاد حەمەشەریف |
| 71 | بەدیار ململانێکانەوە | و: جەمال پیرە |
| 72 | هونەر لە ئامێز٭ مۆزیکدا | ئامانج غاز٭ |
| 73 | ئارەزووە مەزنەکان | و: ئازاد سەید عەبدوڵلا |
| 74 | سیاسەت٭ ئەمریکاو رۆژهەلآت٭ ناوەراست | و: شەفیق٭ حاج٭ خدر |
| 75 | مەیل٭ نەتەوەیی کۆتاییەکان٭ سەدە٭ بیستەم | و: ئیسماعیل کوردە |
| 76 | ئەندێشە٭ شیعریی لە نێوان رێباز٭ کلاسیک٭ء.. | رێزان سالّح مەولود |
| 77 | لە تەلاساز٭ مۆدێرنەوە بۆ تەلارساز٭ پۆست مۆدێرنە | رێبین رەسوڵ ئیسماعیل |



| | | |
|---|---|---|
| 78 | بیبلۆگرافیا٭ سەنتەر٭ نما | ئیسماعیل کوردە |
| 79 | جیهان لەدید٭ کۆشنێر | و: شێرزاد هەین٭ |
| 80 | 1900 تێپەڕیوە | ئیسماعیل کوردە |
| 81 | کوردو ئەرمەن | و: خالید هەرک٭ |
| 82 | هەڵچونێک لە ئاوێنەدا | زرار سەرتاش |
| 83 | وێنەکان٭ لەبەر باران ونکردووە! | ئیسماعیل کوردە |
| 84 | رەخنە٭ پراکتیک٭ | د. ئەبوبەکر خۆشناو |
| 85 | گۆڵەستێرەکان کوژانەوە/3 | کەریم کاکە |
| 86 | باهیرە | و: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل |
| 87 | کوردستان لەسیاسەت٭ هەرێمایەتیدا | د. کامەران مەنتک |
| 88 | ژن لەجیهان٭ ئەدەب٭ شێرزاد حەسەندا | هاوژین حەمەرەشید |
| 89 | لەناو گێژاو٭ سیاسەتدا | ئیسماعیل کوردە |
| 90 | فەرهەنگ٭ مەلیخا | ئومێد شیرکۆ شاکر مجروم |
| 91 | ماچ٭ یەکەم | کەریم کاکە |
| 92 | کوردەکان | و: ئارام ئەمین شوان٭ |
| 93 | کوردستانء کوردەکان | و: خالد هەرک٭ |
| | | |
| | | |

**وەرگێر لەچەند دێرێکدا**



www.serben.com

khalidherki@chello.nl

خالید عومەر میکائیل ناسراو بە ( خالید هەرکی)

- لە پایزی 1954 لە هاوینە هەواری سەلاحەدین ( سەربەن ، پیرمام ) لە دایک بوە .
- خوێندنی سەرەتایی وناوەندیی لە وێ تەواو کردوە بۆ خوێندنی ئامادەیی چۆتە هەولێر وکشتوکالی هەولێری لە خەبات لە 974 – 975 تەواو کردوە .
- لە مایسی 1977 ئەوکاتەی فەرمانبەری بانکی کشتوکالی شەقلاوە بوە بەهۆی ئاشکرا بونی رێکخستنە کانیان دەگیرێ وبە 10 سال زیندانی دەکرێ ماوەی کەمتر لە 3 سال لە



زیندانی ئەبو غرێب دەمێنێتەوە دواتر بەر لێبوردنە گشتیەکەی 979 دەکەوێ .

- دوای ئازاد بونی بۆ چەند ساڵێک رو لە شاخ دەکا ودەبێتە پ.م .
- لە 996 ەوە لە دەرەوەی ولات لە هۆلەندا دەژیێ ، ماوەی 5 ساڵێکە گەراوەتەوە کوردستان .
- باری کۆمەڵایەتیی ، خێزاندارەو خاوەنی 2 کچ و3 کورە .
- یەکەم نوسینی لە 973 بوە لە رۆژنامەی برایەتی و تائێستا دەنوسێ بە چەندین نوسین و وتاری رەخنەو شیکردنەوە بەشداریی لە رۆژنامەگەریی کوردی کردوە لە مالپەرو رۆژنامەکاندا .
- لەبواری چاپکردن دا خاوەنی 4 پەرتوکی وەرگێرانە 1/ مێژوی هاوچەرخ ئەوروپا لە شۆرشی فەرەنسیەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی 2/ بیرەوەریەکانی دیگۆل . 3/ ترۆتسکی . 4/ کوردو ئەرمەن ، پەیوەندیەکانی مێژویی ....... لە ژێرچاپیش پەرتوکی (کوردستان و کورد) ی هەیە .